وەزارەتی رۆشنبیری
حکومەتی هەرێمی کوردستان

لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری
زنجیرە کتێبی ئینستیوتی کەلەپوری کوردستان
( 2 )

# دەروازەیـەك

# بۆ

# بۆتەکانی موزیك

غـەمگین فەرەج

**بڵاوکراوەی وەزارەتی رۆشنبیری**

**زنجیرە کتێبی ئینستیوتی کەلەپوری کوردستان**

( 2 )

**ناوی کتێب:دەروازەیەك بۆ بۆتەکانی موزیك**

**نوسینی:غەمگین فەرەج**

**پێداچوونەوەی: ع.ج.سەگرمە**

**زمانەوانی: تاریق ساڵح قەراجی**

**نەخشەسازی بەرگ:مەریوان سەلیم**

**تابلۆی سەر بەرگ: لەقمان ئەحمەد**

**نەخشەسازی ناوەوە:هەنگاو ئەنوەر شێخانی**

**تایپ:جەلیل عەبدولواحید بۆتانی**

**تایپی نۆتەکان:سەید ئەحمەد رواندزی**

**شنۆ خدر رەسول**

**سەرپەرشتی چاپ:هەنگاو ئەنوەر**

**چاپ: چاپی یەکەم 2005/هەولێر**

**تیراژ:1000 دانە**

**چاپخانەی منارە**

**لە کتێبخانەی گشتی هەولێر ژمارەی سپاردنی (607) ساڵی 2005 دراوەتێ.**

---

ناونیشان : هەولێر ــ گەڕەکی روناکی ــ شەقامی روناکی ــ کۆڵانی ژمارە (342) ــ خانوی ژمارە (13)

تێلفاکس : **2519558**

## پــیــ̌شـــــکەشـــــە بە

.........................

**ئارامگەی دایکی هەمیشە ئازیزم کە لە دوا ساتەکانی ژیانییا نەمتوانی تێر لە ئامێزی بگرم و مەرگی ئەو بووە بە سوێترین خەمی من .**

# ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| • پێشەکی | 13 |
| • سەرەتایەکی مێژوویی | 17 |
| (( بەشی یەکەم )) | |
| • بۆتە و ڕەگەزەکانی | 23 |
| • ڕەگەزەکانی بنیادنانی بۆتەموزیکییەکان | 23 |
| 1. موتـیـڤ | 24 |
| 2. فـیـگۆرا | 29 |
| 3. پـاسـاج | 33 |
| 4. کارکردن لەگەڵ (موتیڤ) | 34 |
| 5. لایت موتیڤ | 43 |
| 6. دووخـانــە | 44 |
| 7. دەستەواژەی موزیکی | 47 |
| 8. درێژکردنەوەی دەستەواژە موزیکییەکان | 51 |
| 9. ڕستە | 54 |
| 10. بەش | 59 |
| 11. جووڵە | 61 |
| 12. کلکە بەش (کۆدا ) | 62 |

## (( بەشی دووەم ))

**یەکەم**

بۆتە بنەڕەتیەکانی موزیك 65

1. دووانی 71

2. سیانی 71

**دووەم**

گرنگی بۆتە 73

1- بۆتەی موزیکی پەیوەست بە بابەتێکەوە. 74

2- بۆتەی موزیکی تەنیا و پوخت 75

أ. گۆرانی ئامێز (لیرکی). 75

1- گۆرانی (ئاینی). 75

2- گۆرانی دنیایی. 76

ب. بۆتەی گۆرانی ئامێزو ئنسترومێنتی 76

ج- بۆتەی ئامێری (ئنسترومێنتی) 77

1. بۆتەی بەش بەش. 77

2. بۆتەی بەیەك گەیشتوو 78

3. بۆتەی موزیکیی پوخت. 78

## ((بەشی سێیەم))

بۆتەکانی موزیکی سەما . 81

1- سویت . 81

2- باڵێ 87

3- گاڤۆت 91

4- ڤاڵس 92

5- تانگۆ 95

6- پۆڵۆنیز 97

7- پۆلکا 98

8- مازورکا 99
9- بالاد 100
10- ساراباند 101


## ((بەشی چوارەم))


یەکەم :. بۆتە گۆرانی ئامێزەکان 105
1- بۆتەی گۆرانی ئاینی:. 106
- موتیت 106
- ماس 108
- سرووده گریگۆرییەکان 110
- ئۆراتۆریۆ 111
2- بۆتەی گۆرانی دنیایی. 113
- گۆرانی میللی 113
- مادریگال 115
- ئاریا 117
- ئایردی کۆر 118
- ئۆپێرا 120
- ئۆپەرێت 125
- گۆرانی کۆڕس و کۆمەڵ ( کۆڕاڵ ) 126

دووەم :. بۆتە گۆرانی ئامێز و ئنسترومێنتییەکان :. 129
1. فۆگە 129
2. مۆنۆفۆنی 132
3. هۆمۆفۆنی 133
4. پۆلۆفۆنی 135

## ((بەشی پێنجەم))


بۆتەکانی موزیکی ئامێری ( ئنسترومێنتی ) 139

أ. بۆتەی پەرتکراو. 139

1- یەك بەشیی 139

2- دوو بەشیی 140

3- ڕۆندۆ 142

4- گۆڕانکاری 144

5- سێ بەشیی 146

6- مەنەوێت 148

7- بۆتە سەربەستەکان 150

- پێشەکی 151

. هۆنراوەی سیمفۆنی 152

ب- بۆتەی بەیەك گەیشتوو 153

1. ئۆڤەر تیوور 153

2. موزیکی ژوور 157

3. مارش 161

4. سۆناتە 163

- سۆناتینا 171


## ((بەشی شەشەم))


بۆتە موزیکییە ئنسترومێنتییە پوختەکان . 175

1- کۆنسەرتۆ . 176

. کۆنسەرتینۆ . 183

. کۆنسەرتۆی گەورە 185

2- سیمفۆنی 186

. فەرهەنگۆکی وشەو زاراوە موزیکییەکان 195

- سەرچاوەکان 221

# وتـەیــەك

ئەمڕۆ كتێبخانەی كوردی و فێرخوازانی كورد ، لە هەر ڕۆژێكی دی زیاتر بە زمانی كوردی پێویستیان بە كتێب و سەرچاوەی زانستییە. پێشكەشكردنی هـەر هاوكارییـەك بـۆ ئـەم بـوارە ، كـارێكی مرۆیـی گەورەیـە . لـەم ڕوانگەیـەوە دەتـوانین بڵێن ئـەم پەرتووكـەی مامۆستا ( غـەمگین فـەرەج ) لـە نێـو كتێبخانـەی كوردییدا گرنگییەكی تایبەتی دەبێ ، چونكە ئاستە زانستییەكەی زۆر بەرزە و یەكـەمین پەرتووكیـشە بـە زمـانی كـوردی لەسـەر بۆتـەكانی مـوزیكی جیهـانی نوسرابێ .

پیرۆزبایی لە گشت موزیكخوازانی كورد دەكەین بۆ ئەم پەرتووكە بەپێزە وە دەست خۆشیش لە مامۆستای بەڕێز دەكەین ، هیواداریـن سەركەوتووبێ .

ع . ج . سـەگـرمـە
مامۆستای یاریدەدەر لە زانكۆی سەلاحەدین/هەولێر
كۆلیجی هونەر ـ بەشی موزیك

# پێشەکی

ڕەنگە هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەو ڕیز بەند کردنی بۆتەکانی موزیك بۆ خۆی کارێکی تا ڕادەیەك گران بێت و ماندووبوون و کاری بەردەوام بخوازێت . بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ فراوانی و چڕی بابەتەکە . باسکردنی شێوازو بۆتە موزیکییەکان و دواتر شرۆڤە کردنیان بابەتێکە هەڵگری ناوەڕۆکێکی فرە قوڵ‌وچڕە . بەهەر حاڵ دەکرێ ئەم هەوڵەی من هەنگاوێکی سەرەتایی بێت بۆناساندنی ئەو شێوازو (بۆتە)موزیکییانەی ،کە بەپێی ڕەوتی سەردەمە موزیکییەکان سەریانهەڵداوەو دواتر بوونەتە بنەمایەکی زیندووی بزوتنەوەی موزیکی جیهانی .

لە ناوەڕۆکی بابەتەکانی ئەم پەرتووکەدا وشەی بۆتە موزیکییەکانمان بەرامبەر (الصیغ والقوالب الموسیقیە) ، کە لە زمانی (عەرەبی) داهاتووە بەکارهێناوە . جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین ،کە وشەی (بۆتە)مان، لە پەرتووکی (بنەماکانی موزیك)ی بەڕێز (ع.ج. سەگرمە)خواستووە ،کە بە وشەیەکی گونجاومان زانی بەرامبەر بە وشەی (فۆڕم) .

لە دەستپێکی پەرتووکەکەدا ، بە کورتە باسێکی مێژووی سەبارەت بە سەرهەڵدان و گەشەسەندنی بۆتەکانی مۆزیك دەستمان پێکردووە . لە ناوەڕۆکدا هەوڵمانداوە دیارترین نموونەکانی بۆتە موزیکییە جیهانییەکان بخرێنە بەر دیدی خوێنەر ، کە بۆ ناساندن‌و شرۆڤە کردنی هەر یەکەیان پشت بە چەند

سەرچاوەیەکی مۆزیکی هەمە چەشن بەستراوە. بۆ هەر یەك لە بۆتەکانی موزیك نموونەیەکی نۆتە بەشێوەیەکی ئاسان پیشان دراوە ، کە زۆرینەی نۆتەکان لە تەنیا هێلێکی میلۆدی پێکهاتوون . ئەگەر بەدوا دا چونێك هەبێ لەلایەن خوێنەرەوە بۆ ئەم نموونەی نۆتانە ، ئەوا ڕەنگە تا ڕادەیەك مەودای تێگەیشتن و ئاشنابوون بە ناوەڕۆکی بابەتەکە لای والأتر بکات .

بەگشتی ناوەڕۆك و بابەتەکان بەسەر (شەش) بەش دابەش بووە . لە بەشی یەکەمدا ، بابەتەکان زیاتر ناساندن و خوێندنەوەیەکی خێرایە سەبارەت بە ڕەگەزە گرنگ و بنیادنەرەکان ،کە لە داڕشتنی بۆتە موزیکییەکاندا موزیکدانەر بە گرنیگییەکی بەرچاوەوە مامەڵەیان لە تەکدا دەکات ، کە ئەوانیش لە ڕەگەزی (مۆتیڤ) یا بیرۆکەی موزیکی سەرەکییەوە دەست پێدەکەن تا دەگەنە ڕەگەز و یەکە گەورە و فراوانەکانی وەك داڕشتنی (بەش,و جووڵە موزیکییەکان) . لە بەشی دووەمدا ، باس لە بۆتە بنەڕەتیەکانی موزیك کراوە و دواتر باس لە گرنگی بۆتەو فۆرمەلەکردنی بابەتە موزیکییەکان کراوە ، کە لە پاشدا چۆنیەتی دابەشبوونی بۆتەکانی موزیك بەسەر چەند جۆرێکی جیاواز ، کە هەریەك لە شێواز و بۆتەی (موزیکی ئنسترومێنتی)و (موزیکی مرۆیی) دەگرنەوە ، خراوەتە ڕوو .

دواتر لە بەشی سێیەمەوە تا بەشی شەشەم و کۆتایی ، بەپێی ڕیزبەندێك کە جۆری بۆتە موزیکییەکانی تیا دەستنیشان کراوە ، بە شێوەیەکی تەنیا باس لە هەریەك لە بۆتە موزیکییە سەمایی و مرۆیی و ئنسترومێنتییانەکان کراوە ، کە سەرەنجام پێکهاتە و ناوەڕۆکی پەرتووکەکە پێکدێنن. لە باس و شرۆڤەکردنی هەریەك لە بۆتەکانی موزیك زانیاریەکی کورت سەبارەت بە شێوەی داڕشتنی موزیکی هەر یەکێکیان پیشان دراوە . دواجار لە پاش بەشی کۆتایی فەرهەنگۆکێکی سەرەتایی لە وشەو زارەوە موزیکییەکان خراوەتە بەر دیدی خوێنەر، کە زیاتر لە فەرهەنگۆکەدا هەوڵمان داوە بەگشتی نزیکییەك دروست

بکەین ، لەگەڵ بە کوردی کردنی وشە و زارەوەکانی کتێبی (بنەماکانی موزیک)ی بە ڕێز (ع. ج. سەگرمە) ، ئەویش بە ئومێدی بنیادنانی زمانێکی موزیکی کوردی گونجاو و یەکگرتوو بۆ داهاتوو. هەروەها تێکەڵاو نەبوونی هەوڵ و تەقەلاکانی ، کە بۆ ئەو مەبەستە پیادە دەکرێن .

لێرەدا ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبدەین ئەوەیە ، سەرەتای هەوڵدانی من بۆ نووسین و ئامادەکردنی ئەم کتێبە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی (1988–1989) کە پرۆژەی کارەکە نزیکەی (سێ) ساڵی خایاند . ئێستاش پاش ئەو ماوە دوور و درێژە بە پێویستمان زانی جارێکی دی پیاچوونەوەیەکی ورد بە ناوەڕۆکی بابەتەکانی کتێبەکەدا بکەینەوە و بەراووردی بکەین لەگەڵ هەندێك سەرچاوە ، کە باس لە هەمان بابەت دەکەن . پاشان گونجاندنی لەگەڵ زمانی نووسینی ئەمڕۆ، تا سەرنجام بتوانین سەرچاوەیەکی موزیکی بچووك پێشکەش بەکتێبخانەی موزیکی کوردی بکەین خۆشبختانە پاش هەوڵ و ماندوو بونێکی زۆر بەپێی ئەو سەرچاوانەی ،کە سوودم لێ وەرگرتوون و دواتر بەپێی خوێندنەوەی خۆم بۆ بابەتەکان ، تا ڕادەیەك توانیم ناوەڕۆك و بابەتەکانی کتێبەکە بگەینمە ئاستێکی شیاوتر بۆ بڵاوکردنەوە .

خوێنەری ئازیز ، وەك لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێدا ئەم هەوڵە هەنگاوێکی سەرەتاییە سەبارەت بە بۆتە موزیکییەکان ، جێی گومانیش نییە ،کە ئەم بابەتە بابەتێکی تاڕادەیەکی زۆر چڕو زانستییە لە دنیای موزیکیدا . لێرەدا هەوڵ دراوە نمایشێکی خێرای بابەتەکان بکەین ، پێم وایە پێشتر سەرچاوەیەك بە زمانی کوردی نەبووە تیشك بخاتە سەر ئەم بابەتە ، لە کاتێکا باس و نووسین لەسەر بۆتە موزیکییەکان بە زمانی کوردی ڕەنگە گرنگیەکی بەرچاوی هەبێت ، بەتایبەتی بۆ قوتابییان و خوێندکارانی موزیك ، بۆیە هەر لێرەوە دەکرێ ئەم کتێبە ببێتە سەرچاوەیەکی سوودمەند بۆیان .

لێرەدا جێی خۆیەتی سوپاس و پێزانینی خۆم بۆ هاوڕێی ئازیزم (ع.ج. سەگرمە)دەربڕم ،کە بەڕاستی زۆر هاندەرم بوو بۆ گەڕانەوەوکارکردن و پیاچوونەوەم بۆ ئەم پەرتووکە ،کە تەمەنی نووسین و ئامادەکردنی دەگەڕێتەوە بۆ (15) ساڵ بەر لە ئێستا .

سوپاس و خۆشەویستیم بۆ مامۆستای هێژام (سەلاّح رەوف)، کە لە سەردەمی نووسین و ئامادە کردنی زۆر هاوکاری کردم ، جێگەی ڕێزو ستایشە . دواتر سوپاس و خۆشەویستیم بۆ هاوڕێ (فەرهاد محەمەد ساڵح) و هاوسەری ئازیزم (دالیا لەتیف) کە هەر ئەو کاتانە لە پاکنووسی کتێبەکە و نووسینەوەی نموونەی نۆتەکان ئەرکێکی زۆریان کێشا .

لە دوایدا بەهیوام ئەم سەرچاوەیە ببێتە هۆکارێك بۆ زیاتر ئاشنابوونی خوێنەری کورد بە دنیای ئەفسوناوی و پڕ لە جوانی موزیك و تا ڕادەیەکیش فراوانبوونی ئاستی ڕۆشنبیری موزیکی لەلایان .

بە هیوام بەم هەوڵە سەرەتاییە توانیبێتم خزمەتێکی بچووکی کتێبخانەی موزیکی کوردی و موزیککارانی کوردم کردبێ ..... سوپاس .

غەمگین فەرەج

سوید ـ ئوپسالا.

2005

# سەرەتایەکی مێژوویی

بە پێی سەرجەم سەرچاوەکان ، سەرەتاکانی سەر هەڵدانی بۆتە موزیکییەکان دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغە سەرەتاییەکان ، کە زیاتر بۆ چوونەکان ئەم سەرەتایە دەگەڕێننەوە بۆ سەدەی یەکەمی زاینی تا سەدەی شازدەیەم و بەرەو دوا . لەو ناوەندە مێژووییە درێژخایەنەدا زۆرینەی بۆتە موزیکییەکان سەریان هەڵداوەو بەهۆی کارکردنی پڕ لەکارایی و سەلیقەی موزیککارە جیهانییەکانی سەردەمە جیاجیاکانەوە هەردەم لە گەشەسەندن و برەودانی بەردەوام دا بوون . پاشان وەك چۆن سەرەتاکانی سەر هەڵدانی هونەری موزیك دەگەڕێتەوە بۆ (دەنگی مرۆڤ) بە هەمان شێوە بۆتە موزیکییە سەرەتاییەکان ، بریتی بووە لە کۆمەڵێك بۆتەو و شێوازی گۆرانی ئامێز (لیریکی) کە سەرجەم ئەم بۆتانە گوزارشتێکی ڕاستەوخۆی لە ژیان و فەرهەنگ و بۆنە ئاینی و تایبەتیەکانی مرۆڤی ئەو سەردەمانە ، لە ڕێگەی چەندین بۆتەی (لیریکی)یەوە کردووە . لێرەدا دەکرێ ئاماژە بەهەندێك لەو بۆتە لیریکییە سەرەتاییانە بدرێت بۆ نموونە:-

گۆرانییە سەرەتاییەکانی گروپی (ترۆبادۆر)ی فەرەنسی ، یاخود سروودە گریگۆرییەکانی قەشە(گریگۆر) دواتر سەرهەڵدانی چەندین جۆر لە سەمای میللی، کە هەر یەك لەم سەمایانە بەڕەزم و جووڵەی جیاواز بە هاوبەشی ئنسترومێنتە موزیکییە سەرەتاییەکان ، بەتایبەت ئنسترومێنتە ڕیتمیەکان نمایش دەکرا ، بووە سەرەتایەکی تر بۆ برەو دان بە بۆتە سەرەتاییەکانی موزیك

. دواتر چەندین نموونەی ڕەنگاو ڕەنگ لە بۆتەی (لیریکی) سەری هەڵدا ، وەك جۆرەكانی (گۆرانی میللی، ئاریا، ئاریۆسۆ، مادریگال، کانتاتا، موتیت، ئانسم،... هتد) . هاوکات چەندین جۆر لە موزیکی سەمایی وەك (گۆتا، بالاد، فاندنگۆ، ڤاڵس.....تادوایی) کە ئەم شێوازانە لە ناو میللەت و کۆمەڵگەی جیاجیا سەریانهەڵداو بوونە بنەمایەکی ڕەسەن بۆ بۆتە و شێوازە موزیکییەکان . وەك ئاشکرایە شێوەی بونیادنانی ئەم بۆتە و شێوازە موزیکییە سەرەتاییانە بە گشتی شێوەیەکی ساناى هەبووە ، بەتایبەتی لە ڕووی میلۆدییەوە ، کە زیاتر لە هێلێکی میلۆدی ئاسۆیی پێکهاتوون . بەڵام لە سەرەتاکانی سەدەی(پازدەیەم و شازدەیەم)ەوە ، پێکهاتەی میلۆدییەکان گۆڕانی فراوانی بە سەردا هات ، بە تایبەتی بۆتەی گۆرانی ئامێزو ئەو موزیکەی ، کە بۆی دروست دەکرا . بۆیە پاش فراوانبوونی پێکهاتەی بۆتە سادەکانی وەك (کانزونتی) و(کانتاتا) چەندین ڕێچکە و ڕێبازی بنیادنانی موزیکی جۆراو جۆر سەری هەڵدا ، وەك جۆرەکانی: (پۆلۆفۆنی)، بە واتای تێکهەڵکێش بوونی کۆمەڵێ ڕستەی موزیکی لە یەك ساتدا . شێوازی (کۆنتراپۆینت) واتا بەرەنگار بوونەوەی دەنگ و میلۆدییەکان بەرامبەر یەکدی یا بە هارمۆنی کردنی دەنگ و میلۆدییەکان ، کە سەرهەڵدانی ئەم ڕێچکەو شێوازی داڕشتنە دواتر بووە هۆی سەرهەڵدانی بۆتە گۆرانی ئامێزەکانی وەك:(ئۆراتۆریۆ ـ Oratorio)،(ئۆپێرا ـ Opera) و گۆرانی بە کۆمەڵ (کۆڕاڵ ـ Chorale) . دواتر هەر لە سەرەتاکانی سەدەی (حەڤدەیەم)و تا سەدەی (هەژدەیەم) موزیکزانەکانی ئەو سەردەمانە لە بیری ئەوەدا بوون ،کە هونەری موزیك وەك بابەتێکی تەنیا بێتە نمایشکردن . دیارە لە سەرەتاکاندا بۆتە موزکییە ساکارەکانی وەك (ئۆرگانۆم)و (دیکسانت) پەیدا بوو بوون . بەڵام دواتر پاش پەرەسەندن و جۆراوجۆربوونی ئنسترومێنتە موزیکییەکان و سەرهەڵدانی گروپی موزیکی پڕ لە ئەنسترومێنتە موزکییەکان و پەیدا بوونی چەندین تیۆر و تەکنیکی موزیکژەنی تایبەت بە ئەنسترومێنتە موزیکییەکان

سەريانهەڵداو هەر لە چاخەكانی (ڕكۆكۆ) دواتر(باروك) تا چاخەكانی دوای بۆتە و شێوازە موزكييەكان بە خێراييەكی بەرچاو گەشەيان سەند و لە ئاكامدا چەندين بۆتەی موزيكيی جۆراو جۆری وەك شێواز و بۆتەكانی (سويت، سۆناتە، سيمفۆنی)...هتد، بوونە هۆی سەرهەڵدانی جيهانێكی بەرفراوانی موزيك ، كە سەرجەم بنەما و پرنسيپە زانستی و ئەكاديمييەكانی بنيادنانی موزيكی لە خۆ گرتبوو . ئاشكرايە لە پشت ئەم گەشە سەندنە فراوانەی هونەری موزيكی جيهانييەوە چەندين بليمەت و موزيكزانی بە توانا هەبوون كە بەپێی چاخ و سەردەمە موزيكييە يەك بەدوا يەكەكاندا بە شێوەيەكی زۆر فراوان برەويان بە سەرجەم بۆتە موزيكييەكان داوە . بە شێوەيەك موزيكی هەر سەردەمە و هەڵگری تايبەتمەندی خۆی بووە ، لە گەڵ گۆڕانكاری و بەرەو پێشچوونە كۆمەڵايەتی و شارستانيەكانی ئەو چاخ و سەردەمانەدا گونجاوە .

# بەشـــــی یەکـــــەم

# بۆتە و ڕەگەزەکانی

# بۆتە و ڕەگەزەکانی

فۆڕم (بۆتە ـ قالب) ئەو پارچە موزیکانە دەگرێتەوە ، کە لە سەر بنەماو ڕێزمانێکی موزیکی دیاریکراو دەنوسرێن . دەکریٚ بڵێین ئەم ڕێزمانە موزیکییە دیاریکراوە هەر وەك زانستێکی ئەندازەکاری و نەخشەکێشی وایە بۆ بنیادنانی هەر یەك لە بۆتە موزیکییەکان ،ڕوونتر بۆ بنیادنانی هەریەك لە بۆتە موزیکییەکان. موزیککار دەبێت پەیوەست بێت بەو بنەماو ڕێزمانە موزکییانەوە وەك یەکەو ڕەگەزەکانی بنیادنانی بۆتە موزیکییەکان ، کە سەرجەمی بۆتەکان دەگرێتەوە . زۆرجاریش بۆتەیەکی موزیکی تەنیا هەندیٚ جار شێوازێکی گۆرانی ئامێزییان هەیە وەیا زۆرجار موزیکێکی سەماییین یان دەبنە ڕەنگاڵەو تێکەڵن لە سەرجەم ئەو شێوازانەی سەرەوە ، کە دواتر لە ناوەڕۆکی بابەتەکاندا بە پێی جیاوازییان باسی زیاتریان لە سەر دەکەین .

# ڕەگەزەکانی بنیادنانی بۆتە موزیکییەکان

لێرەدا بە پێی ڕیزبەندییەکی گونجاو باس لەو یەکەو ڕەگەزە موزیکییە گرنگانە دەکەین ، کە بۆ بنیادنانی موزیکێك پیادە دەکرێت لەلایەن کۆمپوزیتۆر یاخود موزیکدانەرەوە . ئەم ڕەگەزە موزیکییانە لە ڕیز بوونی چەند دەنگێكو ترپەیەکی ڕیتمییەوە سەرچاوە دەگرن تا دەگەنە یەکە و ڕەگەزە فراوانەکانی وەك (هارمۆنی harmony ) (میلۆدی melody ) (ڕیتم rhythm ). سەر ئەنجام هەریەك لەم ڕەگەزانە بە پێکهێنەرە بنەڕەتییەکانی سەرجەم بابەتە موزیکییەکان دادەنرێن . دواتر ئەو موزیکەی بەپێی پەیرەو کردنی ئەم ڕەگەزە موزیکییانە دەنووسرێت ، دەچێتە خانەی یەکێك لە بۆتە موزیکییەکانەوە ، ئەویش لە پاش هەڵبژاردنی موزیك دانەر بۆ بۆتەیەکی دیاریکراو و پیادە کردنی

یاسا و ڕێساکانی داڕشتنی ئەو بۆتە موزیکییە لە داڕشتنی بۆتە موزیکییەکەدا
.

پێکهاتە و بە دوا یەك هاتنی ڕەگەزەکانی بنیادنانی بۆتە موزکییەکان بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەبێت .

## 1/ مۆتیڤ ( Motive )

(مۆتیڤ) لە بنەڕەتدا لە وشەی ( Motus )ی لاتینیەوە سەرچاوە دەگرێت ، کە بە واتای (ڕەوت) یا (جوولە) دێت . مۆتیڤ لە هونەری موزیك و شێوەکاری و بابەتە ئەدەبییەکاندا بە واتای بیرۆکەی سەرەکیی دێت ، بەو پێیە لە هونەری موزیکدا لە ڕێگەی (مۆتیڤ)ەوە بنەمای داڕشتنی میلۆدییەکان دێتە ئەنجام . کە واتە (مۆتیڤ) ئەو بیرۆکە موزیکییە پوختەیە ، کە لەبەر ڕۆشنایی جوولە دەنگی و ترپە ڕیتمییەکانی ئەوەوە پێشبینی بۆ دانانی ڕستەو میلۆدییە موزیکییەکانی ناو بۆتە موزیکییەکە دەکرێت . ئەوەش لە یاد نەکەین کە ( موتیڤ ) زۆر جار هەڵگری مانایەکی ئەستاتیکییە و گوزارشت لە ساتە وەختێك یان دەربڕینێکی دەروونی دەکات . بابڕوانینە ئەم نموونەیە:-

نـمـونــە : ( 1 )

سیمفۆنیای ژمارە (5) بنهۆڤن- جوولەی یەکەم



لەم نموونەیەدا تەنیا بیرۆکەی سەرەکی واتە (مۆتیڤ)ێك دەبینین ، کە دواتر هەر لەسەر بنەمای ئەم بیرۆکە موزیکییەوە زۆرینەی میلۆدیو ڕستەو دەستەواژە موزیکییەکانی ناو سیمفۆنیاکە سەرچاوە دەگرن ، بە تایبەت لە جووڵەی یەکەمدا . لەم سیمفۆنیایەدا موزیکزانی بلیمەت (بتهۆڤن) دەڵێت:-

(چارەنووس بەم شێوەیە لە دەرگاکەم دەدات) بۆیە ئەو (مۆتیڤ)ەی کاری سیمفۆنیاکەی لەسەر دەنووسرێت ترپە ڕیتمییەکانی ئەو وێنەیەی لە دەرگادانەمان پیشان دەدەن .

(مۆتیڤ) ڕەنگە ڕەگەزێکی بچووك بێت لە ڕەگەزەکانی بنیادانی بابەتە موزیکیەکان ، بەڵام لە ڕێگەی (مۆتیڤ)ەوەیە ، کە دەرگا لە سەرجەم ڕەگەز و یەکە بنیادنەرەکانی تر واڵا دەبێت . (هۆگریمان) تیۆرزانی موزیك دەڵێت:-

(مۆتیڤ بە شێوەیەکی ئاسان و ساکار دروست دەبێت بەڵام بە هەمان ساکاری خۆی ڕوو لە ناوەڕۆکی میلۆدییە فراوانە موزیکییەکان دەکات و دەبێتە بنەما بۆیان) . ئەم بۆچوونەی (هۆگریمان) ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات ، کە (مۆتیڤ) ڕەگەزێکی موزیکی هێندە گرنگە بە شێوەیەکی بەردەوام لە گەڵ هەنگاوەکانی موزیکدانەردا دەڕوات .

ئەم ڕەوتەی (مۆتیڤ) بە ڕەوتی چەند دەنگێکی موزیکی دروست دەبێت کە بەپێی ژمارەی ئەو دەنگە موزیکییانە و هەڵچوون و داچوون و کورتی و درێژییان چەند جۆرێك لە (مۆتیڤ) دروست دەکەن وەك:-

## أ– (مۆتیڤ)ی کورت:

**لە دوو یا سێ دەنگ پێکدێ ، کە کورترین جۆری مۆتیڤە . ئاشکرایە کورتی و بچووکی ئەم جۆرەی (مۆتیڤ)، پەیوەستە بە بەهاو کاتی نۆتەو دەنگە موزیکییەکانەوە . بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم جۆرەی (مۆتیڤ) با بڕوانینە ئەم نمونانە:–**

**نـمـونــە** : ( 2 )

**بە درێژکردنەوەی بەهاو کاتی نۆتەی یەکەم**

**بە دانانی فێرماتا لەسەر نۆتەی یەکەم**




**نـمـونــە** : ( 3 )

**سۆناتای پیانۆ . K.V 283 . مۆتزارت**



## ب– (مۆتیڤ)ی درێژ :

ئەم جۆرە (مۆتیڤ)ە ، لە بیرۆکەیەکی موزیکی پێکهاتووە ، کە لە ڕەوتی چەند یا کۆمەڵە دەنگێکی موزیکی پێکدێت ، لەسەر ڕەوتێکی ڕیتمی جێگیرو زیاتر میلۆدیەکی سەمایی و گۆرانی ئامێز ، کە زۆر جار ئەم جۆرەی مۆتیڤ لە چەند خانەیەکی موزیکی دروست دەبێت .

بڕوانە نـمـونــە : ( 4 )

سیمفۆنیای ژمارە (40) مۆتزارت– جووڵەی یەکەم




## ج– (مۆتیڤ)ی ڕیتمی:

هەندێ جار (مۆتیڤ) لەسەر بنەمای ڕیزبەندی ترپە ڕیتمییەکانی یەکێ لەسەما میللییە جیهانییەکان بنیاد دەنرێت ، بۆیە ، کە گوێ بیستی میلۆدی (مۆتیڤ)ەکە دەبین ، بە ڕوونی ئەو ڕیزبەندە ڕیتمییە دەبیتسین ، کە سەما هەڵگریەتی ، بۆ نموونە ئەگەر میلۆدی (مۆتیڤ)ەکە ،لەسەر بنەمای ڕیتمی (پۆلۆنیز polonaise) دروست بکرێت ، ئەوا ڕاستەوخۆ ڕەوتی نۆتەکانی میلۆدیەکە بەهەمان ڕەوتی ترپە ڕیتمییەکانی ئەو سەمایە دەڕوات . لێرەدا بڕوانە نموونەی ڕەوتی ڕیتمی سەمای پۆڵۆنیز:–

نمـونـــه : ( 5 )

ڕەوتی ڕیتمی سەمای (پۆلۆنیز . polonaise )



د-  هەندێ جار ڕەچاوی جۆرێکی دی لە (مۆتیڤ) دەکەین ، کە ئەم جۆرەیان زیاتر وەکو ترپەیەکی موزیکی پێکهاتوو لە چەند دەنگێکی کەم پیشان دەدرێت  بۆیە زۆرجار کورتی و درێژی بەهای نۆتە و دەنگە موزیکییەکان بە ڕوونی دەبیستین نموونەی ئەم جۆرەی (مۆتیڤ) زیاتر لە کارەکانی موزیکناسی ئەڵمانی (لۆدڤیگ ڤان بیتهۆڤن) و ، دواتر لە کارەکانی سەردەمی (ڕۆمانتیکی)دا دەبیستریت . بڕوانە نموونەکانی خوارەوە:- نمـونـــه : ( 6 )

سیمفۆنیای ژمارە ( 9 ) بیتهۆڤن . جووڵەی دووەم




نمـونـــه : ( 7 )

سیمفۆنیای ژمارە ( 5 ) بیتهۆڤن . جووڵەی یەکەم



## 2/ فێگۆرا ( Figure )

ئەمیش ڕەگەزێکی ترە لە ڕەگەز و یەکە سەرەکییەکانی بنیادنانی ڕستە موزیکییەکان وە سەرنجام بۆتە موزییکەکان ، کە لەناوەڕۆکدا لە زنجیرە دەنگێکی موزیکی ، کە هاوشانی میلۆدییەکی سەرەکی دەکەن و شێوەیەکی ڕیتمیان دەبێت پێکدێت . ئەمیش چەند جۆرێکی جیاوازی هەیە کە ئەمانەن:-

### أ. فێگۆرای هارمۆنی:

بریتییە لە شیتەڵکردن و وردکردنەوەی ئاوێز یاخود چینە دەنگییە هارمۆنییەکان ، کە زیارتر شێویەکی ڕیتمی دەبێت و وەك تیمپۆو پاشینە دەبیسترێت  ئەم شێوەیەی (فێگۆرا) زیاتر لەلای موزیکناسەکانی سەردەمی (کلاسیك Classic ) بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش بەتایبەتی لەشاری (ڤیەننا) بەمەبەستی زیاتر ئاوێتە بوونی میلۆدییەکان و پاشینە (باکگراوند)ە، هارمۆنییەکان بەکارهاتووە . بڕوانە نموونەی (8) کە جۆرێکە لە (فێگۆرای هارومۆنی).

نـمـونــه : ( 8 )

سۆناتای ( دۆ )ی گەورە .DO.M_ مۆتزارت . K.V 545



## ب. فیگۆرای میلۆدی:—

ئەم جۆرەی (فیگۆرا) لە ناوەڕۆکدا بریتییە لە ورد کردنەوەو جارێکی تر نمایشکردنەوەی دەنگ و نۆتە بەهێزەکانی ڕستە میلۆدییەکەو دواتر دروستکردنی ئاوازێکی میلۆدی ڕیتمی لەو دەنگانە ، بە مەبەستی هاوشانی کردنی میلۆدییە سەرەکییەکان . بڕوانە نموونەکەی لای خوارەوە:—

نـمـونــە : ( 9 )

سۆناتینای ژمارە ( 2 ) . مۆتزارت .




## ج . فێگۆرای میلۆدی و هارمۆنی:—

وەك ئاشكرایە ئەم جۆرەیان تێك هەڵكێشی هەردوو جۆرەكەی پێشووترە، كە لەناوەڕكدا بریتییە لە گرێدانی دەنگە بنەڕەتییە هارمۆنییەكان و دەنگە بەهێزە میلۆدیەكانی ئاوازو میلۆدییە سەرەكیەكان ، سەرەنجام دروست بوونی ڕەوتێكی موزیكی نویٚ بۆ هاوشانی كردنی ئاوازو میلۆدییە بنەڕەتیەكان . بڕوانە نموونەكەی لای خوارەوە:—

نـمــونــه : ( 10 )

گۆرانییەکی بیٚ هۆنراوە ( opus 34 ) . مەندیلسۆن .




## د . فیٚگۆرای ڕیتمی:-

ئەم جۆرەیان پیٚکهاتەیەکی ڕیتمی هاوشانی دەبیٚت و دەبیٚتە پاشینەیەکی دیار بۆ ئاوازی میلۆدییە سەرەکییەکان . زیاتر ئەم پیٚکهاتە ڕیتمییە بنەماکەی دەگەڕیٚتەوە بۆ ڕەوتی ڕیتمی یەکیٚك لە سەما میللییە جیهانییەکان . ئەوەی لیٚرەدا گرنگە بزانین (فیٚگۆرای ڕیتمی) جیاوازە لە (مۆتیڤی ڕیتمی)، کە لەمەو بەر وتمان (مۆتیڤی ڕیتمی) دەبیٚتە بنەما بۆ پیٚکهاتەی ڕیتمی لە بیرۆکە سەرەکییەکانی میلۆدییەکاندا ، بەلاٚم (ڤیٚگۆرای ڕیتمی) واتە دروستکردنی شیٚوەیەکی ڕیتمی بۆ هاوشانی کردنی میلۆدییە بنەڕەتییەکان وەك پاشینە . ڕوونتر ئەمیان زیاتر هۆکاریٚکی یاریدەدەرە بۆ بەردەوامی دان بە بنیادە سەرەکییەکانی کارە موزیکیەکە . لیٚرەدا وەك نموونە دەکریٚ ڕەوتی ڕیتمی سەمای( ڤالس . waltz) نموونەیەك لە فیٚگۆرای ڕیتمیمان بداتیٚ:-

نـمــونــه : ( 11 )

ڕەوتی ڕیتمی سەمای ( ڤالس . waltz)



زۆرجار ڕەگەزی (فێگۆرا) دەبێتە پاشینە بۆ دەنگی مرۆیی لە بۆتە گۆرانی ئامێزەکاندا ، گەلێ جاریش دەبێتە پاشینە بۆ موزیکە خالییەکان لە ڕیتم . خۆ گەر بمانەوێت زیاتر ئاشنا بین بە شێوەیەکی (فێگۆرا)وچۆنیەتی ڕیز بەندی دەنگەکانی دەکرێت بڕوانینە ڕاهێنانە موزیکییە پراکتییەکان( Etude ) کە نموونەی (فێگۆرا)ی زۆر تیادایە . نـمـونــه : ( 12 )

ڕاهێنانی ژمارە (7) . op.20H.kayser




## 3/پاساج ( Passage )

ڕەگەزێکی ترە لە ڕەگەزە بنیادنەرەکانی بنەما و بابەتە موزیکییەکان لە چوار چێوەی بۆتە موزیکییەکان دا . ( پاساج ) وەك هاوکارێکی ڕەگەزی (فێگۆڕا) ناسراوە بۆیە ئەم ڕەگەزە لە ناوەڕۆکدا لە پێکهاتەکەی (فێگۆرا) نزیکە لە ڕەگەزی (پاساج)دا بازدان و تێپەڕبوونی دەنگەکان دەبیستین و تا ڕادەیەکی زۆر دەنگ‌و نۆتە موزیکییەکان لە چوار چێوەی ترپەی کاتی دەنگەکاندا دووپات بوونەوەیان تیا ڕەچاو ناکرێ ،واتە دەنگەکان بەشێوەیەکی بەردەوام لە گۆڕان دا دەبن . هەر بۆیە(پاساج) شێوەیەکی بەرفراوان تری لە(فێگۆڕا)هەیە ، وە گەلێ جاریش بە ڕەگەزی (پاساج) دەوترێ (فێگۆرای تێپەر) . لە بەر هەندێ دەکرێت بڵێین (پاساج) فراوان بوونی (فێگۆرا) یە ،بە پەیوەست بوون بە ڕەوتێکی ڕیتمی

دیاریکراو و تێپەڕ بوون‌و کشانی دەنگەکانی بە شێوازێکی گونجاو و هاوشان بۆ میلۆدییە بنەڕەتی و سەرەکییەکان . بڕوانە نموونەیەك لە (پاساج) .

نــمــونـــه :( 13 )

ڕاهێنانی ژمارە (4)( Etude.4 ) . op.10 فریدریك شۆپان




## 4/ کارکردن لە گەڵ مۆتیڤ :.

ئاشکرایە بۆ برەو دان و بەردەوامبوونی سەرجەم بۆتە موزیکییەکان، کارکردنی زیرەکانەی موزیك دانەر لە تەك (مۆتیڤ)دا ، بەشێوەیەکی بەربلاّو میلۆدی و ڕستە موزیکییەکان فراوانتر دەکات . لەسەر بنەمای بیرۆکە موزیکییە سەرەکییەکەوە دەکرێ ڕستە موزیکییە نوێیەکان دابڕێژرێت. مەبەست لێرەدا ئەو شێوەی کارکردنەیە ، کە لەگەڵ (مۆتیڤ)ەکەدا دەکرێت ، دیارە شێوەی کارکردن لەگەڵمۆتیڤ بە چەند جۆرێك دەبێ کە ئەمانەن :.

## یەکەم : گۆڕینی بەهای کاتی نۆتەکانی (مۆتیڤ)

ئەمیش بە دوو ڕێگا دەبێت:.

أ . فرەبوونەوە ( Augmentation ):-

ئەمە لە ڕێگەی گۆڕینێکی ڕاستەوخۆی بەهای کاتیی نۆتە و دەنگە موزیکییەکانی(مۆتیڤ)ە کەیە ، بۆ دوو ئەوەندەی کاتی بنچینەیی . بۆ نموونە (گۆڕینی نۆتەی نوار بۆ بلانش) کەواتە بەم پێیە لەسەر بنەمای درێژ تر بوونی کات و بەهای نۆتە موزیکییەکان ئەم گۆڕانە ئەنجام دەدرێت . لە نموونەکانی خوارەوەدا ئەم جۆرە گۆڕینەی (مۆتیڤ) ئاشکرا تر ئەبینین .

نــمــونــه : ( 14 ) A

سیمفۆنیای ژمارە (2) بوردین . (مۆتیڤ) لە بەشی یەکەمدا .



نــمــونــه : ( 14 ) B

هەمان نموونەی پێشوو پاش فرەبوونەوەی (مۆتیڤ) .



## ب . کەمبوونەوە ( Diminution ):

بە پێچەوانەی (فرەبوونەوە)یە ، لێرەدا بەهای کاتی نۆتە و دەنگە موزیکییەکانی (مۆتیڤ)ە کە ، بەرێژەی نیوەی کاتی خۆیان کەم دەبنەوە . ڕوونتر بڵێن (بلانش دەبێتە نوار) بەو شێوەیە ، گەر جۆرێکی تر بێت لەکاتەکانی نۆتە موزیکییەکان بەهەمان شێوە کورت دەبێتەوە .

بڕوانە نموونەکانی خوارەوە:-

نـمـونـە ( 15 ) A

فۆگا( پەیژەی ڕێی بچووکی هارمۆنی . Re. m . h )(مۆتیڤ) – باخ




نـمـونـە ( 15 ) B

هەمان نموونەی پێشوو پاش گۆڕینی نیوەی (مۆتیڤ) ەکە .



## دووەم/ لاسایکردنەوە ( Imitation )

ئەمیش شێوەیەکە لە شێوەکانی کارکردن لەگەڵ ڕەگەزی (مۆتیڤ ) . کە لە ناوەڕۆکدا بریتییە لە مۆتیڤ یاخود بیرۆکە موزیکییە سەرەکییەکە لە ئۆکتاڤێکی دەنگیی تردا ، پاش نمایش بوونی (مۆتیڤ)ەکە، لە نێوەندی میلۆدییە موزیکییە سەرەتاییەکاندا . زۆرجار لە ڕێگەی ئەم شێوەیەی کارکردن لەگەڵ (مۆتیڤ) ڕستە موزیکییەکان فراوانتر و ڕەنگاو ڕەنگتر ئەبن . بەتایبەتی کاتێك ڕێساکانی زانستی (کۆنتراپۆینت counterpoint ) دەکرێنە بنەمای ئەم شێوە کار کردنە لەتەك ڕەگەزی (مۆتیڤ). ئەم شێوەیەی کارکردن لەگەڵ (مۆتیڤ) دوو جۆری سەرەکی هەیە کە ئەمانەن:-

### 1- شێوەی توند و تیژ و ڕاستەوخۆ:-

ئەم شێوە کارکردنە لەکاتێکادایە ،کە ڕاستەوخۆ بەبێ هیچ گۆڕانکارییەك ئاوازی (مۆتیڤ)ی، سەرەکی لە ئۆکتاڤێکی دەنگی تردا دووبارە دەکرێتەوە . بڕوانە نمونەکانی خوارەوە :.

نمونە ( 16 ) A

کۆنسەرتۆی ڤیۆلین(پەیژەی سۆڵی بچووك Sol.m) یۆهان سبستیان باخ



نـمـونـه ( 16 ) B

هەمان نموونەی پێشوو پاش لاسایی کردنەوەی ڕاستەوخۆی ( مۆتیڤە )ەکە .




## 2- لاساییکردنەوەی سەربەست (ئامیتێیشنی سەربەست).

لەم شێوەیەدا (مۆتیڤ)ی سەرەکی ، بەهەمان شێوەی پێشوو دووپات دەکرێتەوە ، بەڵام بە شێوەیەکی سەربەست و زیادکردنی نۆتەی تر بۆ ئاوازی (مۆتیڤ)ەکەو تا ڕادەیەك فراوان بوونی . لەم جۆرەدا زۆرجار ڕەنگە گۆڕان بەسەر ڕەوتی ڕیتمی ئاوازەکەدا بێت . بڕوانە نموونەکانی خوارەوە:-

نـمـونـه ( 17 ) A

سیمفۆنیای ژمارە ( 5 ) بتهۆڤن – (مۆتیڤ)



نـمـونـه ( 17 ) B

هەمان نموونەی پێشوو پاش لاساییکردنەوەی سەربەست لە (مۆتیڤ)ەکەدا



## سێیەم : گۆڕانکاری ( Variation )

شێوەیەکی دی لە شێوەکانی کارکردن لەگەڵ ڕەگەزی مۆتیڤ شێوەی بەربلاوی گۆڕانکارییە ، کە لەم شێوە کارکردنەدا بیرۆکەی موزیکی سەرەکی یا (مۆتیڤ)لە ڕێگەی زیادکردنی دەنگە موزیکییەکان(نەخشەکان . Ornaments) و هەندێك جار لاسەنگ بوونی ڕیتم ( Scwanse )و بیرۆکە موزیکییەکە گۆڕانی بەسەردا دێت . بەڵام ئاوازی (مۆتیڤ)ە سەرەکییەکە ون نابێت و بە ڕوونی لەم شێوەیەدا دەبیسترێت . ئەم شێوە کارکردنەی (مۆتیڤ) دەبێتە هۆی درێژبوونەوەو کشانی ڕستە موزیکییەکان و سەرەنجام شێواز و بۆتە موزیکییەکە . لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بدەین ، کە هەر ئەم شێوەی کارکردنەی (مۆتیڤ)ە ، دواتر بووەتە بۆتەیەکی موزیکی سەربەخۆ . بڕوانە نموونەکانی خوارەوە شێوەی گۆڕانکاری . نـمـونــە (18) A

**کەرنەڤاڵی ڤینیسیا – باگانینی – پێش جۆراوجۆرکردن و گۆڕانکاری**




نـمـونــە (18) B

**هەمان نموونەی پێشوو پاش جۆرا و جۆرکردن و گۆڕانکاری**



## چوارەم/ فراوانکردن:.

**شێوەیەکی تری کارکردنە لەگەڵ (مۆتیڤ)، کە مەودای میلۆدی و ئاوازی بیرۆکەی موزیکی سەرەکی فراوانتر دەکرێت ، لە ڕێگەی زیادکردن و پێکەوە لکاندنی چەند دەنگێکی نوێ بۆ (مۆتیڤ)ەکە . هەندێ جار دەکەونە پێش (مۆتیڤ)ەکە ، وە هەندێ جاریش لەپاش (مۆتیڤ)ەکە دێن ، ژمارەیان لەچەند دانەیەك تێپەڕ ناکات . دەکرێ شێوەی (فراوانکردن) هەمان ئەو پرۆسێسی کارکردنە بێت ، کە لە دروستکردنی ڕەگەزی (درێژ کردنەوەی دەستەواژە موزیکییەکان)دا پیادە دەکرێت بەلاَم ئەمیان شێوەیەکی کورتری هەیە . بڕوانە نموونەکانی لای خوارەوە**

**نـمـونـە ( 19 ) A**

**سیمفۆنیای ژمارە (5) بتهۆڤن – جوولەی یەکەم (مۆتیڤ)**



**نـمـونـە ( 19 ) B**

**هەمان نموونەی پێشوو پاش (فراوانکردن)**



# پێنجەم/ دابەشکردن

جۆرێکی تری کارکردنە لەگەڵ (مۆتیڤ) ، کە لە ناوەڕۆکدا بریتییە لە وەرگرتنی چەند دەنگێکی (مۆتیڤ)ە سەرەکییەکە و بنیادنانی ئاواز و میلۆدی بە ڕەوتی ئەو دەنگە موزیکییانەی ، کە لە (مۆتیڤ)ەکە وەرگیراوە ، بەو پێیەی تا ڕادەیەکی زۆر بە ئاشکرا ڕەوتی ئەو دەنگە وەرگیراوانەی (مۆتیڤ)ەکە، لە ناو ئاوازە نوێکاندا دەبیستین . دابەشبوونی ئەو دەنگە وەرگیراوانە سەرەنجام دەبنە هۆی سەرهەڵدانی چەندین ئاواز و میلۆدی نوێ لە ناوەڕۆکی فۆڕم و بۆتە موزیکییەکەدا.... بڕوانە نموونەکانی خوارەوە .

نـمـونـە ( 20 ) A

سیمفۆنیای ژمارە (40) مۆتزارت – جووڵەی یەکەم (مۆتیڤ).




نـمـونـە (20) B

هەمان نموونەی پێشوو پاش دابەش بوونی چەند دەنگێکی (مۆتیڤ)ەکە.



# شەشەم : – بچووككردنەوە

ئەم شێوەیەی كاركردن لەگەڵ (مۆتیڤ) ناوەڕۆكەكەی كورتكردنەوەو بچووككردنەوەی ئاوازی (مۆتیڤ)كەیە . لە ڕێگەی كەمكردنەوەی بەهای كاتی نۆتە و دەنگە موزیكییەكان بچووك بوونەوەیەك بەسەر ئاوازی سەرەكی (مۆتیڤ)كەدا دێت ڕەنگە هەندێك جار ڕەوتی ڕیتمی ئاوازی میلۆدییەكەش گۆڕانی بەسەردا بێت . ئەو میلۆدی و ئاوازە نوێیانەی ، كە لە ڕێگەی شێوەی كاركردنی (بچووككردنەوە) دروست دەبن ، بەردەوام ڕەوتی دەنگی و موزیكی (مۆتیڤ)ە ، سەرەكییەكەیان پێوە دیارە . بڕوانە نموونەكانی خوارەوە:.

نـمـونــه ( 21) A

سیمفۆنیای (40) مۆتزارت – جووڵەی یەكەم (مۆتیڤ).




نـمـونــه (21) B

هەمان نموونەی پێشوو پاش بچوككردنەوەی ( مۆتێڤ )ەكە .



## 5/ لایت مۆتیڤ (Light Motive)

ڕەگەزێکی بنیادنەری بۆتە موزیکییەکان لە درێژکردنەوە و فراوانبوونی ئاوازی یەکێك لە مۆتیڤەکانی ناو کارە موزیکییەکە پێکدێ ، کە زیاتر لە کارە ئۆپێرایی و موزیکییە پرۆگرامییەکاندا دیارە . لە سەدەی نۆزدەیەمیش بە شێوەیەکی بەربلاو لە پرۆسێسی موزیك داناندا گرنگی بە بەکارهێنانی دراوە . دیارە لەسەدەکانی پێشوو تریشدا بەکارهاتووە ، بەڵام بەشێوەیەکی کەمتر. (لایت مۆتیڤ)، بریتییە لە بیرۆکەیەکی موزیکی دیاری کراو، کە دەبێتە پێناس بۆ کەسایەتییەکی ناو کارێکی ئۆپێرایی یان ئۆپەرێت ، یاخود زۆرجار گوزارشت لە ساتە وەختێك دەکات لەناو کارێکی موزیکیدا ، بەتایبەت ئەو کارە موزیکییانەی ، کە لە بنیادنانیاندا خەیاڵو فانتازیایەکی قووڵی موزیکدارانەی لە پشتەوەیە .

لە ڕووی پێکهاتنەوە (لایت مۆتیڤ) لە چەند خانە یان مازۆرێکی موزیکی پێك دێت ، کە بەردەوام لە ئاوازو ڕیتمی جێگیرو نەگۆڕدا دەبێت و شێوەیەکی ئاسانی دەبێت . بەخێرایی دەگاتە گوێگر، ڕەنگە لە زۆر لە بۆتە موزیکییەکان ڕەگەزی (لایت مۆتیڤ) وەك ڕەگەزێکی داڕشتنی موزیکی بەکار نەهێنرێت ، کە ناوەڕۆکی بۆتە موزیکییەکە دەست نیشان دەکات . بەڵام لەگەڵ ئەمشدا (لایت مۆتیڤ)، بۆ فراوان بوون و ڕەنگاڵەکردنی زۆربەی بۆتە موزیکییەکان دەبێتە ڕەگەزێکی پتەو بنیادنەر بەتایبەت لە بۆتە گۆرانی (لیرکی) ئامێزەکانی وەك (ئۆپێرا– ئۆراتوریۆ – ئۆپەرێت...هتد) بڕوانە نموونەکەی خوارەوە:–

نـمـونــه ( 22 )

**ڤیستڤاڵی ئاژەڵان – سانسانز – (لایت مۆتیڤ)ی (ڕێڕۆشتنی کیسەڵ).**




## 6/دووخانه ( Tow Bars )

**(دوو خانه/ fraza )به یەکێك له ڕەگەزه یاریدەدەرەکان دادەنرێت بۆ زیاتر فراوانکردن و درێژەپێدانی ناوەڕۆکی بۆته موزیکییەکان .**

**له دیارترین خەسڵەتەکانی ئەم ڕەگەزه گرنگی دانه بەهێزی ترپەی دەنگه موزیکییەکان ، ئەمیش بەدانانی گوشار(Accent) بۆ هەریەك له دەنگەکانی یەکەمی دوو خانەکه ، خەسلەتێکی تریشی هەیه ئەمیش بوونی پشوویەکی موزیکییه (Rests ) له ترپەی کۆتایی هەموو دوو خانەیەکدا .**

**ڕەگەزی دوو خانه له ڕووی پێکهاتەوه چەند جۆرێکی جیاوازی هەیه له یەکتری که ئەمانەن:–**

### أ– شێوەی دووخانەی ڕاست ڕەوت .

**لەم شێوەیەی (دووخانه)دا ، ڕەچاوی ڕەوتێکی ڕیتمی ڕێك و بیٚ پاش و پێش کەوتن دەکرێت . به ئاشکرا هەموو ئەو خەسڵەتانه دەبیستین ، که پێشتر ئاماژەی پێدراوه . بڕوانه نموونەی ( 23 ):.**

نـمـونــه ( 23 )

سۆناتای پیانۆ – مۆتزارت (K.V.545 ) – بەشی یەکەم




## ب–شێوەی دووخانەی ڕێکخراو:–

جۆرێکی ترە لە جۆرەکانی ڕەگەزی (دووخانە)، کە لەم جۆرەیاندا بە پێچەوانەی جۆرەکەی پێشووتر ، زۆربەی جار ڕەچاوی پاش و پێش کەوتنی ریتم دەکرێت و تا ڕادەیەك پشووە موزیکییەکان لەجێی خۆیاندا نابن و ڕەوتی ترپەو دەنگە موزیکیەکانیش تا ڕادەیەك ئاڵۆز تر دەبن .

بڕوانە نـمـونــه ( 24 ) :.

سۆناتای پیانۆ ژمارە (3) بتهۆڤن-2- OP




## ج– تێکەڵ لەهەردوو شێوەی پێشوو :.

بریتییە لە تێ هەڵکێش کردنی هەردوو جۆرەکەی پێشوو ئەویش (دوو خانەی ڕاست ڕەوت و دووخانەی ریکخراو)ە ، کە بەئاشکرا خەسڵەتەکانیان دەبیسین . بڕوانە نموونەکانی خوارەوە:–

نـمـونــه ( 25 )

سۆناتای پیانۆ – بیتهۆڤن . OP.49. بەشی دووەم




هەندێ جار لە ناوەڕۆکی ئاواز و میلۆدییەکاندا چوارخانەی خێرا بەکاردێت و تا ڕادەیەك هەمان ڕۆڵی ڕەگەزی (دووخانە) دەبینێت ، بۆیە لە زۆربەی شاکارە موزیکییەکاندا ، کە گوێ بیستی ئەم جۆرە چوارخانە خێرایانە دەبین وا هەست دەکەین ، کە دوو خانە دەبیستین . دیارترین خەسڵەتی ئەم چوار خانەیە پشت بەستنە بە کەوانی لکان . بڕوانە نموونەکەی لای خوارەوە:

نـمـونــه ( 26 )

سۆناتای پیانۆ ژمارە (2) بیتهۆڤن . OP.10. بەشی دووەم .




هەندێ جار لە ڕێی زیادکردنی مازۆریکی تر ڕەگەزی (دووخانە) فراوانتر دەبێت و دەبێتە سێ خانە وە بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ ڕەگەزی (دووخانە)دا بەکار دەهێنرێت . سەرەنجام لە فراوانتر بوونی میلۆدییەکانی ناو بۆتە موزیکییەکەدا ڕۆڵی خۆی دەبێت . لێرەدا دەکرێ ئاماژە بە سەلیقەی موزیکییانەی موزیکناسی بلیمەتی ئەڵمانی (لۆدڤیگ ڤان بیتهۆڤن) بدەین لە بەکارهێنانی ڕەگەزی (سێ خانە) هاوکات لەگەڵ ڕەگەزی (دووخانە)ش . بۆیە ئەگەر بڕوانینە سیمفۆنیای ژمارە (9)ی موزیکناسی ناوبراو بەتایبەت جووڵەی سێیەم ( Scherzo ) دەبینین ، کە هەردوو ڕەگەزی دووخانە و سێ خانە لە بنیادی ئاوازەکانیدا زۆر کاریگەرن .

لێرەدا بۆ زیاتر ناسینی ڕەگەزی (سێ خانە)، دەکرێ بڕوانینە یەکێك لە شاکارەکانی (مۆتزارت) ، کە ڕەنگە نموویەکی تا ڕادەیەك ڕوون بێت:–

نـمـونــە (27)

سیمفۆنیای ژمارە (40) مۆتزارت – جووڵەی سێیەم .




## 7/ دەستەواژەی موزیکی

یەکێکە لە ڕەگەزو یەکە گرنگ و بنیادنەرەکانی پرۆسێسی نەخشەکێشان و بنیادنانی ئاوازەکان لە ناوەڕۆکی بۆتەکاندا . ڕەنگە زۆر بەساکاری نەتوانین پێناسەیەکی تەواوی دەستەواژە موزیکیەکان بکەین ، بەڵام ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیە ، کە لە ڕێگەی کۆبوونەوەو پێکەوە لکاندنی دەستەواژە موزیکییەکانەوەیە ،کە ڕستە فراوانە موزیکییەکان دروست دەبن . ئەگەر بەراوردێك لە نێوان ڕستەی ئاخافتنی ئاسایی و ڕستە موزیکییەکان بکەین و ڕوونتر لە دەستەواژە موزیکییەکان بگەین ، ئەوا زۆرجار دەستەواژە موزیکیەکان جێگەی ڕستەی پرسیار دەگرنەوە لە دوو تۆیی ڕستە موزیکیەکان دا ، کە دەکرێت لە ڕێگەی شوێنی پشوودان و کاتی هەناسە وەرگرتنەوە دەسپێك و کۆتایی دەستەواژە موزیکییەکان دەست نیشان بکەین .

دەستەواژە موزیکییەکان ، لە ناوەڕۆکدا بریتین لە پێکەوە بەستنی چەند خانە یاخود مازۆری موزیکی ، کە ژمارەیان لە دوو مازۆرەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە شەش خانە و هەندێك جار زیاتر لە شەش خانەش ، کە ئەم جۆرە

دەستەواژانە لە کارە موزیکییەکانی موزیکناسەکانی وەك (هایدن)و (برامز)دا بە ڕوونی دەبینین . جۆری دەستەواژە موزیکییەکان بە پێی ژمارەی مازۆرەکانی دەستەواژە موزیکییەکە دەستنیشان دەکرێت . وە هەر یەك لە دەستەواژە موزیکییەکان بە جۆرێك لە جۆرەکانی بە کۆتاهاتنی موزیکییەکانی واتە (Cadence) کۆتایی پیٚ دێت . ئاشکرایە ئەو کۆتایی هاتنە موزیکییانەش چەند جۆرێکیان هەیە ، کە ئەمانەن:-

( کەدەنسەی تەواو - کەدەنسەی ئاینی - کەدەنسەی ناتەواو- کەدەنسەی کتوپڕ)، کە دیارە ئەمانە جۆرە سەرەکیەکانی کەدەنسە یاخود بە کۆتاهاتنە موزیکییەکانن .

دانانی هەر یەك لەم جۆرانەی کەدەنسە لە کۆتایی دەستەواژە موزیکیەکاندا بەپێی شوێن و شێوەی دەستەواژە موزیکییەکە دادەنرێت . بەم پێیە کاتێك دەستەواژە موزیکییەکە بووە سەرەتا بۆ ڕستەیەکی موزیکیی، ئەوا دەکرێت زیاتر ئەو جۆرانەی کەدەنسە کاری پێبکرێت ، کە جۆرێك لە بەردەوامی پیشان دەدات وەك: جۆرەکانی (کەدەنسەی ناتەواو) یاخود (کەدەنسەی کتوپڕ) ئەمیش لەبەر ئەوەی ، کە دەستەواژە موزیکییەکە نیوەی یەکەمی ڕستەیەکی موزیکی پێك دێنێت ، واتە ناگاتە کۆتایی ڕستە موزیکییەکە . بە پێچەوانەشەوە کاتێك دەستەواژە موزیکییەکە دەبێتە نیوەی دووەم و کۆتایی ڕستە موزیکییەکە ، دەبێت کەدەنسەیەکی تەواوی بۆ دابنرێت ، کە ڕاستەوخۆ کۆتایی هاتنی ڕستە موزکییەکە پیشان بدات ، وەك جۆری (کەدەنسەی تەواو) .

لێرەدا گرنگە ئامارژە بەو جۆرە دەستەواژە موزیکییەکان بدەین ، کە بە شێوەیەکی بەرفراوانتر پیٚ دەکرێت لە دروستکردنی ئاوازو میلۆدییە موزکییەکاندا ئەویش دەستەواژەی موزیکی (چوار خانە)یيە . ڕەنگە لە زۆرینەی شاکارە موزیکییە جیهانییەکاندا بە ڕوونی گوێبیستی بین . دیارە

ئەمەش بەواتای ئەوە نییە ، کە جۆرەکانی تری دەستەواژە موزیکییەکان وەك (دوو خانەیی ، سیٚ خانەیی ، پیٚنج خانەیی ، شەش مازوری)و ئەوانی دی زۆر بەکار نایەت . بەڵکو مەبەست لیٚرەدا ئەوەیە ، کە جۆری (چواری) پانتاییەکی فراوانتری هەیە لە کار و بەرهەمە موزیکی و تەنانەت گۆرانی ئامیٚزە دانراوەکانی سەردەمە موزیکییە جیاجیاکان .

بۆ زیاتر ئاشنابوون بە دەستەواژە موزیکییەکان و جۆرەکانی بڕوانە نموونەکانی خوارەوە .

نـمـونــە (28) دەستەواژە موزیکییە دوو خانەیییەکان

پارچە ئاوازیٚکی تایبەت بە ئامیٚری (پیانۆ) فرانز شۆبەرت .



نـمـونــە ( 29 ) دەستەواژە موزیکییە سیٚ خانەیییەکان

سیمفۆنیای ژمارە (40) – مۆتزارت – جوولەی سیٚیەم .



نـمـونــه (30) دەستەواژە موزیکییە چوار خانەییەکان .

(سروودی خۆشی)دوا جوولەی سیمفۆنیای (9) بیتهۆڤن .



نـمـونــه (31)

دەستەواژە موزیکییە پێنج خانەییەکان .

ئاوازێکی میللی سکۆتلەندی



نـمـونــه ( 32 )

دەستەواژە موزیکییە شەش خانەییەکان

(سڵاوی سپێدە) فرانز شۆبەرت



## 8/ درێژکردنەوەی دەستەواژە موزیکییەکان

ڕەگەزی(درێژکردنەوەی دەستەواژە موزیکییەکان) ، دەبێتە هۆکارو یەکەیەکی زۆر گرنگ بۆ زیاتر فراوانکردنی میلۆدییە موزیکییەکان لە ناوەڕۆکی بۆتە موزیکییەکاندا . لە ڕێگەی درێژکردنەوەی دەستەواژەموزیکییەکانەوە دەکرێت (مۆتیڤ)ێکی سادە و ساکار چەندین ڕستەی موزیکی ڕەنگاو ڕەنگی لە میلۆدی موزیکی لیٚ دروست بکرێت . لە پرۆسێسی درێژکردنەوەی دەستەواژە موزیکییەکاندا گرنگە ، کە کەسی موزیکدانەر ڕەچاوی سەرجەم ئەو ڕێزمان و ڕێسا موزیکییانە بکات ، کە لە نووسینی میلۆدیدا پەپرەو دەکرێن . ئەمیش لە هەڵبژاردنی دەنگ و مەودا دەنگییە ئاشناکان بەیەکتر و دواتر دوورکەوتنەوە لە سەرجەم ئەو مەودا دەنگیانەی ، کە بەمەودا دەنگییە نەگونجاوەکان ناسراون و... هتد . دیارە لە پاڵ ئەمانەش تواناو سەلیقەی موزیکدانەر بۆ خۆی کاریگەرییەکی ڕاستەو خۆی لە پرۆسێسی درێژکردنەوەی دەستەواژە موزیکییەکاندا دەبێت .

وەك ئاشکرایە پێشتر باسمان لە ڕەگەزی (دەستەواژە موزیکییەکان) کرد لێرەدا دەکرێت بڵێین ، کە باس لە شێوەی کارکردن لەگەڵ (دەستەواژەی موزیکی )دا دەکەین . سەرەنجام ئەم دوو ڕەگەزە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی ڕستە موزیکیەکان .

هەنگاوەکانی کارکردن لە درێژکردنەوەی دەستەواژە موزیکییەکان بریتییە لە زیاد کردن و فراوانکردنی دەستەواژە موزیکییەکە . ئەمیش لە ڕێگەی زیادکردنی دەنگ و مازوری موزیکی زیاد بۆ سەر دەستەواژە موزیکییەکە ، کە لێرەدا دەکریٚ دیسان ئامارە بەزمانی ئاسایی ئاخافتنی ڕۆژانە بکەینەوە ، ڕەنگە تا ڕادەیەك جۆرێك

**لە نزیکی هەبێت لە نێوان دەستەواژەیەکی ئاخافتنی ڕۆژانە و دەستەواژەیەکی موزیکیدا .**

**بۆ نموونە ئەگەر ئامارژە بە دەستەواژەیەکی ئاسایی ئاخافتن بکەین وەك:-**

**(ئازاد قوتابییەکی زیرەکە)**

**لێرەدا ئەم دەستەواژەیە مانایەکی تەواومان پیشان دەدات ، بەڵام دەشکرێت هەمان دەستەواژە چڕتر و فروانتر بکەین .یاخود بەواتایەکی تر دەکرێ هەمان دەستەواژە درێژتر بکەینەوەو دەوڵەمەند تری بکەین . بۆ نموونە:-**

**(ئازاد قوتابییەکی زۆر زیرەکە) .**

**(ئازاد قوتابییەکی زۆر زیرەك و چالاکە) .**

**(ئازاد قوتابییەکی زۆر زیرەك و چالاك و وریایە) تا دوایی .**

**بەو پێیە لە نموونەکانی سەرەوەدا بینیمان لە ڕێگەی زیادکردنی چەند وشە و سیفەتێکی تر دەستەواژە سادەکەی پێشوو تا ڕادەیەك فراوانتر و چڕتر بوو ، ئەمە لە زمانی ئاخافتنی ئاسایدا دەکرێ بەهەمان شێوە لە موزیکیشدا دەستەواژەیەکی موزیکی سادە لە ڕێگەی پرۆسیسی درێژکردنەوەی دەستەواژە موزیکییەکەوە فراوانترو چڕتر بکرێت . بێگومان لەگەڵ لەبەر چاوگرتنی هەموو ڕێزمان و تیۆرە بنەڕەتییە موزیکییەکان .**

**لێرەدا بڕوانە نموونەکانی خوارەوە ، کە لە ڕێگەی زیادکردنی دەنگ و مازوری موزیکییەوە دەستەواژەیەکی چوار خانەیی چۆن فراوانتر دەبێت .**

**نـمـونـە ( 33 )**

**دەستەواژەیەکی موزیکی چوار خانەیی**



نـمـونــه ( 34 )

هەمان نموونەی پێشوو پاش درێژکردنەوەی بە زیادکردنی یەك خانە .



نـمـونــه ( 35 )

هەمان نموونە پاش درێژکردنەوە ، بەزیاد کردنی دووخانەی نویٚ .



نـمـونــه ( 36 )

هەمان نموونە پاش زیاد کردنی خانەیەکی نوێتر...وە بەو شێوەیە .



## 9/ڕستە (Sentence)

سەرەنجامی کۆبوونەوەو گرێدانی ڕەگەزو یەکە وردو بچووکەکان بەیەکدییەوە ڕەگەزو یەکەیەکی سەرەکی و گرنگ سەر هەڵدەدا ، کە ئەویش ڕەگەزی (ڕستەی موزیکی)یە ، کە لە بنیاتنانی سەرجەم بۆتە موزیکییەکاندا ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر دەبینێت . ڕەنگە چۆن ڕستە بە بەهاترین کەرەستەکانی کارکردن بێت لەبەر دەست چیرۆکنووسێکدا ، بەهەمان شێوە ڕستە موزیکییەکان زیندووترین کەرەستەی بنیادنەرن بۆ نووسینی کارو بەرهەمێکی موزیکی .

ڕستەی موزیکی لە بنەڕەتدا لە پێکەوە لکاندنی دوو دەستەواژەی موزیکی بەقەد یەك پێکدێت ، کە ئەم دوو دەستەواژە موزیکییە پەیوەندیەکی گونجاو لە نێوانیاندا دەبێ و هاوسەنگ و تەواوکەری یەکتری دەبن ، وە لەسەر یەك پەیژەی مویزیکی دیاریکراو دەبن . بەردەوام دەستەواژەی یەکەم نیوەی ڕستە موزیکییەکە نمایش دەکات ، کە ئەم نیوەیە بەبێ نیوەی دووەم بیرە موزیکییەکە تەواو ناکات وەك چۆن لە هۆنراوەدا نیوە دێری یەکەمی هونراوەکە واتایەکی تەواو نادات تا نیوە دێری دووەمی تەواوی نەکات . دەکرێت بڵێین لە هونەری موزیکیشدا تاڕادەیەکی زۆر هەمان پرەنسیپ پیادە دەکرێت . بەگشتی وا پێویست دەکات ، کە باری ڕیتم و تیمپۆ لە بنیادنانی دەستەواژە موزیکییەکانی نێو ڕستەیەکی موزیکیدا لێکچووی یەکتر بن ، کە ڕەنگە هەندێك جار ئەم لێکچوونەی ڕیتم و تیمپۆ لە نێوان دوو دەستەواژەی موزیکیدا لێکچوو نەبن ، بەڵام ئەمیان تا ڕادەیەك بەشێوەیەکی دەگمەن ڕوو دەدات . یەکێك لە خەسڵەتە گرنگەکانی تری دەستەواژە موزیکییەکان لەنێو ڕستەیەکی موزیکیدا، چوون یەکبوونی ژمارەی مازۆر یان خانە موزیکییەکانی دەستەواژە موزیکییەکانە . ڕوونتر بڵێین ئەگەر دەستەواژەی یەکەم لە چوار مازۆر پێك هاتبێت گرنگە هی

دووەمیش لەچوار مازۆر پێك بێت . ئەمەش بەمەبەستی ڕاگرتنی بەهای کاتی و ڕیتمی ڕستە موزیکییەکەو جیاکردنەوەی دەستەواژە موزیکییەکانی نێو ڕستەکەو دەستنیشان کردنی سەرەتا و کۆتایی هەریەك لەدەستەواژە موزیکییەکانو دواتر دەست نیشان کردنی جۆری ڕستە موزیکییەکەیە .

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێت چۆنیەتی لکاندی دەستەواژە موزیکییەکانە بەیەکترییەوە ، ڕەنگە گونجاوترین ڕێگا بۆ ئەمە ڕێگای (بەیەکداچوون)بێت . بە پێی ئەم ڕێگەیە دەکرێت دەنگی کۆتایی دەستەواژەی موزیکی یەکەم ببێتە سەرەتا بۆ بنیادنانی دەستەواژەی پاش خۆیو دواتر بەهەمان ڕێگا لکاندنی ڕستە موزیکییەکان بەیەکدییەوە تا سەرئەنجام شێوازە موزیکییەکە بەگشتی فراوان و ڕەنگاڵە دەبێت .

بەو پێیەی ، کە بەردەوام دەستەواژەی یەکەم لەنێو ڕستەیەکی موزیکی دا نیوەی ڕستەکە نمایش دەکات ، گرنگە لای گوێگر ئەم دەستەواژەیەی یەکەم تەواو نەبوون و بەردەوام بوون پیشان بدات و گوێگر والێبکات ، کە چاوەڕوانی میلیۆدییەکی تربێت ، تا بەڕوونی لەبیرۆکەی گشتی میلۆدی ڕستە موزیکییەکە تێبگات . بۆیە لەکاتی بەهاودەنگی کردنی دەستەواژە موزیکییەکەی یەکەمدا، باشتروایە یەکێك لەوجۆرانەی کەدەنسە بەکار بهێنرێت ، کە بەردەوامی میلۆدی یەکە پیشان دەدات . بۆ نموونە هەریەکەك لە جۆرەکانی (کادەنسە نیوە کۆتا – Imperfect Cadence ) یا (کادەنسەی کتوپڕ Interrupted Cadence ). ئەم دوو جۆرەی کادەنسە زیاتر جۆرێك لە کۆتایی نەهاتن و بەردەوامی میلۆدییەکە پیشان دەدەن ، بەو پێیە دەستەواژەی دووەم تەواوکەری ڕستەی موزیکییەکەیە . دەکرێت لەکاتی هارمۆنی کردنیدا هەریەك لە جۆرەکانی (کادەنسەی تەواو و ڕەسەن Perfect Cadence ) یا (کادەنسەی ئاینی Plagal Cadence)، بەکار بهێنرێت ، کە ئەم دوو جۆرەی کادەنسە بەردەوام کۆتایی هاتن ئەبەخشنە گوێگر .

**لێرەدا ساناترین شێوەی ڕستە موزیکییەکان ، ئەو شێوەیەیە ، کە لەدوو دەستەواژەی موزیکی چۆن یەك پێکدێت ، لەدوو توێی یەك ڕیتم و یەك تیمپۆو لە هەمان پەیژەو سکێڵی موزیکیدا ، کە ئەم شێوە ڕستەیە بە(ڕستەی موزیکی دوو دەستەواژەیی) ناسراوە ، کە لە لەناوەڕۆکدا هەردوو دەستەواژە موزیکییەکە ژمارەی خانەو مازۆرە موزیکییەکانی یەك چۆن یەك دەبێت . بروانە ژمارە (37)**

**نـمـونــە ( 37 )**

**ڕستەیەکی موزیکی لە میلۆدی (ئۆغستینی خۆشەویست)**



**زۆرجار هەندێ ڕستەی موزیکی دەبیستین شێوەیەکی قوڵترو فراوانتری هەیە کە ڕەنگە ژمارەی دەستەواژە موزیکییەکانی ناو ڕستەکە بگاتە سێ دەستەواژەی موزیکی و هەندێك جار زیاتریش . لەم جۆرە ڕستانەدا دەکرێ بەپێی چەندێتی ژمارەی دەستەواژە موزیکییەکان جۆری ڕستەکە بناسێنین . بۆ نموونە دەکرێ بڵێین (ڕستەیەکی موزیکی سێ دەستەواژەیی یاخود چواری)و بەو شێوەیە .**

**زۆربەی جار لە ڕستەی موزیکی سێ دەستەواژەییدا ، شێوەی ڕەوتی نۆتەکانی دەستەواژەی یەکەم و دووەم زۆر لێکچووی یەکدی دەبن ، بەڵام شێوەی ڕەوتی نۆتەکانی دەستەواژەی سێیەم لە سەرەتاکەیدا جیاواز دەبێت لە**

دەستەواژەی یەکەمو دووەم . کەچی لە کۆتاییەکاندا هەمان ڕەوتی نۆتەکانی ئەوانی دەبێت .
بڕوانە نموونەکەی لای خوارەوە کە شێوەیەکە لە ڕستەی موزیکی سێ دەستەواژەیی.

نـمـونـە ( 38 )

ئۆکتاڤ Octave– فرانز شۆبەرت



دەکرێ هەندێ جار میلۆدی و ڕستەی موزیکی زۆر ڕەنگینو پڕ لە سەلیقەی موزیکدانەر هەبێت کەتا ڕادەیەك لە دەرەوەی ڕێسا بونیادنەرەکانی ڕستە موزیکییەکان بێت . بۆ نموونە چۆن یەکنەبوونی دەستەواژە موزیکییەکان لە ڕووی کورتی و درێژی دەستەواژەکەو دواتر چۆن یەکنەبوونی ژمارەی خانەو مازۆرە موزیکییەکان ، دەکرێت ئەمە بچێتە خانەی داهێنانو کاراکردنی بە سەلیقانەی موزیکدانەر لە تەك بیرۆکە موزیکییەکاندا .
بڕوانە نموونەکەی لای خوارەوە:– نـمـونـە ( 39 )

سیمفۆنیای ژمارە (8) فرانز شۆبەرت



يەكێ لە كارە پڕ سەليقەكانی موزيك دانەری سەردەمی موزيكييە جياوازەكان ئەوە بووە ، كە هەندێ جار ڕستەيەكی موزيكييان لە دوو توێی چەند دەستەواژەيەكی موزيكی كورتدا نووسيوە . بۆ نموونە لە ڕێگەی پێكەوە لكاندنی چوار دەستەواژەی موزيكی دوو مازۆری ڕستەيەكی موزيكی چوار دەستەواژەييان دروست كردووە ، كە لەم جۆرە ڕستانەدا ڕەنگە تيمپۆو بەهای كاتی نۆتە و دەنگە موزيكييەكان ببنە هۆی كورت بوونەوەی دەستەواژە موزيكييەكان و زياد بوونی ژمارەی دەستەواژەكانی ڕستە موزيكييەكە .

بڕوانە نموونەكەی خوارەوە:

نـمـونــە (40)

گافوت Gavotte– هۆك



# 10/ بەش . (Period )

لە بابەتەكانی پێشوودا باسمان لە چۆنيەتی دروستكردنی دەستەواژە موزيكييەكان كرد ، دواتر ئاماژەمان بەوەدا ، كە چۆن لەڕێگەی گرێدانی دەستەواژە موزيكييەكانەوەيە ڕستە موزيكييەكان سەر هەڵدەدەن ، لێرەدا ئەوەمان لا ئاشكرا دەبێت ، كە چۆن سەرجەم ڕەگەزو يەكە بنيادنەرەكانی ميلۆدی و بابەتە موزيكييەكان يەك يەكتری دروست دەكەن ، كە سەرەنجام كۆی ئەمانەيە دەبنە هۆی سەر هەڵدانی بۆتە موزيكييەكان . وەك چۆن دەستەواژە

مۆزیکییەکان دەبنە هۆی سەرهەڵدانی ڕستە مۆزیکییەکان . بە هەمان شێوە لە ڕێگەی گرێدانی ڕستە مۆزیکییەکان بەیەکترەوەیە ، کە ڕەگەزو یەکەیەکی تری بنیادنانی بۆتە مۆزیکییەکانمان پێ ئاشنا دەبێت ، ئەویش (بەشە مۆزیکییەکان)ە .

وەك ئاماژەمان پێدا (بەشە مۆزیکییەکان) لە ناوەڕۆکدا بریتین لەگرێدانی چەند ڕستەیەکی مۆزیکی بەیەکدییەوە . بەشێوەیەکی گونجاوو ڕێك لە ڕووی مۆزیکییەوە دەستنیشان نەکراوە ، کە بەشێکی مۆزیکی دەبێت لە چەند ڕستەی مۆزیکی پێك بێت . ئەمە دەکرێت زیاتر پەیوەست بێت بەخواستی مۆزیکدانەرو جۆری ئەو بابەت و بۆتە مۆزیکییەی ، کە هەڵیدەبژێرێت . بەڵام دەبێ ئاماژە بەوە بدەین ، کە دواتر هەریەك لە بەشە مۆزیکییەکان دەبنە میلۆدییەکی سەرەکی لەنێو (جووڵە مۆزیکیەکان)دا . بەم پێیە لە سەرەتای هەریەك لەجووڵە مۆزیکییەکان یەکەم بەشی مۆزیکی نمایش دەکرێت ، کە هەر لەنێو ئەم بەشە مۆزیکییەدا ئاوازی سەرەکی یەکەم نمایش دەبێت و دواتر بەشی مۆزیکی دووەم سەرهەڵدەدات و لەنێو ئەم بەشەشدا ئاوازی دووەم نمایش دەبێت . هەر لەڕێگەی ئەم بەشە مۆزیکییانە و ئاوازەکانی نێویانەوە سەرجەم جووڵە مۆزیکییەکان دێنە دروست بوون ، بێگومان لەنێو بەشە مۆزیکییەکاندا بەشی گەورە و بەشی بچووك دەبێت ، کە دواتر بەشێوەیەکی ڕونتر ئەم بەشانە لە ناوەڕۆکی جووڵە مۆزیکییەکاندا دەبیسترێن . بۆ نموونە (سیمفۆنیای کلاسیك) دەبێتە چوار جووڵە ، کە لە ناوەڕۆکی هەریەك لەم جووڵانەدا بەشی مۆزیکی گەورەو بچووك دەبێت . هەریەك لەم بەشانەش هەڵگری چەند ئاوازێکە ، کە هەندێکیان دەبنە ئاوازە سەرەکییەکانو هەندێکی ترشیان ئاوازە وردەکانن ، کە لەسەر تێمەی ئاوازە سەرەکیەکان کاریان لەتەك دا دەکرێت .

بڕوانە نموونەکانی دواتر ، کە پێکدێن لەسەرەتایەکی کورت لەهەردوو بەشی موزیکی یەکەم و دووەم و دواتر ئاوازی یەکەم و دووەم لەنێو جوولەیەکی موزیکی سیمفۆنیایەکدا . نـمـونــە ( 41 )

سیمفۆنیای ژمارە (6) . باستۆراڵ (OP-68) بیتهۆڤن .

جووڵەی یەکەم – بەشی موزیکی یەکەم – ئاوازی سەرەکی یەکەم .




هەمان سیمفۆنیای پێشوو:

جووڵەی یەکەم – بەشی موزیکی دووەم – ئاوازی دووەم .




## 11/جووڵـە (Moovmeint) .

دەکرێت (جووڵە موزیکیەکان)، بەفراوانترین ڕەگەزەکانی دروست بوونی میلۆدی و بابەتە موزیکیەکانو دواتر بەیەکەو ڕەگەزێکی گرنگ لە پرۆسێسی بنیادنانی بۆتە موزییەکان دابنێین . لە ناوەڕۆکی جووڵە موزیکەکاندایە ، کە سەرجەمی ڕەگەزە گەورەو بچووکەکانی بنیادنانی بۆتە موزیکییەکان هەموو

ئاوێتەی یەك دەبن وسەرئەنجام بابەتە موزیکییە پوختەکە لەدوو توێی بۆتەیەکی موزیکیدا نمایش دەبێت .

وەك پێشتر ئامارژەمان پێدا ، جووڵە موزیکییەکان لە ڕێگەی پێکەوە گرێدانی بەشە موزیکییە ڕەنگاڵەکان لەمیلۆدی و ئاواز دروست دەبێت . دواتر لێرەدا موزیکدانەر پەیوەست دەبێت بە بنەماکانی کارکردن و بۆ خوڵقاندنی بابەتە موزیکییەکەی بەپێی ئەو بۆتەیەی ، کە هەڵیبژاردووە . دیارە بۆتە کانیش هەریەکەو شێوەیەکی دارِشتنی تایبەت بەخۆی هەیە ، بەلاّم سەرەنجام ئەم ڕەگەزو یەکە ، کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی بۆتە موزیکییەکە لێرەدا چەندین هۆکاری تری یاریدەدەر هەن ، کە دەبنە هۆی فراوانبوون و بەردەوامی هەریەك لە جووڵە موزیکییەکان وەك هەریەك لە هۆکارەکانی پەیژە گۆڕکیٚ(Modulation)(پرۆسێسی دووپات کردنەوە)و سەرجەم هۆکارە دینامیکییەکانی تر ، کە دەبنە هۆی جوانتر بوونی ئاوازو میلۆدییەکان .

بۆ زیاتر ئاشنابوون بە جووڵە موزیکییەکان ، دەکرێت بڕواننە سکۆری یەکێك لە بۆتە موزیکییە شاکارە جیهانیەکان ، وەك فۆرمەکانی (سیمفۆنیا – سۆناتا – کۆنسێرتۆ) ، کە لێرەدا من نەمتوانیووە نموونەیەك پیشان بدەم لە جووڵەیەکی موزیکی ، ئەویش لەبەر درێژی و زۆری لاپەرەکانی .

## 12/ کلکە بەش (کۆدا . Coda)

دەکرێت بەناوێکی دی ئەم ڕەگەزە بناسێنین ، کە ئەویش (پاشگر)ە. ڕەنگە ئەم ڕەگەزە لە دروست بوون و سەرهەڵدانی میلۆدی و بابەتە موزیکیەکاندا لە بنیاد نانی بۆتە موزیکیەکاندا ڕۆڵێکی زۆر کاریگەری نەبێت . بەڵکو زیاتر (کۆدا) دەبێتە کلك یاخود پاشگر بۆکۆتایی جووڵەیەکی موزیکی ،

**که له ناوەڕۆکدا بریتییه له چەند دانه نۆتەو دەنگی موزیکی کەم لەنێو چەند مازۆرێکی کەمو کورت خایان ، که زیاتر وەك چەند ترپەیەکی موزیکی بەهێز پیشان دەدرێن . زۆربەی جاریش پێناسی ڕەسەنی پەیژەی موزیکی سەرەکی ئاوازەکانی جووڵه موزیکییەکه پیشان دەدەن ، کەڕاستەخۆ زەنگی بەکۆتا هاتنی ئاوازەکانی ئەو جووڵه موزیکییه به گوێگر ڕادەگەیەنێت . بڕوانه نموونەکەی لای خوارەوە:-**

**نـمـونـه** (43)

**سەمای هەنگاری برامس بەشی** ( Coda) .



## بەشـــی دووەم

# بۆتە بنەڕەتیەكانی موزیك

# یەکەم

# بۆتە بنەڕەتیەکانی موزیك

وەك ئاشكرایە كاتێك موزیكدانەرێك دەست بە نووسین ، یا دانانی موزیك دەكات ، ڕاستەوخۆ پەنا دەباتە بەر بۆتەیەكی موزیكی گونجاو . بۆیە هەنگاوەكانی خۆی لەوەدا چڕ دەكاتەوە ، كە گونجاندنێكی پتەو لە نێوان بیرۆكە موزیكییەكە و شێوازی داڕشتنی موزیكیی كارەكە دا بێنێتە ئاكام ، تا لێرەوە هەنگاوەكانی داهاتووی لا ڕوون بێت . دواتر هەر ئەم شێوازی داڕشتنە موزیكییە ، كە فۆرمێكی ڕوون‌و ئاشكرا دەبەخشێتە كارە موزیكییەكە . پێویستە ئاماژە بەوەش بكەین ، كە زۆر شاكاری موزیكی جیهانی هەن پەیوەندیەكی ڕاستەوخۆ لەنێوان بیرۆكەی بابەتە موزیكییەكەو شێوازی داڕشتنەكەی دا نییە . بەتایبەت موزیكەكانی سەردەمی (ڕومانتیك)و شاكارەكانی هەردوو موزیكزان (فرانز لیست)و(هیكتور برلیوز) ، كە دەكرێت ئەم جیاوازییە زیاتر پەیوەست بێت بە سەلیقەی تاكە كەسییەوە بەمەبەستی نوێكاری و داهێنان ؟

لێرەدا بۆ دۆزینەوەی ئەو بۆتە بنەڕەتیانەی ، كە موزیكێكی لەسەر بنیاددەنرێت دەكرێت بە وردی بڕوانینە موزیكەكانی سەدەی (هەژدەیەم)و(نۆزدەیەم) بەڕوونی دەبینین ، كە بەر بلاْو ترین بۆتەی موزیكی لەو سەردەمانەدا هەردوو بۆتەی داڕشتنی موزیكی (دووانیی)و (سیانیی) بووە .

بۆتەی دووانی:– لە ڕووی پێکهاتەوە بریتییە لە دوو بەشی موزیکی، کە بەشی یەکەم وەك ڕستەیەکی پرسیار نمایش دەبێت و بەشی دووەمیش دەبێتە وەڵام بۆ بەشی یەکەم . هەردوو بەشەکە لەسەر بنەمای بیرۆکەیەکی موزیکی واتا یەك (مۆتیڤ) دەڕۆن ، هەروەك چۆن لە ڕستەیەکی موزیکی دوو دەستەواژەییدا دەستەواژەی یەکەم و دووەم دەبنە تەواوکەری یەکتری . لە شێوازی داڕشتنی دووانیشدا بە هەمان شێوە بەشی یەکەم و دووەم یەکتری تەواو دەکەن و پەیوەندیەکی پتەو لەنێوانیاندا هەیە .

بەڵام (بۆتەی سیانی) لە سێ بەشی موزیکی پێکدێت ، کە تیایدا بەشی یەکەم و دووەم پەیوەندیەکی نزیك لە نێوانیاندا هەیەو تا ڕادەیەك چوونیەکن . کەچی بەشی سێیەم ، جیاوازە لەبەشی یەکەم و دووەم ، دیارە لەڕووی بیرۆکەی موزیکیو شێوازی داڕشتنەوەیە . بەڵام بەشی سێیەم لەکۆتاییەکانی دایە ، کە بیرۆکەی موزیکی هەردوو بەشی یەکەم و دووەم وەرنەگرێتەوە، وەك چۆن لە ڕستەی موزیکی سێ دەستەواژەییدا ، دەستەواژەی یەکەم و دووەمی چۆن یەکن دەستەواژەی سێیەم لە سەرەتاکەیدا ڕەوتی نۆتەو دەنگەکانی جیاوازە لەوانو دواتر هەمان شێوەی ئەوان وەردەگرێتەوە .

وەك ئاشکرا بووە جۆری دووەمی بۆتە بنەڕەتیەکانی داڕشتنی موزیك واتا بۆتەی (سیانیی) بە شێوەیەکی بەرفراوانتر لە لای موزیکناسە جیهانیەکان کاری پێکراوە . چونکە بە ڕادەیەکی لە بارو گونجاو بۆ فروانبوونی بیرۆکەو بابەتە موزیکیەکان دەستی داوە . بۆ نموونە لە شاکارە موزیکییەکانی هەر دوو موزیکناس (فرانز شۆبەرت)و(شۆمان)دا ، شێوازی داڕشتنی موزیکی (سیانیی) زۆر بەڕوونی دەبیستین ، هەر بۆیە بۆتەکەی یەکەم واتا (بۆتەی دووانی) زیاتر بۆ دڕاشتنی گۆرانییە میللیو ئاوازە ئایینیەکانو موزیکی سەما ئاسانەکان کاری پێکراوە .

دۆزینەوەی ڕێکخستنی هەردوو بۆتەی داڕشتنی موزیکی (بۆتەی سیانیی) ، دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی موزیکناس (هادو) ، کە لە سەرچاوەی (Form Sonata) دا ، بە وردی شرۆڤە کراون .

ئەم دوو بۆتەی موزیکناس (هادو) لە سەرەتاکاندا زیاتر بۆ نووسینی کاری موزیکی کورت و بچووك کاریان پێکراوە ، هەربۆیە موزیکناس (توڤی) دواتر پەرەی بەم دوو بۆتە داوە بە ڕادەیەك ، کە بیگونجێنێ بۆ بنیادنانی کارە موزیکییە فراوان و گەورەکان . لێرەوە ( توڤی ) موزیکناس ئەم دوو بۆتە موزیکییەی (هادو)ی لە قاڵبێکی فروان تردا بەکار هێناوە ، دواتر دابەشی کردوون بەسەر جۆری جیاوازدا کە بریتیبوون لە:-

1. بۆتەی داڕشتنی موزیکیی دووانیو سیانی داخراو .
2. بۆتەی داڕشتنی موزیکیی دوانی و سیانی بالاّ .

لێرەدا بۆتەی یەکەم واتا (بۆتەی داخراو) ئەو جۆرە موزیکانەی دەگرتەوە کە بەشی یەکەمی ئاوازەکەی لەسەر بنەمای پەیژەی موزیکی ئاوازەکە کۆتایی دەهات. بەڵام بۆتەی دووەم واتا (بۆتەی کراوە) ئەو جۆرە موزیکیانەی ئەگرتەوە ، کە بەشی یەکەمی لەسەر بنەمای پەیژە بنەڕەتییەکەی ئاوازەکە کۆتایی نەدەهات .

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بۆتە بنەڕەتییەکانی داڕشتنی موزیك، لای هەردوو موزیکناس (هادو)و توڤی) بڕوانە نموونەکانی لای خوارەوە .

### نـمـونـه (44)

### گۆرانییەکی میللی(ئسکۆتلەندی) .




### نـمـونـه ( 45 )

### جووتیارێکی دڵخۆش – شۆمان



نـمـونـه ( 46 )

(بیلی بۆی) گۆرانییەکی میللی (ئینگلزی) .




نـمـونـه (47)

گۆرانی میللی (ئینگلیزی) .



لێرەدا ئەگەر بە وردی بڕوانینە نموونەکانی (44)و(45) بە پێی ڕێبازی موزیکناس (هادو) بۆتەی داڕشتنی موزیکی (سیانیی) یان هەیە ، هەروەها نموونەی (46) بۆتەی (دووانیی)یە ، نموونەی (47) بە بۆتەی دووانی دائەنرێت ، لە کاتێکدا بیرۆکەی ئاوازەکەی بۆتەیەکی موزیکی (سیانیی) هەیەو لەدوو بەشی هاوسەنگ پێکهاتووەو تا ڕادەیەك بەشی دووەم لەسەر بنەمای گەڕانەوە بۆ بەشی یەکەم داڕێژراوە . لێرەدا دەکرێ بڵێین ، کە بۆتەی داڕشتنی موزیکی لەنموونەی (47)دا ، لە شێوازی داڕشتنی موزیکی نموونەی (46)، چڕ ترو گونجاو ترە . ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەنگینی ئاوازەکە لە ڕووی فراوانبوون و داڕشتنەوە ، بەتایبەت لە نموونەکەی (47)دا کۆتایی ئاوازەکە کۆتاییەکی چڕو تەواوەو ناکۆتا نییە . بەڵام کۆتایی ئاواز لە نموونەی (46)دا ڕاستەوخۆ بە پێچەوانەوەیە . دەکرێت لە ڕووی پێکهاتن و داڕشتنەوە ئاماژە بەوە بکەین ، کە هەردوو نموونەکانی (44)و(47)تا ڕادەیەکی زۆر نزیکیان هەیە، بەتایبەتی لە ڕووی کۆتایی ئاوازەکانیانەوە . نموونەکانی (45) و (46) یش بە هەمان شێوە لە ڕووی کۆتایی هاتنی ئاوازەکانیانەوە تا ڕادەیەکی زۆر لێکچوون ، کە کۆتایی ئاوازەکانی هەردوو نموونەکە بێهێزو ناکۆتان .

ئەگەر جارێکی دی بگەڕێینەوە سەر نمونەکانی پێشوو ، ئەمجارەیان لە ڕوانگەی ڕێبازی داڕشتنی موزیکی لەلای موزیکناس (توڤی) شرۆڤەیان بکەین، ئەوا بۆتەی داڕشتنی موزیکی لە نموونەکانی (44)و (47)دا ، لەسەر بنەمای (بۆتەی داڕشتنی موزیکی دووانیی و سیانیی داخراون) نمونەی (45) لەسەر (بۆتەی سیانیی کراوە) و نموونەی (46)، لەسەر (بۆتەی دووانی کراوە)یە، لێرەدا دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین ، کە هەردوو بۆتەی دووانیی و سیانیی، بەهەردوو ڕیبازەکەی موزیکناس (هادو)و (توڤی)، سەرەتاییترین و لەهەمان

کاتدا بە بەهاترین شێوازەکانی داڕشتنی موزیك بوون ، کە دواتر هەر لەسەر بنەمای ئەم شێوازانەوە پرنسیپەکانی کارکردن لەبواری دانان و داڕشتنی موزیك‌و فۆرمەلەکردنی موزیکەکان گەشەی سەندووە .

لێرەدا بە پێویستم زانی ، کە جارێکی تر بەشێوەیەکی پوخت بگەڕێینەوە سەر شرۆڤە کردنی بۆتەی داڕشتنی موزیکی (دووانیی و سیانیی) بەڵام ئەمجارە باس لەو دوو بۆتەیە دەکەین ، کە بوونەتە ڕێزمان‌و تیۆرێکی داڕشتنی موزیکی بۆ کارە موزیکییەکان ، لەسەردەمە موزیکییە جیاوازەکانی موزیکدا .

## 1/دووانیی . Binary .

بریتییە لە دوو بەشی موزیکی هاوسەنگ و تەواوکەری یەکتری ، دەکرێت بەشی یەکەم بناسێنین بە پیتی (A)وە بەشی دووەم بەپیتی (B) ، کە ئەم دووبەش‌و ئاوازە بەردەوام ڕەوتێکی یەك بەدوای یەك هاتوویان دەبێت . بۆ زیاتر ئاشنابوون دەکرێت بگەڕێینەوە بۆ نموونەی (45) لە لاپەڕەکانی پێشوودا.

## 2/ سیانیی . Minuet .

بریتییە لە سێ بەشی موزیکی ، کە بەشی موزیکی یەکەم و دووەم هاوسەنگ و تەواوکەری یەکترین‌و بەشی سێیەم لە سەرەتاکەی دا جیاوازەو لە کۆتاییدا لەگەڵ بەشی یەکەم و دووەم هاوسەنگ دەبێتەوە، دیارترین جۆر لە شێوازی سیانیی لە موزیکی سەردەمەکان دا بەشێوازی موزیکی بەر بڵاوی (مەنەوێت Minuet )ە ، کە لە ناوەڕۆکدا پێکدێت لە بەشی یەکەم و دووەم و دووبارەی بەشی یەکەم و بەشی دووەمی دەوترێت (تریو . Trio ) بەردەوام ڕەوتی ئاواز و بەشەکانی بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەبێت .

## A …….. B …….. A

## مەنەوێت …. تریو…. مەنەوێت

بڕوانە نموونەکانی لای خوارەوە:.

نـمـونـە (48)

مەنەوێت (سۆناتینا) ژمارە (2) مۆتزارت .



نـمـونـە (49)

بەشی (تریو)ی مەنەوێتی هەمان سۆناتینای نمونەکەی پێشوو .



# دووەم

# گرنگیی بۆتە

دەشێت کارێکی موزیکی هەڵگری بەهایەکی ئەستاتیکی و هونەری بێت لەکاتێکدا بۆ بنیادنانی ئەو کارە پرنسیپە بنەڕەتیەکانی وەك( میلۆدی ، ڕیتم، هارمۆنی) ببنە بنەما، بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا هەوڵدانی موزیکدانەرە بۆ فراوانبوون و بەردەوامی ئاوازو بیرۆکە موزیکییەکان . بێگومان لێرەدایە ، کە گرنگی بۆتە سەرهەڵدەدا ، ئاشکرایە کاتێك موزیکدانەرێك کار لەسەر بیرۆکە موزیکییەکەی دەکات پێویستی بە فۆرم یاخود بۆتەیەکی موزیکی دەبێت تا لەڕێگەیەوە پانتاییەکی فراوانتر ببەخشێتە ئەو ئاوازەی ، کە دواتر دەبێتە هۆی خوڵقاندنی بەشە گەورەو بچووکە موزیکیەکان و جووڵە موزیکییەکان و سەرئەنجام سەرهەڵدانی بۆتەیەکی موزیك . ئەمەیە گرنگیی بۆتە لە موزیکداو لە ڕێگەی فۆرمەوە ئەو زەمینەو پانتاییە فراوانە بۆ موزیکدانەر دروست دەبێت . کە سەرجەم ئاوازو ڕستەو بیرۆکە موزیکییەکان بەرجەستەی یەکدی بکات . بۆیە گرنگە ئەو ڕاستییە بزانین ، کە ئەگەر سەرهەڵدانی بۆتە موزیکییەکان نەبووایە ڕەنگە هونەری موزیك‌و گۆرانی سەرجەم سەردەمە موزیکییەکان هەڵگری یەك شێوەو یەك ناوەڕۆك بوونایەو چەندین بۆتەی موزیکیی وەك (سۆناتا، کۆنشەرتۆ، سیمفۆنیا) زۆری تریش سەریان هەڵنە دایەو، ڕەنگە موزیك لە بەرگی ساکار و سەرەتایی خۆیدا بمایەتەوە . دیارە بۆتە موزیکییەکان بەهۆی گەشەکردنی بەردەوامیانەوە چەندین جۆرو شێوەی جیاوازییان هەیە ، کە بەهۆی جیاوازییانەوە لە ڕووی پێکهاتن و ناوەڕۆکەوە دەبنە دوو جۆر لە فۆرم‌و

شێوازی موزیکی ، کە دواتر سەرجەم بۆتە موزیکیی و مرۆییەکان دەچنە خانەی یەکێك لەم دوو جۆرە ، کە ئەمانەی لای خوارەوەن .

1. بۆتەی موزیکیی پەیوەست بەبابەتێکەوە .
2. بۆتەی موزیکیی تەنیاو پوخت .

## 1. بۆتەی موزیکیی پەیوەست بەبابەتێکەوە .

لەم جۆرە بۆتە موزیکییانەدا موزیکدانەر بۆ داڕشتنی بابەتە موزیکیەکەی پەنا دەباتە بەر هەڵبژاردنی بابەتێك لە بابەتە ئەدەبیەکانی وەك(چیرۆك ، ڕۆمان، داستانە کۆنەکان) و بەو شێوەیە ، کە لە ڕووی گوزارشتکردنەوە دواتر بۆتە موزیکییەکە خوێندنەوەیەکی نویێ دەبێت بۆ ئەو بابەتەی ، کە موزیکدانەر هەڵیبژاردووەو کاری لەسەر دەکات . ڕەنگە زۆرجار موزیکدانەر بۆ خۆی خەیاڵ و فانتازیایەکی لا دروست بووبێت و دواتر ئەو خەیاڵەی خۆی ببێتە کەرەستەی بۆتە موزیکییەکەی .

ئەو ڕەگەزە گرنگ و سەرەکییانەی ، کە گرنگە لە ناوەڕۆکی کارە موزیکییەکەدا کاری پێبکرێت بریتین لە (دژە گۆڕین ـ Contrast) و (هاوسەنگی ـ Balance )و (یەکێتی و یەکبوون ـ Unity ) .

## 2/بۆتەی موزیکیی تەنیا و پوخت .

لەم جۆرە فۆرمە موزیکییانەدا موزیکدانەر پەیوەستە بەسەرجەم ڕەگەزو یەکە موزیکییە سەرەکی و یاریدە دەرەکانی ، کە دەبنە هۆی بنیادنای ئاوازو

میلۆدی . لێرەوە لە بیرۆکەیەکی موزیکی بچووکەوە بابەتە موزیکییە فراوانە کە بنیاد دەنرێت و پەیوەندی گونجاوی نێوان فۆرم و ناوەڕۆك لە شێوازە موزیکییەکەدا دەبیسترێت ، پێویستە ئەوەش بڵێین ، کە ژمارەیەکی زۆرلە بۆتە موزیکییەکان دەچنە خانەی ئەم جۆرە شێوازەی موزیکەوە .

وەکارکردنی ورد بینانەی موزیکدانەرو بە ئاگایی لە سەرجەم هۆکارەکانی بنیادنانو داڕشتنی موزیکیی، لەم جۆرە بۆتە موزیکیانەدا دیاری دەدات .

بۆتە موزیکییە تەنیاو پوختەکان بەسەر چەند جۆرێکی جیاوازدا دابەش دەبن کە بریتین لە:-

## أ- گۆرانی ئامێز (لیرکی).

ئەم شێوازەش دوو جۆری سەرەکی هەیە:

### 1- گۆرانی ئاینی ( Sacred Song )

هەندێك لەنموونەی بۆتەکانی ئەم شێوازە:.

- هام (Hymn )
- ماس (Mass )
- مۆتێت (Motet )
- ئۆراتۆریۆ(ئۆپێرای ئاینی) (Oratorio )

### 2- گۆرانی دنیایی (Secular Song )

هەندێك لەنموونەی بۆتەکانی ئەم شێوازە:

1-گۆرانی میللیی

2-ئۆپێرا (Opera )

3- ئۆپەرێت (Operette )

4- مادریگال (Madrigal )

5- کانتاتا (Cantata )

6- بیل کانتۆ (Bel canto )

7- ئایردی کور (Cour )

10-کۆڕال (Choral )

11-ئاریا (Aria )

دەشیَ ئەم دوو شێوازە گۆرانی ئامێزەی ، کە ئاماژەمان بە هەندێك لە بۆتەکانیدا ، چەندین جۆر بۆتەی تریشی هەبێت ، کە بە پێی ڕەوتی سەردەمە جیاکان سەریان هەڵدابێت . بەڵام لێرەدا بە گونجاوترمان زانی زیاتر تیشك بخەینە سەر ئەو جۆرانەی ، کە موزیکناسەکانی سەردەمەکان بەگرنگییەوە کاریان لەسەر کردووە وە لەبەشەکانی داهاتوودا بە وردی باس لەهەر یەك لەو بۆتانەی لای سەرەوە دەکەین .

## ب- بۆتەی گۆرانی ئامێزو ئنسترومێنتی

وەك ئاشکرایە ئەمە بۆتەیەکی گونجاوە لە یەك کاتدا بۆ دەنگی مرۆیی و ئەنسترومێنتە موزیکییەکان ، کە ئەمیش چەند نموونەیەکی دەبێت و ئەم بۆتانەی لای خوارەوە هەندێکیانن .

1. فوگە (Fuga)
2. مۆنۆفۆنی(Monophony)
3. هۆمۆفۆنی(Homophony)
4. پۆلیفۆنی(Polyphony)

ج- **بۆتەیئامێری(ئنسترۆمێنی)**(Instrumental Form)

**بەگشتی ئەو جۆرە بۆتە موزیکییانە دەگرێتەوە ، کە تایبەت بە ژەنینی ئنسترومێنتە موزیکییە جیاجیاکان دەنووسرێن ، کە دەبنە دوو جۆری جیاواز .**

## 1) **بۆتەی بەش بەش** (Sectional forms )

**ئەو جۆرە موزیکانە دەگرێتەوە ، لەڕێی چەند میلۆدی بچووکەوە دروست دەبن و لە بۆتەیەکی موزیکیی بچووك و کورت خایاندا نمایش دەکرێن وەك جۆرەکانی .**

- **یەك بەشی** ( One part )
- **گۆڕانکاری** ( Variation )
- **ڕۆندۆ** ( Rondo )
- **دوو بەشی** ( Binary)
- **سێ بەشی** ( Three Parts )
- **بۆتەی سەربەست** ( Free Forms )

**کە جارێکی تر هەردوو جۆری (سێبەشی) و (بۆتەی سەربەست) دابەش دەبن بەسەر چەند جۆرێك ئەمانەن .**

- **سێ بەشی (گۆرانی بچووك ، پارچە موزیکی کورت ، مەنەوێت) .**
- **بۆتەی سەربەست ( ئۆڤێرتور ، فانتازیا ) .**

## 2) **بۆتەی بەیەك گەیشتوو**(Conjoins Forms)

ئەمیش بریتییە لەو بۆتە موزیکیانەی ، کە لە دوو تویێی فۆرمێکی موزیکی فراوان و درێژخایەندا دێتە نمایشکردن . ئەمانەی خوارەوە هەندێك لەجۆرەکانی ئەم شێوازەیە:-

-سۆناتە (Sonata )
-سویت ( Suite )
-مارش ( March )
-ڤالْس ( Waltz )
-موزیکی ژوور( Chamber Music )

## 3) بۆتەی موزیکی پوخت

ئەم بۆتە موزیکییە فروانە دەگرێتەوە ، کە سەلیقەیەکی تەواوی موزیکدانەر بە ناوەڕۆکی موزیکەکەوە دیار دەبێت . فراوانترین جۆرەکانی ئەم شێوازە ئەمانەن .

-سیمفۆنیا ( Symphony )
-کۆنشەرتۆ ( Concerto )

باسکردن لە (بۆتە موزیکییە سەماییەکان) لە بەشەکانی داهاتوودا باس لە هەریەك لەم جۆرە شێوازە موزیکییانە و بۆتەکانی ، کە پێشتر ناومان بردوون دەکەین.

## بەشــی سێیەم

# بۆتە  موزیکییە سەماییەکان

# بۆتە موزیکییە سەماییەکان

وەك ئاشکرایە لە سەدەی (شازدەیەم)ەوە ، بە گشتی شێوەو مۆرکی بەرهەمە موزیکیەکان زیاتر شێوەیەکی لیرکی و سەمایی یان هەبووە ، کە ئەمیش پەیوەست بووە بە شوێنی نمایشکردنی بەرهەمە موزیکییەکانەوە، کە زیاتر لەنێو کۆشك و تەلاری شاو میرو گەورە کەسانی ئەو سەردەمەدا بەرهەمەکان هاتووەتە نمایشکردن و بەڕادیەکی زۆر مۆرك و شێوەو تەنانەت ناوەڕۆکی کارە موزیکیەکان و تیمپۆی موزیکەکان هەڵگری ئەو تایبەتمەندییانە بوون ، کە خواست و ویستی خاوەن کۆشك و تەلارەکانی ئەو سەردەمە پێی شادمان بوون . هەر لەوساتانەوە چەندین جۆر بۆتەو شێوازی موزیکی سەمایی ڕەنگاو ڕەنگ سەریان هەڵداوە و بەپێی قۆناغە جیاجیاکان گۆڕان و فراوانبوونی بەخۆوە بینیوە . وەك چەندین نموونەی بەرچاوی موزیکی سەمایی لەوانە (سویت ، بالاد، بالیٚ، مەنەوێت، پۆڵۆنیز) و چەندین نموونەی تر ، کە لێرەوە بە وردی تیشکیان دەخینە سەر .

## 1. سویت ـ Suite

(سویت) یاخود سەما یەك بە دواییەكدا هاتووەكان ، فراوانبوونی ئەو شێوازە موزیكییە سەماییە سەرەتاییەیە ، كە پێش سەردەمی ڕێنیسانسی موزیك شێوازێكی سەمایی بەناوبانگ بوو ، كە لە ناوەڕۆكدا پێكهاتبوو لە تێهەڵكێشكردنی دوو سەمای میللیی لەسەر هەمان سكێڵ یان پەیژەی موزیكی . بەڵام هەڵگری دوو تیمپۆی جیاواز بوون ، سەماكانیش سەمای (باڤان)ی خاو ڕەوت و سەمای (جالیارد)ی خێراو تیژ ڕەوت بوون . دواتر هەر لەسەر ئەم بنەمایە سەماكانی (ئاڵماند) ی ئەڵمانی و (كورانت)ی ئیتالی تێك هەڵكێشكران. دواتر ئەم شێوازی گرێدان و تێهەڵكێشكردنی سەمایانە بووە هۆی سەرهەڵدانی بۆتەی موزیكیی سەربەخۆی (سویت) ، ئەمیش لە ناوەندی سەدەی (حەڤدەم)دا . ناوەڕۆكی پێكهاتەی بۆتەی ( سویت ) لەو سەردەمەدا بریتیبووە لە لێكدانی چوار جۆر سەمای جیاواز لە خێرایی داو لێكچوو لە پەیژەی موزیكدا ، كە ئەوانیش سەمای (ئالماند) وەك سەمای یەكەم و سەرەتا كە لە بنچینەدا سەمایەكی میللیی (ئەڵمانی) یە ، پاش ئەمیش سەمای دووەم بوو سەمای (كۆرانت) كە سەمایەكی میللی (ئیتالی) بوو. دواتر سەمای سێیەم ( ساراباند) ، كە سەمایەكی میللیی (ئیسپانی) بوو هات ، چوارەم و دواین سەمای ناو سویتەكە سەمای (گێگ) كە سەمایەكی میللیی فەرەنسی بووەو سەرەتای شێوەی بۆتەی موزیكی سەمایی سویت بووە . بەڵام لە سەدەی (هەژدەو نۆزدەدا)چەند گۆڕانێكی بەرچاو بەسەر (سویت)داهات . ئەویش زیادبوونی(بریلود) وەك موزیكی پێشەكی ، دواتر زیاد كردنی سەماكانی وەك(مەنەوێت ، گافوت) ، كە شێوەو بۆتەی (سویت)ی گۆڕی و پێكهاتنی (سویت)بووە بۆتەیەكی موزیكیی سەمایی پێكهاتوو لە پێشەكیەك و شەش جۆر سەمای جیاواز . وە ئەم شێوە نوێیەی (سویت) لەلای هەردوو موزیكناس (باخ)و(هاندل) گرنگییەكی بەرچاوی پێدرا، دواتر موزیكناسەكانی تری وەك (گریك، پرسل، فرانسوا كۆپران، چایكۆفسكی)، فروانبوونێكی تریان بە بۆتەی

موزیکی (سویت) بەخشی بە ڕادەیەك زۆرجار لە شێوەی بنەڕەتی پێکهاتنی (سویت) دەردەچوون . خۆ گەر بڕوانینە سویتی (چەند وانەیەك بۆ هاربسیکۆرد)ی موزیکناسی بلیمەت (پرسل) دەبینین بەڕادەیەکی زۆر لە شێوەی پێکهاتنی بنەڕەتی فۆرمی (سویت) دوورکەوتۆتەوە ، تەنیا سەمای یەکەم و دووەم لەجێی دان و دواتر کۆمەڵێ سەمای جیاوازی تری داناوە ،کە زۆر دوورن لە پێکهاتەی بنەڕەتی بۆتەی (سویت)ەوە یاخود (سویت)ەکانی موزیکناسە فەرەنسییەکان ، کە زۆرجار ژمارەی سەماکانی نێو (سویت)ە کە ، گەیشتۆتە هەژدە جۆر سەمای جیاواز . لێرەدا ئەوەمان لا ئاشکرا دەبێت ، کە موزیکناسەکانی سەردەمە موزیکییە جیاوازەکان زۆرجار لە ڕێگەی فانتازیای خۆیان و خوێندنەوەی نوێی خۆیانەوە فراوانبوون و گەشەکردنێکی بەردەوامیان بەخشیوەتە بۆتە موزیکیەکان . ئەویش بە لەبەر چاوگرتنی بنەماو پێکهاتەی سەرەکی بۆتە موزیکییەکانو ون نەکردنیان .

با بڕوانینە نمونەیەك لە سویتەکانی موزیکناس (فرانسواکۆپران) بۆ زیاتر زانینی جیاوازییەکان لە ڕووی پێکهاتنی (سویت)ە ، سەرەتاییەکان و دواتر (سوت)ە نوێکان .

**سویت ژمارە** (8) **سکێڵی** (**سی بچووك** . b.M) .

**ڕیزبەندی جووڵە و سەماکانی ئەم سویتە بەم شێوەیە بووە:-**

1. Laraphaele
2. Allemande
3. Premier Courante
4. Seconde Courante
5. Sarabande
6. Gavotte
7. Rondeau
8. Gigue
9. Passacaille

Lamorinete.10

**گرنگە ئاماژە بەوە بکرێت ، کە بۆتەی موزیکی سەمایی (سویت) لە سەرەتاکاندا زیاتر لای میللەتی ئەڵمان ، وە دواتر لە لای ئیتالیەکان بەناوی (پارتیتا . Partita ) ناسراوە ، کە زۆرجار بە (سۆناتای ساڵۆن) ناوبراوە .**

**(سویت)، لە ڕووی شێوەی داڕشتن و پێکهاتنی بنەڕەتییەوە لە چوار جووڵەی سەمایی جیاواز پێکدێت ، کە ئەمانەن:-**

## جووڵەی یەکەم

**سەمای (ئاڵماند Allemande ) شێوەیەکی تا ڕادەیەك مامناوەندی هەیە، لە ڕووی خێرایی یان تیمپۆوە ، زیاتر لەسەر ڕەزم یان ڕیتمی چواری یان چوار ترپەیی دا دەرێژێت ، وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا ، کە ئەم سەمایە لە بنچینەدا سەمایەکی میللیی (ئەڵمانی)یە . بڕوانە نموونەکەی خوارەوە :**

**نـمـونـە ( 50 )**

**سویت ژمارە(6) یۆهان سباستیان باخ**



## جووڵەی دووەم :.

سەمای(کۆرانت ـ Courante) لە بنچینەدا سەمایەکی میللی ( ئیتاڵی )یە وەهەڵگری تیمپۆیەکی هێمن و خاو ڕەوتە ، وە بەردەوام بە ڕیتمێکی سیانیی یان سێ ترپەیی دادەڕێژرێت . بڕوانە نمونەکەی خوارەوە :.

نـمـونـە ( 51 )

سەمای ( کۆرانت ) ـ یۆهان سباستیان باخ .




## جووڵەی سێیەم:.

سەمای( سارابانـد - Sarabande ) ، سەمایەکی میللی ( ئیسپانی )یەو بەردەوام بە ڕیتمێکی سیانیی یان سێ ترپەیی و تیمپۆیەکی خاو وهێواشی هەیە . بڕوانە نمونەکەی خوارەوە :.

نـمـونـە ( 52 )

سەمای ( سارابانـد ) ـ یۆهان سباستیان باخ .



## جووڵەی چوارەم

سەمای ( گێگ . Gigue )  لە سەرەتاکاندا ئەمە دوا جووڵە و سەمای بۆتەی موزیکی سەمای ( سویت ) بوو ، بەردەوام تیمپۆیەکی خێرا ڕەوت و چالاکی هەیەو لە بنچینەدا سەمایەکی میللی ( فەرەنسی )یە زیاتر لە ڕیتمی ( 3/8. 6/8. 12/8 )دا ، دادەڕێژرێت . بڕوانە نمونەکەی خوارەوە :.

نـمـونـە ( 53 )

سویت . ژمارە (3)سەمای ( گێگ ) . یۆهان سباستیان باخ .




دەکرێ سەدەی (نۆزدەیەم) ، بە سەدەیەکی گرنگ و بە بەها دابنرێت بۆ گەشەسەندن و فراوانبوونی بۆتەی موزیکیی سەمای (سویت) ، ئەمیش لە ژێر دەستی موزیکناسە بلیمەتەکانی چاخی ڕۆمانتیکی موزیك ( چایکۆفسکی ) و (دڤۆرجاك ) و ( کۆرساکۆڤ )دا . لە ڕێگەی کارکردنێکی نوێ بۆ بۆتەی ( سویت )و هەڵوەشاندنەوەی زۆر لە بنەماو پێکهاتە بنەڕەتیەکانی ( سویت ) . بە ڕادەیەك ، کە سیمایەکی گەش و گونجاو بەو سەردەمە ببەخشنە ئاوازەکانی ( سویت ) . هەر لێرەشەوە بوو ، کە جۆرێکی نوێ تر لە ( سویت ) سەری هەڵدا ، ئەویش ( سویت سیمفۆنی ) بوو . ڕەنگە ڕوونترین نمونە بۆ ( سویت سیمفۆنی ) شاکارە زیندووەکەی موزیکناسی ڕووسی ( ڕیمسکی کۆرساکۆڤ ) بێت ، کە ئەویش سویت سیمفۆنی (شەهرەزاد )ە .

## 2. باڵـێ . Ballet

هونەری ( باڵێ ) دەکرێت وەك یەکێك لە هونەرە باڵاکان پۆلێن بکرێت ، کە لە ڕووی بنیادنان و داڕشتنی موزیکییەوە پانتاییەکی زۆر فراوانی هەیە و بەر بڵاوترین بۆتەی موزیکیی سەمایییە .

دیارە لە پێکهاتنی موزیکیی باڵێدا ، و بەپێی سەردەمە موزیکییە جیاوازەکان بە ڕادەیەکی زۆر پشت بەسەما میللییە جیهانییەکان بە بەرجەستە کردنێکی هونەریانە بەستراوە . سەرەتاکانی هونەری (باڵێ) ، شێوەیەکی تا ڕادەیەك سادە و ساکاری هەبووە ، کە پێکهاتووە لە نمایشکردنی چەند سەمایەکی میللی کورت بە هاوشان کردنی موزیکیك ، کە لە تەك ڕیتم و تیمپۆی سەماکاندا گونجاوە ، ئەمیش زیاتر لەناو میللەتانی ( ڕۆمان ، یۆنان ، فەرەنسا ، ئیتاڵیا )دا .

مێژووی سەرهەڵدانی (باڵێ) ، وەك کارو بەرهەمێکی موزیکی پوخت و هونەری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1581) لە سەردەمی ( ماری ئەنتوانێت )ی شاژن ، کە ئەویش ( باڵێی شاژن ) بووە ، لە نووسینی موزیکناسی ئیتالی ( بالتازارینی ) بووەو تایبەت بۆ ( ماری ئەنتوانێت )ی شاژن دانراوەو ، هەر لە کۆشکی تایبەتی ئەودا بۆ یەکەم جار نمایشکراوە . لە پاش ئەمەوە بوو، کە ( ماری ئەنتوانێت )ی شاژن ، بڕیاری دامەزراندنی گروپێکی موزیکی و سەمایی دەدات ، کە ئەویش بە ( گروپی بالێی کۆمیدی شاژن ) ناسراوە لەو سەردەمەدا ، دواتر ئەو کەسایەتییە گەورەیەی ، کە گرنگییەکی زیاتری بە هونەری (باڵێ) داوە ، ( لویس )ی چواردەیەم بووە ، ئەمیش بە دامەزراندنی ( ئەکادیمیای نیشتیمانی موزیك و سەما ) ، کە تیایدا لە بەناوبانگترین و بە سەلیقەترین موزیکناسەکانی ئەو سەردەمە کاریان کردووە ، لەوانەش ( لوللی ) و (ڕامۆ ) و (بوشام )ی موزیکناس بوون ، کە هەر لێرەوە بووە هونەری (باڵێ) لە سنووری

کۆشکەکان دەرباز بووەو بەرەو دنیای دەرەوە هەنگاوی ناوەو بۆتە یەکێك لە هونەرە بالأ جەماوەرییەکان .

ئەگەر بە وردی بڕوانینە پێکهاتنی هونەری (باڵێ) ئەوا دەبینین دیارترین ڕەگەزەکانی بریتین لە ( موزیك )و ( جووڵە سەماییەکان ) ، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ بەیەکدیانەوە دەبەستێت . بۆیە بەرجەستەبوونێکی ڕوون لە نێوان موزیك و ڕیتم و تیمپۆی موزیکەکە و جووڵە سەماییەکان دا دەبینرێت .

موزیکی (باڵێ) زیاتر دەبێتە هۆکارێك بۆ گوزارشتکردن لەو بابەتەی لەڕێی سەماکانەوە نمایش دەکرێت ، کە ڕەنگە ئەو بابەتە گێرانەوەی داستانێك یان ئەفسانەیەکی دێرین و کۆن بێت .

زۆرجار ژمارەی ئەو موزیکە سەماییانەو ئەو سەمایانەی ، کە دەبێتە ڕەگەزی داڕشتنی بەرهەمێکی (باڵێ) دەگاتە شەش جۆر سەماو موزیکی سەمایی ، کە لەڕیتم و تیمپۆدا گۆڕانیان بەسەردا دێت .

هونەری ( باڵێ ) ، لەڕێگەی گەشەسەندن و فراوانبوونیەوە بەپێی سەردەمە جیا جیاکان چەند جۆرێکی لێ بۆتەوە ، کە ئەمانەن :.

## أ . باڵێی ڕۆمانتیکی

ئەو جۆرە هونەرەی باڵێ دەگرێتەوە ، کە گوزارشتێکی ڕاستەوخۆی بابەتە خەیاڵی و ئەفسووناوییەکانە ، بە پاڵپشتی موزیکێکی چڕ لە دینامیك و جوانکاری .

## ب . باڵێی ئۆپێرا:

ئەم جۆرەی ( بالێ ) زیاتر بۆ دەوڵەمەندکردن و پاراو کردنی نمایشێکی شانۆیی یان ئۆپێرایی کاری پێکراوە ، وەك ناوبڕێك لە نمایشە شانۆییەکاندا دەناسرێنرێت . دەکرێ ڕوونترین نمونە بۆ ( بالێی ئۆپێرا ) ، شاکارە بەناو بانگەکەی ( جیوسیپی ڤێردی ) ، بێت ، کە ئەویش ئۆپێرای ( عایدە )یە .

## ج . بالێی نوێ :

ئەم جۆرەی هونەری ( بالێ ) زیاتر لە هەڵبژاردنی چەند میلۆدی و پارچە موزیکێکی موزیکناسە بەناوبانگەکان پێکدێت ، دواتر داڕشتنی سەماکان بەپێی موزیکەکان . وەك ئاشکرایە موزیکناسە ڕووسەکان ڕۆڵێکی کارایانەیان هەبووە لە پەرەپێدانی ئەم جۆرەی هونەری ( بالێ ) دا . دەکرێت لێرەدا ئاماژە بەو هەوڵەی موزیکناس ( ڕێسبیجی ) بکەین ، کە لەڕێگەی هەڵبژاردنی چەند موزیکێکی کارە ئۆپێراییەکانی موزیکناسی ( ئیتالی) ( ڕۆسینی ) یەوە ئاوێتە کردنیان لەگەڵ چەند جووڵەیەکی سەمایی گونجاو کارێکی بالێی داناوە بەناوی ( فرۆشگە سەیرو سەمەرەکە ) . بۆ زیاتر ئاشنابوون بە موزیکە سەماییەکانی ناو کارێکی ( بالێ ) دەتوانین بڕوانینە جووڵە موزیکییەکانی بالێی بەناوبانگی ( دەریاچەی مراوی ) . چایکۆفسکی . نمونە ( 54 )

جووڵەی یەکەم . موزیکی پێشەکی



## نـمـونـه ( 55 )

### جووڵەی دووەم . سەمای ڤاڵس .



## نـمـونـه ( 56 )

### جووڵەی سێیەم . Dance Of the Swans . سەمای مراوییەکان .




## نـمـونـه ( 57 )

### جووڵەی چوارەم . سەمای هەنگاری .



# 3. گاڤۆت . Gavotte

ئەم جۆرە موزیکە سەماییە لە بنەڕەتدا سەمایەکی میللی ( فەرەنسی )یە و یەکێکە لە موزیکە سەماییە دیارەکان لەنێو موزیکە سەماییە جیهانیەکاندا . لە ناوەڕۆکی میلۆدیەکاندا پشت بە دانانی گوشاری دەنگ دەبەستێت واتا ( Accent ) . بەردەوام بە ڕیتێمێکی دووانی دادەڕێژرێت و تیمپۆیەکی چالاك و شادی هەیە . بەزۆری سەرەتای دەسپێکردنی ئاوازەکان لە گافۆتدا لەسەر ترپە بێهێزەکانی خانەی یەکەمەوە دەست پێدەکات و دواتر لەگەڵ ترپەکانی خانەی کۆتایی ئاوازەکەدا ڕەوتی ڕیتمیی ئاوازەکە ڕادەگرێت . موزیکی سەمایی ( گافوت ) زۆر جار لە بۆتەی موزیکی سەمایی ( سویت ) دا کاری پێ دەکرێت ، وەك نمونەی سویتەکانی موزیکناسی بەناوبانگ (یۆهان سباستیان باخ) .
نمونەیەك لە موزیکی سەمایی ( گاڤۆت ) .

نـمـونـە ( 58)

نمونەیەك لە ( گاڤۆت ) . یۆهان سباستیان باخ .



## 4 . ڤاڵس . Waltz

یەکێکە لە سەما کلاسیکییە کۆنەکان ، کە زیاتر لە سەدەی ( نۆزدەیەم ) دا پەرەی سەندووە . سەمای ( ڤاڵس )لە بنەڕەتدا سەمایەکی میللی( ئەڵمانی )یە ، کە هەڵگری تیمپۆیەکی خاو ڕەوتەو لەسەر ڕیتمێکی سیانی دادەڕێژرێت ، کە لەسەرەتاکاندا هەمان ئەم موزیکە سەماییە هەڵگری ناوێکی تر بووە ، وەپێی وتراوە (نادلر )وە دواتر بە سەمای ( ڤاڵس ) ناسراوە . ئەم وشەیە لە وشەیەکی ئەڵمانییەوە سەرچاوە دەگرێت ، کە ئەویش وشەی ( Walzen )ە ، کە بە واتای (سوڕانەوە ) دێت .

موزیکی سەمایی ڤاڵس دوو جۆری جیاوازی هەیە :.

یەکەم: ( **ڤاڵسی خێرا** ): ئەم جۆرە ڤاڵسە تیمپۆیەکی چالاك و خێرای هەیە سەرەتای سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ( 1870 ) ، ئەمیش لە وڵاتی ( نەمسا ) و ( بوهیمیا ) بووە . ئاشکرایە ، کە موزیکناسی بلیمەت ( یۆهان شتراوس ) چەندین شاکاری لەم جۆرەی ڤاڵس نووسیوە .

دووەم: ( **ڤاڵسی خاو** ) ، ( Slow Waltz ): هەڵگری تیمپۆیەکی خاو ڕەوت و هێمنە ، لەلای میللەتانی ( ئینگلیز ) سەری هەڵداوە . دواتر لە ڕێگەی موزیکناسە کلاسیکی و ڕۆمانتیکییەکانەوە پەرەی پێدراوە . لەو موزیکناسانەش (بیتهۆڤن ) و (مۆتزارت ) بوون ، کە بەشێوەیەکی گونجاو ئەم

جۆرە ڤالسەیان لەشاکارەکانیاندا بەرجەستە کردووە ،کە زیاتر میلۆدی ڤالسەکانیان لە ناوەڕۆکی دوو ڕستەی موزیکی هەشت خانەییدا نووسیوە .

لەڕووی پێکهاتنەوە وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا موزیکی سەمایی ڤالس ، لەسەر ڕیتمێکی سیانی دادەڕێژرێت ، کە ئەم نمونەیە چۆنیەتی یەك بەدواییەك هاتنی ترپەکانی ئەو ڕیتمە سیانییە پیشان دەدات .

نـمـونـە ( 59 )

ڕیتمی سەمای ( ڤالس )




هەروەها شێوەی بنیادنان و داڕشتنی موزیکیی ( ڤالس ) وەك بۆتەیەکی موزیکیی بچووك بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت :.

ا . میلۆدییەکی خاو ڕەوت و سادە ، دەبێتە سەرەتای ( ڤالس )ەکە .

ب . یەك بەدوای یەکهاتنی میلۆدی و ئاوازەکان و نمایشکردنی تیمپۆ و ڕێتمی ( ڤالس )ەکە ، بەڕوونی .

ج . کۆتایی هێنان بە ئاوازەکان لە ڕێگەی دانانی ( کۆدا . Coda )، لەسەر هەمان پەیژەی موزیکی ئاوازەکانی پێشووتر .

دەکرێ لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین ، کە ئەم شێوە داڕشتنەی موزیکی سەمایی (ڤالس ) ئەو شێوەیە بوو ، کە موزیکناسی بەناوبانگ ( فرانز شۆبەرت ) ، تایبەت بە (ڤالس ) دایناوەو پەیڕەوی کردووەو ، دواتریش زۆر لە موزیکناسەکانی پاش خۆی کاریان پێکردووە . دیارە لێرەدا پێویستە ڕۆڵی کارایانەی موزیکناس ( ڤیبەر ) و (شتراوس ) لە بیر نەکرێت ، کە توانیویانە

فراوانبوونێکی بەرچاو ببەخشنە بۆتەی موزیکیی سەمایی ( ڤاڵس )  بە پشت بەستن بەهەمان ئەو شێوە داڕشتنەی ( فرانز شۆبەرت ) .

بڕوانە نمونەیەك لە ( ڤاڵس ) :.

نـمـونـە ( 60 )

دانوویی شین ( Blow Danub ) . یۆهان شتراوس .



# 5 . تانگۆ . Tango

جۆرێکە لە مۆزیکە سەماییە ناودارەکان ، سەرەتای سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ ( قەرەجەکانی ئیسپانیا ) کە کۆمەڵێك بوون لەڕێگەی کۆچکردنیان بۆ وڵاتی (ئەمریکای لاتین ) بەتایبەتی وڵاتانی ( ئەرجەنتین ) و ( کوبا ) و ( بۆرگوای ) برەویان بەم شێوە موزیکییە سەماییە دا .

وشەی ( تانگۆ ) ، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ وشەی ( Tangono ) ، کە بە گۆرانییە میللییە ئیسپانییەکان وتراوە لە سەدەی ( حەڤدەم ) دا ، دواتر هەر لەو سەردەمەوە ، ڕاستتر لە سەرەتاکانی سەدەی ( هەژدەیەم )ەوە ، بووە موزیکیی سەمایی بەناوبانگی (تانگۆ ) و سەرجەم دنیای ئەوروپای گرتەوە هەر لەو ساتانەشدا بوو ، کە هەردوو موزیکی سەمایی ( پۆڵکا ) و مازۆرکا ) بڵاوبوونەوە .

موزیکی سەمایی ( تانگۆ ) ، لە ناوەڕۆکدا بریتییە لە ئاوازێکی موزیکی نەرم و لە هەمان کاتیشدا بە جووڵە و شاد ، کە لەسەر ڕیتمێکی دووانی یان چواری دادەڕێژرێت . وە یەکێك لەو ئنسترۆمێنتە موزیکییانەی ، کە بەردەوام لەتەك موزیکی سەمایی ( تانگۆ )دا دەگونجێت ئنسترومێنتی ( ئۆکردیۆن ) یان هەر کام لەو ئنسترومێنتانەی ، کە سرووشتی دەنگی لە ( ئۆکردیۆن )ەوە، نزیکە بۆ نمونە ئنسترومێنتی ( باندیلۆن )ە . لێرەدا دەتوانین بڕوانینە شێوەی ڕیتمی تانگۆ و ترپە موزیکییەکانی :.

نـمـونـه ( 61 )

پیتمی موزیکی سەمایی ( تانگۆ )



نـمـونـەیـك لە موزیكی سەمایی ( تانگۆ )

نـمـونـه ( 62 )

سەمای ( تانگۆ ) . ئالبیز .



## 6. پۆلۆنیز . Polonaise

جۆرێکە لە مۆزیکە سەماییەکان بۆ یەکەمجار لە ناوەڕاستی سەدەی (شازدەیەم)دا، لە ولاتی (پۆلۆنیا)، سەری هەڵداوە لە ساڵی (1574)لەشاری (کراکاو) لە ئاهەنگی بە شاهانەی (هینری باینری)دا دەبیٚ کاتێك ، کە کۆمەڵە کوڕو کجێکی نەوجەوان هەڵدەستن بە نمایشکردنی جووڵە سەماییەکان بە هاوشانی مۆزیکێکی سەمایی ، کە لەو سەردەمەدا ئەم سەمایەیان بەسەمای (پۆلۆنی) ناوبردووە . دواتر هەر ئەم سەمایە وەك مۆزیکێکی سەربەخۆ گەیشتۆتە زۆر لە وڵاتانی ئەوروپاو بووەتە یەکێکێك لە مۆزیکە سەماییە بەناوبانگەکان و بەسەمای (پۆلۆنیز) ناسراوە . لەڕووی پێکهاتنەوە مۆزیکی سەمایی (پۆلۆنیز) بریتییە: لە مۆزیکێکی ڕیتم ئاسان و سەمایی کە بەردەوام لەسەر بنەمای ڕیتمە سیٚ زرمەییەکان یان ڕیتمی سیانی دا دەڕێژرێت .

وەك ئاشکرایە لەو مۆزیکناسە جیهانییە بلیمەتانەی ، کە لەم جۆرە مۆزیکە سەماییەیان زۆر نووسیوە ، هەردوو مۆزیکناسی بەناوبانگ (فردێدریك شۆپان)و (ڤیبەر)بوون .

نموونەیەك لە موزیکی سەمایی (پۆلۆنیز). نـمـونـە ( 63 )

پۆلۆنیز – ژمارە 6 – فرێدریك شۆپان



## 7. پۆلكا . Polka

موزیكی سەمایی (پۆلكا) لە لەبنچینەدا بەو سەما میللییە پۆلۆنیانە وتراوە ، كە زیاتر لە دێهات و شوێنەوارە میللیەكانی (پۆلۆنیا)دا بلاّوبووە . وە لەساڵی 1840دا دەبێت ، كە (پۆلكا) لەسنوورە دێهاتییەكان دێتە دەرەوەو وەك هونەرێكی موزیكی سەمایی سەربەخۆ دێتە ناساندن .

لێرەدا دەكرێت ئاماژە بەكارایی موزیكناسە (چیكی)یەكان بدەین ، كە ڕۆڵێكی كارگەریان لەسەر گەشەكردن و فروانبوونی (پۆلكا) هەبووە ، وەك بۆتەیەكی سەمایی سەربەخۆ .

لە ڕووی ناوەڕۆك و بنیادنانەوە (پۆلكا) موزیكێكی سادەی دەبێت و لەسەر بنەمای ڕیتمە دووانییەكان یان دوو ترپەیییەكان دادەڕێژرێت . وە یەكێك لەو جۆرە نۆتانەی ، كە لە داڕشتنی ئاوازەكانی (پۆلكا)دا زۆر كاری پێدەكرێت ، نۆتەی (كرۆشی خاڵدارە) . دەكرێ بووترێ ئەمە بووەتە یەكێك لە خەسڵەتەكانی موزیكی سەمایی (پۆلكا) .

بڕوانە نموونەیەك لە (پۆلكا).

نـمـونـە ( 64 )

نموونەیەك لەسەمای (پۆلكا).


etc...

# 8. مازورکا . Mazurka

یەکێکە لە موزیکە سەماییە کلاسکییە کۆنەکان ، بەسەمایەکی میللی کۆنی(پۆلۆنی) ناسراوە . لە ڕووی پێکهاتنەوە برتییە لە موزیکێکی هێمن ،کە لەسەر بنەمای ڕیتمێکی سیانی دادەڕێژرێت . ڕەوتی نۆتەکانی لەسەرەتای هەموو خانەیەکدا لێکچوو دەبێت ، کە زیاتر یەك بەدوای یەکهاتنی نۆتەیەکی (کرۆشی خاڵدار)و بەدوایدا نۆتەیەکی (دەبڵ کرۆش) دێت . دەکرێت ئەمە یەکێك لەتاتیبەت مەندییەکانی (مازورکا)بێت . هەروەها لە ناوەڕۆکی ئاوازەکانیدا گرنگی زۆر بە هێزی زرمە موزیکییەکان دەدرێت ، بەدانانی(Accent). بۆیە زۆر (مازورکا) هەڵگری مۆرکێکی سروود ئامێز یا مارشی سەربازی دەبێت . هەر لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە موزیك و سروودی نیشتمانی (پۆلۆنیا) بدەین ، کە لەسەر بنەمای شێوەی داڕشتنی موزیکی سەمایی (مازورکا) داڕێژراوە ، لەدانانی موزیکناس و ئەفسەری سوپای (پۆلۆنی) (دیمبروفسکی)یە .

بڕوانە نموونەیەك لە (مازورکا) .

نـمـونـە (65)

نموونەیەك لە – مازورکا – لەدانانی (فینۆفسکی)



# 9. بالاد . Ballade

سەرەتا بەو گۆرانییە میللییە ساکارانە دەوترا ، کە لەگەڵ سەما میللییەکاندا دەوتراوە ، شێوەیەکی سەما ئامێزی هەبووە . دواتر هەر گۆرانی (بالاد) بوو ، کە بووە بۆتەیەکی موزیکی سەمای سەربەخۆ ، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (چواردەیەم)ی پێش زانینی .

(بالاد) لە ڕووی پێکهاتنەوە بریتییە لە موزیکێکی کادانزی واتا زۆرجار ئاوازەکانی (بالاد) تا ڕادەیەکی زۆر خاڵی دەبێت لە ڕیتم . بەردەوام لەسەر بنەمای ڕیتمە شەشییەکاندا دەرێژرێت وە هەندێك جار موزیکی سەمایی بالاْد ، گوزارشت لە بابەتێکی نوسراوی وەك (هۆنراوە، چیرۆك) دەکات .

لەو موزیك زانە جیهانییانەی ، کە بەڕادەیەکی زۆر موزیکی سەمایی (بالاد)یان نووسیوە ، موزیکناسی بەناوبانگ(فردێك شۆپان)ە ، کە بەناوبانگترین بالادەکانی لەسەر ناوەڕۆکی چەند هۆنراوەیك ، کە ڕاستەوخۆ ناوەڕۆکی ئەو هۆنراوەیە نزیكو ئاشنابوون بە ژیان و یادگارییەکانی (شۆپان)خۆیەوە داڕشتووە . دواتریش موزیکناسی بلیمەت (یۆهان برامز) کۆمەڵە شاکارێکی لە شێوازی موزیکی سەمایی (بالاد) نووسیوە ، کە تاڕادەیەك کاریگەی بالاْدەکانی (شۆپان)ی بەسەروە بووە . بڕوانە نمونەیەك لە (بالاد) . نـمـونـە ( 66 )

بالاد لەدانانی (کیریان فۆرمیسکۆ).



## 10. ســاراباند . Sarabande

ئەم جۆرە موزیکە سەماییە ، زیاتر لە وڵاتانی وەك (فەرەنسا)و (ئینگلتەرا)دا بەربڵاو بووە . دەکرێت بۆ زانیاری لەسەر سەرەتاکانی سەرهەڵدانی (ساراباند) پشت بەو بۆچوونەی مێژوونووسی ئیسپانی (فوتەر) ببەستین ، کە لە کتێبی (مێژووی موزیکی ئیسپانی)دا هاتووەو ، سەرەتاکانی سەرهەڵدانی موزیکی سەمایی (ساراباند) دەگێرێتەوە بۆ سەدەی (شازدەیەم) .

وەك دەزانین سەمای (ساراباند) یەکێکە لە سەما سەرەکییەکان لە بۆتەی موزیکی سەمایی (سویت)دا . وە لە هەمانکاتدا وەك بۆتەیەکی موزیکی سەمایی سەربەخۆش دەرکەوتووە . لە ڕووی پێکهاتنەوە موزیکی سەمایی (ساراباند) موزیکێکی خاو ڕەوت و هێمنی هەیە و لەسەر بنەمای ڕیتمە سیانییەکان دا دەرێژرێت زیاتر ڕستە موزیکییەکانی لە ڕستەی موزیکی دوو دەستەواژەیی پێکدێت کە هەریەك لە دەستەواژەکانی لە هەشت خانە پێکدێت .

یەکێك لەو موزیکناسانەی ، کە هەوڵی زیاتر فروانکردنی (ساراباند)ی داوە موزیکناس (کوریللی) بووە . دیارە موزیکناسی بلیمەتیش (یۆهان سباستیان باخ) ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە ، لە گەشپێدانی بۆتەی موزیکی سەمایی (ساراباند) داو چەندین موزیکی لەم بۆتەیەدا نووسیوە . بڕوانە یەکێك لەو نموونانە.

نـمـونـە ( 67 )

نموویەك لە (ساراباند) – یۆهان سباستیان باخ .



## بەشــی چـــوارەم

# بۆتە گـۆرانـی ئـامـێـزەکـان

# بۆتە گـۆرانــی ئـامـێـزەکـان

بەگشتی بۆتە گۆرانی ئامێزەکان بەسەر دوو جۆردا دابەش دەبن:.

یەکەم/ (بۆتەی گۆرانی ئامێز (لیرکی) یاخود (موزیکی مرۆیی) .

دووەم/ بۆتەی گۆرانی ئامێزو ئنسترومێنتی .

دیارە هەریەك لەم بۆتانەی سەرەوە ، چەندین جۆر بۆتەی جیاجیای لێدەبێتەوە ، کە هەرەیەکەیان هەڵگری تایبەتمەندی خۆیەتی لە ڕووی ناوەڕۆك و پێکهاتنەوە ، بەم پێیە لێرەوە دێینە سەر باسی بۆتەکانی هەریەك لەو دوو بۆتەیەی سەرەوە .

## یەکەم/ بۆتە گۆرانی ئامێزەکان

لە ڕووی ناوەڕۆك و پێکهاتنەوە بە گشتی ئەو بۆتانە دەگرێتەوە ،کە لە ئاکامی ئاوێتە بوونی دەنگە مرۆیەکان و دەنگە ئنسترومێنتە موزیکییەکان دروست دەبن و بە هونەری (گۆرانی) دەناسرێن . دەکرێت وەك سەرەتاییترین بۆتەی موزیك دابنرێن ، ئەویش لەو ڕوانگەیەوە ، کە قورگی ئادەمیزاد بە کۆنترین ئنسترومێنتی موزیکی دادەنرێت ، بۆیە بەو پێیە هونەری (گۆرانی)ش بە دێرینترین بۆتەی موزیك دادەنرێت .

دەکرێت بەپێی ناوەڕۆك و پێکهاتن و شێوەی کارکردنی موزیکییانە بۆتەی گۆرانی ئامێزەکان بەسەر دوو کۆمەڵی جیاواز دابەشبکرێن .

1. بۆتەی گۆرانی ئاینی ( Sacred Song )
2. بۆتەی گۆرانی دنیایی ( Secular Song )

هەریەك لەم دوو بۆتە گۆرانی ئامێزە ، چەند بۆتەیەكی جیاوازی هەیە لە بابەتەكانی پێشتردا ئاماژەمان پێداون . لێرەوە بە شێوەیەكی وردتر باسیان لێوە دەكەین .

## 1- بۆتەی گۆرانی ئاینی

بە شێوەیەكی گشتی سەرجەم ئەو گۆرانییانە دەگرێتەوە ، كە لە بابەتێكی ئاینیدا بەرجەستە دەبن . لە سەرەتاكاندا لەكڵێسا و شوێنە پیرۆزەكاندا نمایشكراون . هەر ئەم جۆرە گۆرانییە ئاینییانە بوون ، كە دواتر بوونەتە بۆتەیەكی موزیكی سەربەخۆو جێی گرنگی پێدانی موزیكناسەكانی سەردەمە موزیكییە جیاوازەكان . وەك ئاشكرایە سەرجەم خانەوادەی موزیكناسی بەناوبانگی ئەڵمانی (یۆهان سباستیان باخ) ڕۆڵێكی كارایان هەبووە لە برەو پێدانی ئەم بۆتەیەی گۆرانی لێرەدا باس لەگرنگترین و بلاوترین بۆتەو شێوازەكانی گۆرانی ئاینی دەكەین .

### • موتیت ( Motet ):

یەكێكە لە جۆرە بەناوبانگەكانی گۆرانی ئاینی یاخود موزیكی مرۆیی، كە بەهۆی كۆمەڵە دەنگێكی مرۆیی جیاواز لە ڕووی چینی دەنگییەوە دێتە نمایشكردن . زیاتر وەك دەنگ نماش دەكرێت بەبێ پاڵپشتی كۆمەڵێك لە ئنستروMێنتە موزیكییەكان ، هەندێك جار نەبێت ، كە ئنسترومێنتێكی وەك (ئۆرگی كڵێسا)بۆتە پاشینەیەك بۆ ئەم جۆرەی گۆرانی ئاینی ئەمیش لەسەرەتاكاندا .

**لە ڕووی ناوەڕۆك و داڕشتنی موزیکییەوە (موتیت ، بەشێوەی (کانون) یاخود شێوەی (فۆگە ـ Fugue) کاری لەگەڵ دەکرێت ، بە پاڵپشتی ڕێبازی (کۆنتەرپۆینت) بەشێوەیەکی موزیکیی گونجاو بە ڕادەیەك ، کە لە ناوەڕۆکی گۆرانییەکەدا بەڕوونی بابەت و مۆرکی ئاینی گۆرانییەکە دەبیسترێت . دەکرێت سەردەمی (ڕێنیسانس)ی موزیك بە سەردەمێکی زێڕین دابنرێت ، تایبەت بە گۆرانی (موتیت)کە لەم سەردەمەدا کۆمەڵێك موزیکناسی وەك (بالسترینا) و (ئۆرلاندۆ دیلاسۆ)و(ویڵب)و چەندینی تر ڕۆڵێکی بەرچاویان لە فراوانبوون و گەشەسەندنی گۆرانی ئاینی (موتیت)دا هەبووە .**

**بڕوانە ڕستەیەکی میلۆدی لە (موتیت) .**

**نـمـونـە ( 68)**

**نموونەیەك لە (موتیت)ێکی موزیکناس (ئۆرلاند ۆ دیلاسۆ).**



## • ماس( Mass ):

(ماس ) یاخود (گۆرانییە پیرۆزەکان). یەکێك بووە لە گۆرانییەکانی کڵێسای (کاسولیکی) پەیوەست بووە بە دەقی ئەو تێکستانەوە ، کە تایبەت بۆ بۆنە ئاینییەکان و جەژنەکان نووسراوە . دواتر زۆر لەنوێژ و نزاکانی ناو کلێساکان بەشێوەی گۆرانی (ماس) وتراوە ، وشەی (ماس) لە وشەی ( Missa )ەوە هاتووە بەواتای (پیرۆز) .

گۆرانی (ماس) لە ناوەڕۆکدا لە پێنج بەشی جیاواز پێك دێت ، کە ئەمانەن .

أ- کیری (Kyrie)

ب- گلۆریا(Gloria)

ت- کریدۆ(Credo)

پ- سانکتوس(Sanctus)

ج- ئاگنوس (Agnus)

کە هەریەك لەم بەشە پێکهێنەرانەی گۆرانی (ماس) جۆرە نوێژو نزاو موناجاتێکی ئاینی تایبەتە ، کە لە کلێساکاندا بە هاوبەشی (قەشە) و (کۆمەڵی نوێژکەران) دەوترێت .

گۆرانی (ماس) لە ڕووی پێکهاتنەوە بریتییە: لەو بەشانەی ، کە ئاماژەی پێدراوە . جگە لەو بەشانەش هەموو گۆرانییەکی (ماس) پێشەکییەکی هەیە ، کە پێی دەوترێت (Intoit)  بەشێکی کۆتایش ، کە بە (Commanion) ناو دەبرێت .

چۆنیەتی یەك بەدوایەك هاتنی بەشەکانی گۆرانی پیرۆزی (ماس)، بەم شێوەیە دەبێت: بەشی یەکەمی واتا (کیری) لە دوو نزاو پاڕانەوە پێکدێت، یەکەمیان (پاڕانەوە لەخوای پەروەردگار) (Kyrie eleison)ە، کەسێ جار

دووپات دەکرێتەوە پاش ئەمە (پاڕانەوە لە مەسیح) یان ( Christe eleison ) کە ئەمیش سێ جار دووپات دەبێتەوەو ، دواتر بەشی یەکمی سێ جار دەووترێتەوە ، پاشان بەشی دووەم دێت ،واتا (گلۆریا) ، کە بە هاوبەشی (قەشە)و کۆمەڵی نوێژکەران دەوترێت . باس لە گەورەیی خوای پەروەردگار دەکات ، ئینجا بەشی سێیەم واتا (کریدۆ) ، کە باس لە یاساکانی ئیمان و یەك خوایی دەکات دەوترێت . دواتر ئاوازەکانی (سانکتۆس) و (ئاگنوس)دێت ، کە بەشی (ئاگنوس) سێ جار دووپات دەکرێتەوە، دواتر بەشی کۆتایی دەوترێت . بەم شێوەیە گۆرانی پیرۆزی (ماس) کۆتایی دێت .

یەکێك لە بەناوبانگترین جۆرەکانی گۆرانی پیرۆزی (ماس (Missa prodefuncti)ە ئەم جۆرە تایبەتە بە مەراسیمەکانی مردن و ڕێڕۆشتنەکانی بەخاك سپاردنی مردووەکان ، کە زۆر لە موزیکناسەکانی سەردەمە موزیکییە جیاوازەکان بەشێوەیەکی تایبەت گرنگییان بەم جۆرەی (ماس)داوە ، لەوانەش موزیکناسەکانی وەك (باخ، بیتهۆڤن، مۆتزارت، ڤێردی، برلیوز)و چەندانی تر.

بڕوانە نمونەیەك لەگۆرانی (ماس) .

نـمـونـە ( 69 )

نموونەیەك لەگۆرانی پیرۆزی (مـاس)– جیڤانـی بالـستریـنـا.



## • سـروودە گـریـگۆرییـەکان (Gregorian Song)

سەرجەم ئەو گۆرانی و سروود و موناجاتە ئاینییانە بوون ، کە(قەشە گریگۆر 590–604)ز بەناوی (سروودە گریگۆرییەکان) کۆی کردبوونەوە . لە سەرەتادا لە چەند ئاوازێکی (مۆنۆفۆنی) ساکار پێکهاتبوون تا دواتر بە شێوازێکی (پۆلیۆفۆنی) چڕ دەووترا . تێکستی سروودە گریگۆرییەکان لە وتە پڕ بە هاکانی کتێبی پیرۆزی (ئینجل) پێکهاتبوو ، لەگەڵ سەردەمە جیاوازەکاندا ئەم جۆرە گۆرانییە ئاینییە گرنگییەکی زۆری پێدراوە ، لە وڵاتانی ئەوروپا دا بە تایبەتی لە وڵاتی (ڕۆما)دا . وە سەرجەم ئەم گۆرانی و سروودە پیرۆزانە لە کتێبی (ئەنتیفۆنین)دا، نووسراونەتەوەو لە زۆر کلێساکانی دنیادا پارێزراون . لە ڕووی ناوەڕۆك و پێکهاتنەوە سروودە گریگۆرییەکان زیاتر لە شێوازێکی موزیکی سێ بەشی دان وە شێوەیەکی (کادانزی)یان هەیەو دوو جۆری جیاوازیان هەیە .

أ– ئەکسنتوس: ئەمیش وتنی سروودە گریگۆرییەکانە لەسەر یەك دەنگی موزیکی جێگرو نەگۆڕ ، وە بە زۆری لەلایەن قەشەی کلێساکانەوە دەوترێت .

ب– کۆنسنتۆس: ئەم شێوازەیان وتنی سروودە گریگۆرییەکانە بە شێوەیەکی گۆرانی ئامایز (لیرکی) ، زیاتر لەلایەن کۆمەڵی نوێژکەرانەوە دەوترێت .

بڕوانە نموونەیەك لە (سروودی گریگۆری).نـمـونـە ( 70 )

نـمـونـەیـەك لە (سروودی گریگۆری).



## • ئـــۆراتـــۆريـــۆ (Oratorio)

وشەی (Oratorio)، لە بنچینەدا لە وشەی (Oratorio)یەوە هاتووە ، بە واتای (پەرستگاو شوێنە پیرۆزەکان) . وەك ئاشکرایە بۆتەی گۆرانی ئاینی (ئۆراتۆریۆ) ، بە (ئۆپێرای ئاینی)ش ناسراوە، بۆیە تا ڕادەیەکی زۆر هەمان بۆتەی هونەری (ئۆپێرا) وەردەگرێت ، بە جیاوازی ناوەڕۆکی بابەتی دراميیان کە دیارە ئۆراتۆریۆکان هەڵگری ناوەڕۆکی ئاینین . خۆ گەر بڕوانینە ئۆراتۆریۆ سەرەتاییەکان دەبینین ناوەڕۆکی درامایی بابەتەکانیان ڕاستەوخۆ لە چیرۆك و بە سەرهاتەکانی حەزرەتی (ئیبراهیم) و (ئیسحاق) و (ئەیوب)ەوە وەرگیراوە . یان بە شێوەیەکی ڕوونتر ئۆراتۆریۆ کۆنەکان گوزارشتیان لە ژیانی حەزرەتی (مەسیح)کردووە . بۆ نموونە لە ناوەڕۆکی ئۆراتۆریۆ کۆنەکاندا بەشێك هەیە کە پێی دەوترێت (Passion) لە کڵێسای ئەڵمانییەوە ماوەتەوەو بریتییە: لە گێڕانەوەیەکی ڕوونی دوا ساتەکان و ئازارەکانی (مەسیح)ی گەورە .

مێژووی سەرهەڵدانی ئەم بۆتەیەی گۆرانی ئاینی دەگەڕێتەوە بۆ (چاخە ناوەندییەکان) ، کە بەشێوەیەکی ساکارو سەرەتایی لەنێو کڵێساکاندا بڵاوبۆتەوە دواتر(فیلیب نیری) قەشە لە سەدەی (شازدەیەم)دا بەدانانی نموونەیەك لەئۆراتۆریۆ لەسەر شێوازێکی دەنگیی ئۆپێرایی تا ڕادەیەك ئەم بۆتە گۆرانییە ئاینییەی برەو پێدا لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین ،کە موزیکی ئەم ئۆراتۆریۆیە لە نووسینی موزیکناس (کاڤالییری) بووە ، وە بۆ یەکەم جار لەساڵی (1600)ی زاینی لە کلێسایەك دا نمایشکراوە . دواتر دەکرێت بۆ ناساندنی (ئۆراتۆریۆ) ، بە شێوەیەکی فراوانترو وەك ئۆپێرایەکی ئاینی ، ئاماژە بەئۆراتۆریۆکانی هەردوو موزیکناس (مازوکی)و کاریسیمی) بکەین ، کە ڕاستەوخۆ لە ئۆراتۆریۆکانیاندا پەیوەستبوونێکی ئاشکرا بەبنەماو پێکهاتە

سەرەکییەکانی کارێکی ئۆپێرایی ڕەچاو دەکرێت . وە لە ناوەڕۆکیاندا دەرک بەگرنگی پێدانی دەنگە مرۆییەکان دەکرێت وەك: (کۆرس)و(سۆلۆ) و ئاوازە سەرەکییەکانی وەك (ئاریۆArio) پشت بەستن بە شێوازی وتنی (ڕیستایتڤ) دواتر هەر لەسەر بنەماکانی ئۆراتۆریۆکانی (مازوکی) و (کاریسیمی) موزیکناسی بەناوبانگ(ئەلیکسندەر سکارلانی)، پانتاییەکی فراوانتری دایە هونەری (ئۆراتۆریۆ)، ئەویش بەزیادکردنی چەند شێوە ئاوازێکی تری وەك (ئاریا داکاپۆ)و(بیل کانتۆ) . دواتر دەکرێت ڕۆشنایی بخەینە سەر ئۆراتۆریۆ ڕیستاتیڤی یە بەناو بانگەکانی موزیکناسی ئەڵمانی(هاینریش شوتس) کە لە دیارترین ئۆراتۆریۆکانی ئۆراتۆریۆی (جەژنی لەدایکبوون) و (ئۆراتۆریۆی مەسیح) ە ، کە بە شاکارترین نموونەکانی بۆتەی گۆرانی ئاینی (ئۆراتۆریۆ)دادەنرێن . لە شێوازی داڕشتن و پێکهاتنی (ئۆراتۆریۆ)دا ، ئەم کارە دراماییە ئاینیە گۆرانی ئامێزەی ، کە دروست دەکرێت پشت بە کۆمەڵێك ڕەگەزی موزیکی دەبەستێت دیارترینیان شێوەی (ڕیستایتڤ) و(ئاریا)یە، سەرەنجام بە کارکردنێکی وردی موزیکییانەی ئەم ڕەگەزانە لەتەك دەنگە مرۆییە کۆمەڵەکان(کۆرس)وتەنیاکان)(سۆلۆ یان مۆنۆدی)دواتر گونجاندنیان لەگەڵ ئنسترۆمێنتە موزیکییەکان و ئاوێتە بوونیان لەگەڵ جووڵە سەماییەکان دەبنە هۆی پێکهێنانی بۆتەی گۆرانی ئاینی (ئۆراتۆریۆ) . بڕوانە نوونەیەك لە (ئۆراتۆریۆ).

نـمـونـه ( 71 )

ئۆراتۆریۆی (شاداوود) هینیجیر.



## 2/ بۆتەی گۆرانی دنیایی (Secular Song)

سەرجەم ئەو بۆتە گۆرانییانە دەگرێتەوە ، کە هەڵگری بابەتێکی ئاسایی ڕۆژانەن دوورن لە هەموو تێکست و بابەتێکی ئاینی . بە پێی سەردەمە جیاجیاکان چەندین جۆر لەم بۆتە گۆرانی ئامێزانە سەریانهەڵداوە ، دەکرێت هەندێکیان لە ڕووی داڕشتن‌و پێکهاتنەوە بۆتەیەکی ساکاریان هەبێت ، وە پێچەوانەشەوە هەندێکی تریان هەڵگری ناوەڕۆك و پێکهاتەیەکی چڕو فراوانن ، لەڕووی بینادنان‌و داڕشتنی موزیکییەوە . لێرەدا ڕۆشنایی دەخەینە سەر گرنگترین جۆرەکانی شێوازو بۆتە گۆرانییە دنیاییەکان .

- **گۆرانی میللی**

ئەم جۆرە ڕەنگە ساکارترین شێوازی هونەری گۆرانی بێت ، وە لە هەمانکاتدا لە ڕووی موزیکلۆژییەوە گرنگییەکی تایبەتی هەیە ، بنەما موزیکییە سەرەکییەکانی هەموو میللەتانی دنیا لەسەر شرۆڤەکردنی ئەم جۆرە گۆرانی دێتە ناساندن و دەکرێت ڕاستەوخۆ پێناسەیەکی ڕوونی ژیان و تراديسۆن و کەلتوری میللەتان لە ناوەڕۆکی ئەم جۆرەی گۆرانیدا ببینینەوە . سەرەتاییترین جۆرەکانی گۆرانی میللی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شارستانییەتی کۆنی(ڕومانی‌و یۆنانی)یە کۆنەکان ، دیارە دواتر چەندین گرووپی گۆرانی بێژ سەرهەڵدەدەن ، کە لە دیاریترینیان گرووپی(گەڕۆکەکان) دەبێت لە (فەرەنسا) پێش ئەمانیش چەندین گروپی گۆرانی بێژی دی لە ولاتەکانی ئەوروپادا پەیدا دەبن ، و لە بەناوبانگترینیان گروپەکانی

**(ترۆبادۆر)و(ترۆفیر)و گرووپی (مینانسجەر)دەبن ، کە شێوازی گۆرانی میللی بە شێوەیەکی بەربلاۆتر بەدنیا دەناسێنن .**

**لە گرنگترین خەسلەتەکان ، کە پێکهاتەی گۆرانی میللی پێ دەناسرێتەوە، بە گشتی ئاسانیوساکاری بابەتە پێکهێنەرەکانیەتی ، ڕوونتر گۆرانییەکی میللی هەلگری ئاوازێکی میلۆدی ساکار و تێکستێکی ئاسان و ڕیتمێکی موزیکی سادە دەبێت . وە لەڕووی داڕشتنەوە زیاتر گۆرانی میللی بە هەردوو بۆتەی موزیکی (یەك بەشی)و(دووبەشی) کاری لەگەڵ دەکرێت ، بۆتەی یەکەمیان لە تەنیا یەك ڕستەی موزیکی ئاسان پێکدێت ، کە بەردەوام دووپات دەبنەوەو ، وە لە بۆتەی دووەمدا دوو ڕستەی موزیکی جیاواز ، کە بەردەوام بەدوای یەکدا دووپات دەبنەوە ، دەبنە بنەمای داڕشتنی گۆرانییە میللییەکە .**

**بڕوانە نموونەیەك لە گۆرانی میللی کە بە شێوەیەکی دوو بەشی دروست بووە**

**نـمـونـه** ( 72)

**نمونەیەك لە گۆرانیەکی میللی (ئینگلزی) گۆرانی (ڕۆشنایی مانگ).**



## • مادریگال (Madrigal)

ماردیگال سەرەتا لە سەدەی (شازدەیەم)دا لە (فلۆرنسا) بلاوبونەتەوە ، دیارە گروپی (تربادۆر) ڕۆڵێکی بەرچاویان لە گەشەسەندی ئەم جۆرە گۆرانییەدا هەبووە  هەر لەو سەردەمەدا بوو، کە چەند بۆتەیەکی تری گۆرانیی لێکچوو بە گۆرانی (مادریگال) سەریهەڵدا، لەوانەش بۆتەیەکی گۆرانی بوو ، کە لەبەشی سەرووی وڵاتی (ئیتالیا)دا پەیدا بوو بە (فرۆتولا) ناسرابوو ، بە چوار چین دەنگی مرۆیی جیاواز دەووترا ، دواتر لە وڵاتی ئیتالیا لە ساڵی/1545 جۆرێکی دی لەم بۆتە گۆرانییە سەریهەڵدا ئەویش بە (ڤیلانلا)دەناسرا ، هەر لەو ساتانەشدا بوو، کە بۆتەی گۆرانی دنیایی (مادریگال) بە دەرکەوت . لە سەرەتادا گۆرانی (ماردیگال) ، لە گۆرانییەکی ئاسانو بچووك پێکهاتبوو، دواتر قوتابخانەی (فرانکۆ فلەمنکی)و (ئادریان ڤیلرت)ی دامەزرێنەری قوتابخانەی (ڤینیسیا)، ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە فراوانکردنی گۆرانی (مادریگال). لێرەدا پێویستە ئاماژە بە هەوڵەکانی موزیکناس (جاك ئارکادیە)بەکەین  کە لەساڵی 1539 کۆمەڵە گۆرانییەکی مادریگال نووسیووە ، لە بەناو بانگترینیشیان مادریگالی (مراوی سپی)یە . لە سەرەتای سەدەی (حەڤدە )دا چەند موزیکناسێکی وەك (مونتڤردی)و(دی روری)و (جیزوالدۆ)و(ئۆراسیوڤیکی) شێوە داڕشتنێکی نوێیان بە مادریگال بەخشی، ئەویش بەدانانی ئاوازەکانی مادریگال بەشێوەیەکی (کرۆماتیکی – ڕەنگاو ڕەنگ) .

دواتریش زۆر لە موزیکناسەکان لە فراوانکردنی گۆرانی (مادریگال)دا بەردەوام بوون ، لە بەناوبانگترینیان (بالسترینا، دیلاسۆ، مورللی، بیرد، جیونز، ڤیتوریا، ویبی) بوون . گۆرانی (مادریگال) لە ڕووی داڕشتن و پێکهاتنەوە لەدوو تا چوار ئاواز یان ڕستەی موزیکی پێکدێت، کە بە چەند چینێکی دەنگی مرۆیی

جیاواز دەوترێت بەشێوەی (كۆڕاڵ ـ Choral) . یەكێك لە بۆتە سەرەكییانەی، كە لەداڕشتنی مادریگال دا پشتی پێدەبەسترێت (كانون ـ Canon)ە .

بڕوانە نموونەیەك لە گۆرانی (مادریگال) .

نـمـونـە ( 73 )

نمونەیەك لە (ماردیگال) ێكی موزیكناس (كلاودیۆ مونتڤردی).



## • ئاریا (Aria)

یەکێکە لە جۆرە گرنگەکانی بۆتەی گۆرانی دنیایی، کە دەبێتە ڕەگەزێکی بنیادنەر لە هونەری (ئۆپیرا)دا . سەرەتای سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (حەڤدەیەم) ، کە لەو ساتەدا (ئاریا) لە پێکهاتە سەرەکیەکانی هونەری (ئۆپێرای فەرەنسی) بووە . دیارە بۆتەی گۆرانی دنیایی (ئاریا) سەربەخۆییەکی تەواوی خۆی هەبووە ، وەك بۆتەی سەربەست لەلای زۆر لە موزیکدانەرەکان وەك بۆتەیەکی سەربەخۆکاری بۆ کراوە ، تەنها وەك ڕەگەزێکی هونەری (ئۆپێرا) کاری لە تەك نەکراوە  بۆیە زۆرجار ئەم بۆتەیە لە بۆتەیەکی گۆرانی ئامێز دەرچووە و وەك بۆتەیەکی موزیکیی نمایشکراوە . وە زۆرجار لە بۆتەی موزیکیی سەمایی (سویت)دا، بۆتەی (ئاریا) پانتاییەکی فروانی بۆ خۆی داگیرکردووە ، وەك چۆن لە (سویت – ریێ مێجەر)ی موزیکناس (باخ)دا دیارە .

کاتێ باس لە (ئاریا) دەکەین وەك بۆتەیەکی گۆرانیی ، دەبێت ڕاستەوخۆ ئاماژە بە شاکارە ئۆپێراکانی موزیکناسەکانی وەك (ریتشارد ڤاگنەر) (مۆتزرات) بدەین ، کە لە زۆرینەی بەرهەمە ئۆپێرایییەکانیان ئەم بۆتەی (ئاریا) بۆتە ڕەگەزێکی بنیادنەر لە سەردەمی موزیکناس (مۆتزارت)دا جۆرێکی دی لە بۆتەی گۆرانی (ئاریا) هەبووە ، کە بە (کاڤاتینا ـ Cavatina) ناسراوە .لە ناوەڕۆکدا بریتی بووە لە (ئاریا)یەکی بچووك  لە دوو توێی دوو بیرۆکەی موزیکی کورتدا داڕێژراوە. دیارە ئەم جۆرەی ئاریا لەنێو شاکارە ئۆپێرایییەکانی (مۆتزارت) بە ڕوونی دەبیسترێت . بەتایبەت لە ئۆپێرای (دۆن جیوڤانی)دا .

شێوەی داڕشتنی (ئاریا) بەپێی سەردەمەکان گۆڕاوە . بۆ نموونە لەسەدەی حەڤدەم زیاتر بە بۆتەی (دوو بەشی) داڕێژراوە ، دواتر لە کۆتایی سەدەی (هەژدەم)  بە بۆتەی (سێ بەشی) ، کار لەگەڵ ناوەڕۆکی بۆتەی گۆرانی

(ئاريا) كراوه ، كه بەم شێوه داڕشتنەی (ئاريا) وتراوه (ئاريا داكاپۆ) ، كه بريتی بووه له نمايشكردنی بەشی يەكەم ، دووەم و دواتر دووپات كردنەوەی بەشی يەكەم ، كه دەكرێت بڵێين هەمان ئەو پێكهاتەيەی، كه له بۆتەی داڕشتنی موزيكی سەمايی (مەنەوێت)دا ڕەچاو دەكرێت. لێرەدا دەكرێت ئاماژه به شێوەی داڕشتنی (ئاريا) بدەين لەلای موزيكناس (رامبۆ)، كه له ناوەڕۆكدا لەسێ بەشی موزيكی جياواز پێكهاتبوو بەبێ دووپات بوونەوەی هيچ كام له بەشەكانی بڕوانه نموونەيەك له بۆتەی گۆرانی دنيايی (ئاريا) .

نـمـوونـه ( 74)

نموونەيەك له (ئـاريـا ) – (مـۆتـزارت)




## • ئايردی كۆر(Airde Cour)

له سەرەتاكانيدا يەكێك بووه له بۆته گۆرانييه تايبەتيەكانی ميللەتی (فەرەنسی) . وه سەرەتای سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوه بۆ كۆتايی سەدەی (شازده) يەكێك له پێكهاته و خەسڵەته ڕوونەكانی ، لەو سەردەمەدا ئەوه بووه كه تايبەت به تەنيا دەنگێكی مرۆيی نووسراوه و هاوبەشی ئنسترومێنتی موزيكی كۆن(عود ـLute)نمايشكراوه.پاشان به هاوبەشی ئنسترومێنتی (هاريسيكۆرد) و به پشتبەستنی زياتر به دەنگه گرەكان به شێوەی (باسی بەردەوام و بازنەيی ـ Basso Continuo) وتراوه ، به ناوبانگترين موزيكناس ، كه لەو سەردەمەدا

گرنگیەکی بەر چاوی بە گۆرانی (ئایردی کۆر)داوە ، هەردوو موزیکناسی بلیمەت (کۆردۆن)و (بوسیە) بوون ، کە یەکەمیان بۆتەیەکی درامایی بۆ دڕاشتنی گۆرانی (ئایردی کۆر) بەکار دەهێنا، بەڵام (بوسیە) پشتی بە بۆتەیەکی داڕشتنی فروانتر دەبەست ، کە دواتر هەر ئەم بۆتەی (بوسیە) بووە بنەما بۆ سەرهەڵدانی هونەری (بالێی ئایردی کۆر). ئەمیش لەسەردەمی (لویس)ی سیازدەیەم)دا بوو . شێوەی داڕشتنی گۆرانی (ئایردی کۆر) شێوازێکی (دوو بەشی) دەگرێتە خۆ لەناوەڕۆکی دوو بیرۆکەی موزیکی هاوسەنگدا ، هەندێك جار لەناوەڕۆکی ئاوازەکانی گۆرانی (ئایردی کۆر)دا شێوەی وتنی مەقامی(کادانزی) دەبیسترێت ، دەکرێت ئەمیش یەکێك بێت لە خەسلەتەکانی بۆتەی گۆرانی دنیایی (ئایردی کۆر) .

بڕوانە نموونەیەك لە (ئایردی کۆر) .

**نـمـوونـە ( 75)**

**نموونەیەك لە (ئایردی کۆر) – هاندڵ**

**پارچە موزیکێك کە لەسەر بۆتەی (ئایردی کۆر) دانراوە.**



## • ئۆپێرا(Opera)

بۆتەی گۆرانی و درامی (ئۆپێرا) بە یەکێك لە بۆتە گۆرانییە دنیاییە فراوانەکان دادەنرێت ، کە ژمارەیەکی زۆر بەرچاو لە موزیکناسە جیهانیەکان لە سەردەمە موزیکییە جیاکاندا چەندین نموونەی شاکارییان لەم بۆتە هونەریەی گۆرانی درامایی نووسیوە .

وشەی ئۆپێرا ، لە بنچینەدا وشەیەکی (ئیتالی)یەو ، بەو دەقە شانۆییانە وتراوە  کە سەرجەم وشەکانی لە ناوەڕۆکی ئاوازێکی گۆرانی ئامێزی تایبەتدا نمایش کراوە .

سەرەتای سەرهەڵدانی هونەری ئۆپێرا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1600ی زانینی بەڵام پێش ئەم سەرەتایەش دەکرێ شانۆیە (ئیغریقیە کۆنەکان) بە سەرەتایترین نموونەی هونەری ئۆپێرا دابنرێت ، کە تیایدا ڕەگەزەکانی (نواندنی شانۆیی، موزیك، دەنگە مرۆییەکان، جووڵە سەماییەکان ....)یەکیان گرتووە . لەلایەکی دی چەندین نموونەی جۆراوجۆری هونەری شانۆیی لەو سەردەمانەدا و کەمێك پێشتریش بوونیان هەبووە ،  ڕاستەوخۆ لە پێکهاتەی داڕشتنیاندا پشتیان بە موزیك و گۆرانی بەستووە  بە ناوەکانی (مۆنۆدیا) و (میلۆدراما) (دیالۆگی موزیکیی) ناسرابوون . دەکرێت ئەمانەش بە نموونەیەکی سەرەتایی لە ئۆپێرا بناسرێن ، کە هەر لەسەر بنەمای ئەم جۆرە کارە شانۆییانەوە بوو لە ساڵی (1597) لە کۆشکی (باردی) میردا لە (فلۆرنسا) یەکەمین نموونەی هونەری ئۆپێرا نمایشکرا . ئەمیش ئۆپێرای (دافنە) بوو ، لە دەقێکی میللی ئەفسانییەوە وەرگیرابوو ، لە دانانی موزیکناس (یاکوب بیری) بووە  هەر پاش ئەمیش ساڵی 1600 ئۆپێرای (ئویریدیسیا) نمایشکرا ،

دەقەکەی لە داستانی ئەفسانەیی (ئۆرفیوس و ئویردیسیا) لە دانانی موزیکناس (یاکوب بیری) و (گالیوکاسینی) وەرگیرابوو .

لە داڕشتن و پێکهنانی (ئۆپێرا)دا، یەکەمین هەنگاوی موزیکدانەر دانانی موزیکێکی پێشەکییە بۆ کارە (ئۆپێرا)ییەکە ، ئەم پێشەکییە بە (ئۆڤەرتیور ـ Overture) ناسراوە، دواتر پەیوەست بوونی موزیکدانەر بە تێکست و دەقە شانۆییەکەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی سەرجەم میلۆدی و ئاوازە گۆرانی ئامێزەکانی ناو بەرهەمەکە . دیارە لێرەدا یەکێك لەو خاڵە گرنگانەی ، کە موزیکدانەر لەبەر چاوی دەگرێت دروستکردنی پەیوەندیەکی گونجاوە لەنێوان دەنگە مرۆییەکان بەپێی جیاوازی چینە دەنگییەکانیان ، لەگەڵ ئاواز و میلۆدیەکاندا . دیارە هەریەك لەو دەنگە مرۆییانە ڕۆڵی کارەکتەرێکی نێو دەقەکە نمایش دەکات . وەك ئاشکرایە بۆتەی نووسینی میلۆدییەکان بۆ دەنگە مرۆییەکانی ناو بەرهەمێکی (ئۆپێرا) زۆرن  کە دەکرێت لێرەدا ئاماژە بەهەندێکیان بدەین . بۆ نموونە نووسینی میلۆدی تایبەت بە دەنگە مرۆییە کۆمەڵەکان (کۆراڵ) ، یا بۆ دەنگی تەنیا (سۆلۆ یا مۆنۆدی) وەیا نووسین بە شێوەی (ڕیستاتیڤ) یا بەشێوەی (کولوراتورا)، واتا بۆتەیەکی مەقامی (کادانزی) و زۆر شێوەی تریش .

بەپێی تێڕوانینی ئۆپێرا دانەری ئەڵمانی (کریستۆف فیلیباد جلوك) چەند خاڵێکی گرنگ هەیە ، کە ئەگەر پەیڕەو بکرێت سەرەنجام دەبێتە هۆی بنیادنانی (ئۆپێرا) یەکی پوخت و هونەری ، کە ئەمانەن .

1–موزیك لە کارێکی ئۆپێرا دا دەبێتە هۆیەکی یاریدەدەر بۆ گوزارشتکردن لە ناوەڕۆکی دەقە شانۆییەکە .

2–دەنگە مرۆییەکان لە ئۆپێرادا دەکرێت وەك کارەکتەرێکی نێو دەقە شانۆییەکە بەپێی ڕۆڵە شانۆییەکانییان وە دەرخستنی توانای دەنگیان وەك

گۆرانیبێژێکی ئۆپێرا کاریان لەگەڵ بکرێت وە دەکرێت لە سنووری ڕەوتی درامی دەقەکە دەرنەچێت .

3-ئەو (ئۆڤەر تیور)ەی ، کە بۆ ئۆپێراکە دەنووسرێت گرنگە ئاشنا بێت بە ناوەڕۆکی دەقی شانۆیی ئۆپێراکەوە .

4-دەکرێت موزیکدانەر پەنا بباتە بەر سەرجەم هۆکارە جاوانکارەکان لە داڕشتنی میلۆدییەکاندا ، بەتایبەت پشت بەستن بە (گۆڕانگاری مەقامی ـ Modulstion) .

5-دوور کەوتنەوە لە هەموو هۆکارە موزیکییە قورس و چڕەکان بەتایبەتی کە هیچ پەیوەندیەکیان بە ناوەڕۆکی دەقی شانۆیی ئۆپێراکەوە نەبێت وە مەبەست لێی پیشاندانی سەلیقەی موزیکدانەرەکە بێت .

6-زۆرجار موزیکدانەر دەبێت یاساو ڕێزمانە موزیکییەکان بە پێی پێویستی میلۆدی و ئاوازەکان بەرجەستە بکات .

7-سەرەنجام موزیکدانەر دەبێت بەردەوام لە بیری ئەوە دابێت ، کە کارێکی ئاسان بێنێتە ئەنجام بۆ کەسی گوێگر .

ئەمانە خوێندنەوەی موزیکناسێکی وەك (جلوك)ە، بۆ دڕاشتنی ئۆپێرایەك لە هەمان کاتدا چەندین موزیکناسی تر هەبوون ، کە خاوەنی گەنجینەیەکی پڕ لە شاکاری ئۆپێران وەك (مۆتزارت، ڤیردی، ڤاگنەر، مونڤردی ....) و زۆری تر، هەریەك لەمانە بە تێڕوانینی موزکی خۆی کاری لەگەڵ هونەری (ئۆپێرا)دا کردووە .

گرنگترین و بەر بڵاوترین جۆرەکانی (ئۆپێرا)، بەپێی سەردەمە موزیکییە جیاکان بریتییە لە:-

1) **ئۆپێرای کورت:** لە ئۆپێرایەکی ئاسان و کورت پێکدێت، کە لەناوەڕۆکی تەنیا یەك بەشدا نمایش دەکرێت، نموونەش وەك ئۆپێرای

(شۆڕەسوارێکی دێهاتی) موزیکناسی (بۆتشینی)، یاخود ئۆپێرای (فاوست)ی موزیکناسی (گۆنود) .

بڕوانە نموونەیەك لە ئۆپێرای کورت .

نـمـوونـە ( 76 )

نموونەك لە ئۆپێرای (فاوست) – گونود




2) **ئۆپێرای ساناو سووکەڵە:** ئەمیش لە ڕووی ناوەڕۆکی بابەتەکەیەوە هەڵگری بابەتێکی سووکەڵەو سانا تاڕادەیەکی زۆر جەماوەری دەبێت . نموونەش وەك ئۆپێرای (سەرتاشی ئیشبیلیە)ی موزیکناسی بەناوبانگ (ڕۆسینی) .

بڕوانە نموونەیەك لەم جۆرەی ئۆپێرا.

نـمـوونـە ( 77 )

نموونەیەك لە ئۆپیرای (سەرتاشی ئیشبیلیە – ڕۆسینی) .




3) **ئۆپێرای کۆمیدی** ، لە ناوەڕۆکدا هەڵگری بابەتێکی کۆمیدی دەبێت نموونەش ئۆپێرای (دون جیوڤانی)ی بەناوبانگی موزیکناس (مۆتزارت)، یان ئۆپێرای (خانمی کەنیزە)ی موزیکناس (جوزیللی) .

بڕوانە نموونەیەك لەئۆپێرای کۆمیدی

نـمـوونـه ( 78 )

**نموونەیەك لە ئۆپێرای (دون جیوڤانی) — موتزارت).**




4) **ئۆپێرای ڕۆمانتیکی:** بە شێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە لە هونەری ئۆپێرا زیاتر هەڵگری ئەو بابەتانە دەبن ، کە گوزارشتێکی ڕاستەوخۆ لە بابەتێکی سۆزداری یان خۆشەویستی دەکەن . ڕەنگە زیندووترین نموونە بۆ ئەم جۆرەی ئۆپێرا شاکارەکانی موزیکناس (ڕیتشارد ڤاگنەر)بن . بڕوانە نموونەیەك لە ئۆپێرای ڕۆمانتیکی .

نـمـوونـه ( 79 )

**نموونەیەك لە ئۆپێرای (تریستیان و ئیزۆڵد) ڤاگنەر**






- **ئۆپەرێت** (Operet):

ئەم جۆرەیان دەچێتە خانەی بۆتە گۆرانییە شانۆیی یا درامییەکانەوە . لە ڕێی موزیکناسی فەرەنسی (جاك ئۆفنباخ)ەوە ، بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەی پێدراوە کاتێك هونەری ئۆپێرا ، گەیشتبووە ئاستێکی هونەری پوخت ، لەو ساتانەدابوو، کە بۆتەیەکی گۆرانی شانۆیی سەریهەڵدا ئەویش (ئۆپەرێت)بوو. کە لە سەرەتاکاندا بە(Opera Bouffe) ناسرا . ئەم سەرەتایەش دەگەڕێتەوە بۆ چاخی ڕۆمانتیکی موزیك . لەو ساتانەدا وشەی (ئۆپەرێت) وشەیەکی نوێ نەبوو ، بەڵکو پێشتر لە سەدەی (هەژدەیەم) دا بەو جۆرە ئۆپێرا سەرەتاییانە دەوترا ، کە لەڕووی موزیك و ناوەڕۆکەوە زۆر چڕ نەبوون . هەرهەمان کات بەجۆرە موزێکێکی ئەڵمانیش دەوترا کە زیاتر لە ناوەندی کۆڕو دێباتەکاندا نمایش دەکراو پێ دەوترا (زینجشیل). لەسەر ئەو بنەمایە ، موزیکناسی فەرەنسی (ئۆفنباخ) بە سوود وەرگرتن لە (ئۆپێرای کۆمیك) توانی شێوازی (ئۆپەرێت) بەشێوەیەکی هونەری گونجاو بناسێنێت ، کە لە ئۆپەرێتەکانیدا بە ڕوونی دەبینرێت . بەتایبەت لە هەردوو ئۆپەرێتی (ئورفیس لە دۆزەخ)دا و (هیلینی جوان) .

ئۆپەرێت لە ڕووی پێکهاتە و ناوەڕۆکەوە بریتییە لە نمایشێکی شانۆیی کە لەداڕشتنیدا ، موزیك و گۆرانی وەك دوو ڕەگەزی بنیادنەر پانتاییەکی فراوان لە بەرهەمەکە داگیر دەکەن . زیاتر دەقی نووسینی ئۆپەرێت بە شێوەی پەخشان دەنووسرێت ، جگە لە هەندێکی دەقەکە شێوەی تێکستێکی شیعری دەبێت . لە هونەری ئۆپێەرێتدا موزیك و گۆرانی لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر پێویست دەبێت واتا لەسەرەتاوە بەرهەمەکە بە موزیك و گۆرانی داناڕێژرێت ، بەڵکو بەپێی پێویستی ڕەگەزی موزیك و گۆرانی کاری پێ دەکرێت .

بڕوانە نموونەیەك لە (ئۆپەرێت)

نـمـوونـە ( 80 )

ئاوێزێك لە ئۆپەرێتی (The Great Days) لەدانانی (ئۆفنباخ).



## • گۆرانی کۆرس و کۆمەڵ (کۆڕاڵ ـ Choral).

دەکرێ ئەم جۆرەی گۆرانی وەك گۆرانییەکی ئایینی و دنیاییش بناسرێ ئاشکرایە سەرچاوەی سەرهەڵدانی ئەم جۆرە گۆرانییە کڵێساو شوێنە پیرۆزەکان بووە وە سەرجەم تێکستەکانی ئەم جۆرە گۆرانیانە لە سەرەتاکانیدا هەڵگری ناوەڕۆکێکی ئاینی بووەو دواتر لەگەڵ فراوانبوونیدا بەتێکستی جیا لە بابەتی ئاینی واتە تێکستێك ، کە ناوەڕۆکێکی دنیایی هەبووە وتراوە. سەرەتاییترین شێوەی کۆڕال بەو گۆرانییە ئاینییانە وتراوە ،کە لە کڵێسای (پروتستانتی) ئەڵمانیدا بە چەند ئاوازێکی سووك و ئاسان بە دەنگی کۆمەڵی نوێژکەران وتراوە ، بەبێ هاوبەشی ئنسترومێنتیە موزیکییەکان. تا لە سەدەی (حەڤدەیەم) ئنسترومێنتی موزیکی (ئۆرگ)ی تایبەت بە کڵێسا هەندێك جار دەبووە هاوشانی دەنگە مرۆییەکان . ئەو دەنگانەی ، کە لە گۆرانییەکی کۆڕالدا بەپێی چینی دەنگی بەسەر چەند کۆمەڵێکدا دابەش دەبن ، بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازی دەنگی نێرینە و مێنیە ، کە هەریەك لەم چینە دەنگییانەش ناوێکی تایبەت بەخۆی هەیە .

دەکرێت دابەشبوونی ئەم چینە دەنگییانە بە گشتی بەسەر چوار چیندا دەبەش بکرێن کە ئەمانەن :

1- سۆپیرانۆ-Soprano چینی دەنگی تیژی ئافرەت .

2- ئالتۆ- Altoo چینی دەنگی گڕی ئافرەت .

3- تینۆر- Tenor چینی دەنگی تیژی پیاو .

4- باس - Bass چینی دەنگی گڕی پیاو .

دواتر بەپێی فراوانی ئاوازەکانی (کۆرال)ەکە، هەریەك لەم چینە دەنگییانە جۆری تریان لێ دەبێتەوە وەك: (میتزۆسۆپرانۆ) ، کە تیژترین دەنگی ئافرەت و منالە وە (کۆنترئالتۆ) گڕترین دەنگی ئافرەت وە(باریتۆن) گڕترین دەنگی پیاوە . هەندێك جار دەنگە تیژەکانی پیاو بەپێی جیاوازییان بەسەر (تینۆری یەکەم دووەم)دا دابەش دەبن .

لە داڕشتنی بەرهەمێکی (کۆراڵ)یدا ، موزیکدانەر پەیوەست دەبێت بە تێکستێکی شیعرییەوە ، کە دواتر ئەم تێکستە دەبێتە هۆی داڕشتنی میلۆدی و ئاوازەکانی ناو کۆڕاڵەکە و بەپێی گونجاندنی ئاوازەکان لەگەڵ چینەدەنگییە جیاوازەکاندا کار لەگەڵ دەنگە مرۆییەکاندا دەکات . بە شێوەیەك هەریەك لە چینە دەنگە مرۆییەکان لە مەودای دەنگیی تایبەتی خۆی تێپەڕ نەکات و بەپیادە کردنی دابەشکردنێکی هاودەنگ و چڕ . لە زۆربەی بەشەکانی بەرهەمێکی کۆڕالیدا زۆرجار موزیکدانەر پەنا دەباتە بەر نمایشکردنی میلۆدییەکان لە ڕێی دەنگی مرۆیی تاکە کەس و (سۆلۆ - Solo)وە زۆرترین بەشی میلۆدییەکانی تر بەشێوەی کۆمەڵ دەوترێت ، زۆرن ئەو موزیکناسە جیهانییانەی ، کە لە فراوانکردن و گەشەسەندنی بۆتەی گۆرانی (کۆڕاڵ)دا زۆر چالاك و کارابوون ، بەڵام دەکرێت شاکارەکانی موزیکناسی ئەڵمانی (یۆهان سباستیان باخ) لە نموونە زیندەوەکان بن .

بڕوانە نموونەیەك لە (کۆڕاڵ) .

نـمـوونـە ( 81 )

کۆڕاڵی ژمارە (38) (یۆهان سباستیان باخ) .



## دووەم: بۆتە گۆرانی ئامێزو ئنسترومێنتیەکان

بەگشتی ئەو بۆتانە دەگرێتەوە ، کە ناوەڕۆك و پێکهاتەیەکی گونجاویان بۆ دڕاشتنی بۆتەی موزیکیی تایبەت بە ئنسترومێنتە موزیکیەکان ، لە هەمان کاتدا بۆ موزیکە مرۆییەکان هەیە. گرنگە ئاماژە بەوە بدەین ئەم بۆتانە زۆر جار وەك ڕێباز و ڕێسایەکی موزیکی چڕ بە مەبەستی داڕشتنی میلۆدی و ئاوازەکان کاری پێکراوە . ڕەنگە بە ڕوونی ئەمە لە ناوەڕۆکی شاکارە موزیکییەکانی سەردەمە کاندا ببینین .

نموونەکانی بۆتە گۆرانی ئامێزو ئنسترومێنتیەکان بریتین لە:-

### 1/ فۆگە ( Fugo ):-

یەکێك بوو لەو بۆتانەی ، کە میلۆدی و ئاوازەکانی لە تەنیا هێڵێکی میلۆدی ئاسۆییەوە گۆڕی بۆ چەند هێڵێکی میلۆدی ئاوێتە بووی یەکتری ، کە لەیەك ساتدا ببیسترێن بە پشت بەستن بە هەردوو شێوەی (کۆنتراپۆینت) و (پۆلیفۆنی)یەوە، لەو سەرەتایانەدا چەندین بۆتەی موزیکیی و موزیکی مرۆیی وەك (مۆتیت، کانزونتە فانتازیا....)و چەندین تر بەم بۆتەیە کاریان لەگەڵ کراوە .

لە سەدەی (شازدە)دا بۆتەی (فۆگە) فۆرمێکی جێگیر وەر دەگرێت ، بە هەوڵی چەند موزیکناسێکی ئەو سەردەمە وەك (یۆهان سباستیان باخ) و (فرێدریك هاندل) وە چەند ئۆرگ ژەنێکی کلێساکانی ئەو سەردەمە وەك (راینکن) و (فرسکوبالدی) و چەندانی تر.

له شێوەی پێکهاتن و داڕشتندا بۆتەی (فۆگە) بەردەوامن بە ئاوازێکی سەرەکی دەست پێدەکات ، کە بە (Subject) ناو دەبرێت . ئەم ئاوازە سەرەکییە دەبێتە سەرەتایان ، پێشەکییەك بۆ بەشێکی نویٚ ، کە ئەویش بەشی( نمایشکردن . Exposition) ە ، کاتێك ، کە بۆتەی (فۆگە) تایبەت بۆ دەنگە مرۆییەکان دەنووسرێت ، ئەم ئاوازە سەرەکییە بەسەر چینە دەنگییە مرۆیەکاندا دابەش دەبێت و بەشێوەی وەڵام دانەوە(Imitation) نمایش دەکرێت . زۆرجار لە ئەنجامی دووپات بوونەوە و دابەشبوونی ئاوازە سەرەکییەکە بەسەر چینە دەنگییە مرۆییەکاندا ئاوازێکی دژ بە ئاوازە سەرەکییەکە دروست دەبێت واتا(Counter Subject) ، کە بەشێوەیەکی گونجاو ئاوێتەی ئاوازە سەرەکییەکە دەبێت. کۆتایی هاتنی بەشی (نمایشکردن) لە کاتێکدا دەبێت ، کە سەرجەم چینە دەنگییە مرۆییە بەشدارەکان یەك جار تێکڕای ئاوازە سەرەکییەکە نمایش بکەن ، پاشان بەشێکی نویٚ دەست پیٚ دەکات ، کە ئەویش بەشی (هەڵچوون و فراوانبوونی ئاوازەکان)ە . لەم بەشەدا تا ڕادەیەك دوورکەوتنەوە لە ئاوازی سەرەکی یەکەم دەبنین، ئەویش بە چوونە نێو هەندێك پەیژەی موزیکی نوێوە ، کە لەم بەشەدا بە هەمان شێوەی بەشی یەکەم پشت بەشێوەی (Imitation) دەبەسترێت . بۆ ئاوازەکان بە شێوەیەکی گشتی لەم بەشە دا ئاوازی سەرەکی بە شێوەی ڕاستەوخۆ هەمووی نمایش ناکرێت ، بەڵکو سەرەتایەکی ئاوازەکە نمایش دەکرێت و ڕاستەوخۆ بزر دەکرێت، کە بەم شێوە کارکردنەش دەوترێت(Stretto) . مەبەست لێی ڕاکێشانی گوێگر و هەوڵدانە بۆ گەڕانی ئەو بە دوای ڕستە موزیکییە تەواو کەرەکانی ئاوازەکان . لەو شوێنانەدا ، کە ئاوازە سەرەکییەکە تەواو ناکرێت هەندێك میلۆدی ورد و جیاواز نمایش دەکرێن ، کە پێیان دەوترێت (Episode). پاش ئەم بەشە ئاوازی کۆتایی دێت لە ناوەڕۆکدا لەسەر پەیژەی موزیکی سەرەکی ئاوازەکانی سەرەتای بەشی یەکەم دادەڕێژرێت .

دەكرێت شێوەی داڕشتن لە بۆتەی گۆرانی ئامێز و ئنسترومێنتی (فۆگە)دا بەشێوەی (سێ بەشی) بناسێنین ، لە هەمان كاتدا ئەگەر بە وردی بڕوانینینە یەك بەدوای یەك هاتنی ئاوازەكانی شێوەو بۆتەی داڕشتنی (سۆناتا)ی تیایدا دەبینینەوە .

بڕوانە نموونەیەك لە بۆتەی ( فۆگە ) .

نـمـوونـە ( 82 )

نموونەیەك لە فۆگە لەدانانی . یۆهان سباستیان باخ .



## 2/مۆنۆفۆنی (Monophony):

دەکرێ مۆنۆفۆنی بە یەکێك لە شێوە سووکەڵە و ساکارەکانی داڕشتنی میلۆدی و ئاوازەکان بناسرێنرێ ، کە لە ناوەڕۆکدا لە میلۆدییەکی ئاسانی یەك هێڵی پێك دێ ، کە دەکرێت ئەم میلۆدییە بۆ دەنگێکی مرۆیی بنووسرێت ، یان بۆ یەکێك لە ئنسترومێنتە موزیکیەکان . ئەگەر بڕوانینە موزیکە جیهانیەکان ، دەبینین بۆتەی (مۆنۆفۆنی) پانتاییەکی فروانی لە داڕشتنی بۆتە گۆرانییە ئایینەیەکاندا داگیر کردووە . بۆ نموونە بۆتەکانی وەك (ماس ، متیت، سروودە گریگۆری)یەکان و چەندین نموونەی تر . لەلایەکی تر زۆر لە میلۆدی و ئاوازەکانی بۆتەی (سۆناتە)کان بە تایبەت لەسەدەی (حەڤدەیەم) دا بە پشت بەستن بەم بۆتە داڕێژراوە . بۆ نموونە ئەو (سۆناتە)یانەی ، کە تایبەت بە ئنسترومێنتە تەنیاکانی وەك (فلوت، چەلۆ) نووسراوە ، وە نموونە یەکی تر کە هەر بەم شێوازە کاری لەگەڵ کراوە ، بۆتەی گۆرانیی دنیایی (گۆرانی میللی)یە . بڕوانە نموونەیە ك لە بۆتەی (مۆنۆفۆنی) .

نـمـوونـە ( 83 )

**گۆرانییەکی میللیی (سکوتلاندی)**



## 3/ هۆموفۆنی (Homophony):

ئەمە پێکهاتەیەکی فراوانتری لە بۆتەی (مۆنۆفۆنی)هەیە ، کە لە ناوەڕۆکدا لە ڕەوتی ئاوازێکی میلۆدی یەك هێڵی بە هاوشانی کردنی چەند ئاوازێك ، یاخود چەند چینێکی دەنگ هەڵچنراو لەسەر یەك بەپێی ڕێسا هارمۆنیەکان پێکدێت . دەکرێت ڕەوتی ئەم چینە دەنگییە هەڵچنراوانە شێوەیەکی وەستاو و ڕاکشاو وەر بگرێت و لە شێوەی ترپەی موزیکدا ببیسترێن یان شێوە یەکی ئارپێجی یەك بەدوای یەك هاتووی هەبێت .

لێرەوە دەکرێت دوو جۆر لە بۆتەی (هۆمۆفۆنی) بناسێنین .

1- بۆتەی هۆمۆفۆنی وەستاو .

2- بۆتەی هۆمۆفۆنی ئارپێچی .

سەرەتاییترین جۆری ئەم بۆتانە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی (شازدەیەم)ولەسەر دەستی موزیکناس و ئۆپێرادانەرە ئیتالیەکان گونجاندێکی ڕوونیان لە نێوان ئاوازە میلۆدییەکە و چینە دەنگییەکاندا بەرجەستە دەکرد . دواتر هەر لەسەر ئەم بنەمایە موزیکناسەکانی سەدەی (حەڤدە) بۆتەی هۆمۆفۆنی یان بە یەکێك لە بۆتە گرنگەکان دانا بۆ دڕاشتنی بۆتە موزیکییەکانیان . بڕوانە چەند نموونەیەك لە بۆتەی (هۆمۆفۆنی) .

نـمـوونـه ( 84 )

**بۆتەی هۆمۆفۆنی وەستاو (کاتشینی).**




نـمـوونـه ( 85 )

**بۆتەی هۆمۆفۆنی ئارپێچی (کاتشینی).**



# 4/پۆلۆفۆنی (Polophony):

ئەم بۆتەیەش وەك هەریەك لە بۆتە گۆرانی ئامێزو ئنسترومێنتیەکانی تر وەك شێوەیەکی داڕشتنی گونجاو بۆ موزیکە ئنسترومێنتیەکان و موزیکە مرۆییەکان کاری پێکراوە . دەکرێت بە یەکێك لە شێوازە کۆنو دێرینەکانی موزیك بناسرێت . (پۆلۆفۆنی) پانتاییەکی فروانترو چڕتری هەیە لە هەردوو بۆتەی (مۆنۆفۆنی)و (هۆمۆفۆنی)، کە لە ناوەڕۆکدا برتییە: لە ڕەوتی چەند ئاوازێکی میلۆدی جۆراوجۆر لەیەك ساتداو لەسەر بنەمایەکی هارۆمۆنی ،کە دەکرێت زیاتر چڕی ئەم بۆتەیە لە (پۆلۆفۆنی نوێ)دا ڕوونتر ببیسترێت . وەك ئاشکرا بووە ،کە زۆر لەشاکارە موزیکییەکانی سەدەی (شازدە)و دواتر لەپرۆسێسی بنیادنانو داڕشتنیان دا بەشەێوەیەکی بەرچاو پشتیان بەشێوازی (پۆلۆفۆنی) بەستووە ، بەتایبەت لە چاخی (باروك)ی موزیکدا ، کە ئەمەش بە ڕوونی لەشاکارەکانی موزیکناسەکانی وەك (باخ، بالیسترینا، ئۆرلاندۆ دیلاسۆ)دا ڕەنگی داوەتەوە . دەکرێت ڕوونترین نموونە پێشەکییە کۆراڵییە بەناو بانگەکەی موزیکناس(یۆهان سباستیان باخ) بێت ، لە کۆڕاڵی (بانگکردنی مەسیحی گەورە)دا . ئاوازە میلۆدییەکانی بۆ هەرسێ چینی دەنگی مرۆیی (سۆپرانۆ، ئالتۆ باس) دابەش کردووە .

لەکۆتایی چاخی (کلاسیك)ی موزیك و سەرەتای سەرهەڵدانی چاخی (ڕۆمانتیك)دا ، لە موزیکی موزیکدانەرەکانی ئەو سەردەمەدا تا ڕادەیەك گرنگی دان بە بۆتەی (پۆڵۆفۆنی) وەك شێوەیەکی داڕشتنی موزیکی کەم بووەوە . بەڵام دواترو لە سەدەی (هەژدە)دا بەشێوەیەکی نوێ بۆتەی (پۆڵۆفۆنی) ، لە کارە موزیکییەکاندا بەرجەستەکراو بە پشت بەستن بە ڕێساکانی (کۆنتراپۆینت)ەوە ئەم بۆتەیە بە (پۆڵۆفۆنی نوێ) ناسرا ، کە ئەم بەگەڕخستنەوەیەی (پۆڵۆفۆنی) لە

ڕێگەی موزیکناس (هیندمیت) ەوە بوو ، لە یەکێك شاکارەکانی دا بەناوی (ژیانی مریەم)دا دیارە .

بڕوانە نموونەکانی بۆتەی (پۆلۆفۆنی)

نـمـوونـە ( 86 )

نمونەیەك لە (پۆلۆفۆنی کۆن).



نـمـوونـە ( 87 )

نموونەیەك لە (پۆلۆفۆنی نوێ).



## بەشــی پێنجەم

# بۆتەی موزیکیی ئامێری (ئینسترومێنتی)

# بۆتەی موزیکیی ئامێری (ئینسترومێنتی)

بەگشتی سەرجەم ئەو موزیکانە دەگرێتەوە ، کە بۆ ئنسترومێنتە موزیکییە هەمەجۆرەکان دەنووسرێن . لە سەردەمی (باروك)ەوە ، گرنگی بە فراوان بوون و گەشەکردنی دراوە . لە ڕێی موزیکناسەکانی سەردەمە موزیکییە جیاکانەوە ، کە سەرەنجام چەندین بۆتەی موزیکی فراوان و پوختی وەك (سۆناتە، کۆنسەرتۆ سیمفۆنی) لیٚ دروستبووە .

لەڕووی پێکهاتەو ناوەڕۆکەوە ئەم بۆتەیە بەسەر دوو کۆمەڵی جیادا دابەش دەبێت .

أ) بۆتەی موزیکی ئنسترومێنتیی پەرتکراو یا دابەشکراو .

ب) بۆتەی موزیکی ئنسترومێنتیی بەیەك گەیشتوو .

هەریەك لەم دوو بۆتەیەش ، دواتر چەند جۆرێکیان لیٚ دەبێتەوە کە لێرەوە دێینە سەرباسکردن و شرۆڤە کردنیان .

## ا. بۆتەی پەرتکراو.

### 1) یەك بەشی (One Part):

بە یەکێك لە ساکارترین و کورترین بۆتەی موزیکی ئنسترومێنتی پەرتکراو دادەنرێت ، لە ناوەڕۆکدا بریتییە لە داڕشتنێکی موزیکی لەسەر بنەمای تەنیا بەشێکی موزیك و ئاوازێکی میلۆدی ڕوون و دووپات کردنەوەی بەشێوەو تەکنیکی هەمە چەشنە . دەکریٚ گونجاو ترین نموونە بۆ ئەم بۆتەیە

(گۆڕانکاری Variatons)بێت ، کە تیایدا بە ڕوونی ئاوازە سەرەکییەکە دەناسرێتەوە ، بە پێی ڕەوت و کاروانی سەردەمە موزیکە جیاوازەکان. هەر ئەم شێوازە وەك ڕەگەزێکی بنیادنەر لە داڕشتنی بۆتەی موزیکی هەمە جۆردا پشتی پێ بەستراوە ، کە لە بەناوبانگترین ئەو بۆتە موزیکییانە (سۆناتە)یە .

بڕوانە نموونەکەی خوارەوە:.

نـمـوونـە ( 88 )

سۆناتەی (Pathetique) بیتهۆڤن.




## 2) دووبەشی (Binary)

ئەم بۆتەیە وەك ڕەگەزێکی داڕشتنی موزیکییە ، بە شێوەیەکی فراوان لە نێوان ساڵەکانی 1650 بۆ 1750ی زاینی کاری پێکراوە . وەك ئاشکرایە ژمارەیەکی زۆر لە موزیکە ئنسترومێنتیەکانی ئەو سەردەمە بە بۆتەی (دووبەشی) داڕێژراوە، بە تایبەت ئەو موزیکانەی بۆ ئنسترومێنتی موزیکی (کلاڤیسان)نووسراوە . ئەو موزیکە سەماییانەی ، کە لە سەدەی (حەڤدە)دا دانراون بەتایبەتی ئەوانەی لە بۆتەی (سویت)دا نووسراون ، بە شێوازی (دووبەشی)داڕێژراون .

ناودارترین ئەو موزیکناسانەی ، کە بۆتەی داڕشتنی (دووبەشی) پانتاییەکی فراوانی لە ناوەڕۆکی کارە موزیکیەکانیاندا داگیر کردووە(فرانسوا کۆپران)و (سکارلاتی)و(ڤاندا لاندۆفسکا)بووە . بۆتەی (دوو بەشی) لە دووبەشی موزیکی سەرەکی پێکدێت ، کە هەریەك لەم بەشانە هەڵگری ئاوازێکە

بەشێوەیەکی یەك بەدوای یەك داهاتوو دەبیسترێن و ئاوازی یەکەم لەپەیژەیەکی مۆزیکی دەبێتەوەو ئاوازی دووەم لە پەیژەیەکی مۆزیکی نزیك‌و ئاشنای پەیژەی مۆزیکی یەکەمدا دەبێت بڕوانە نموونەی خوارەوە:.

نـمـوونـە ( 89 )

نموونەیەك لە بەشی یەکەم و دووەم لە سۆناتایەکی (جۆزیف هایدن).






## 3) ڕۆندۆ (Rondo):

به یەکێك له بۆته موزیکییه ئنسترومێنتییه کۆنەکان دادەنرێت ، پانتاییەکی فراوانی له داڕشتنی موزیکی سەردەمەکان دا هەیه ، به تایبەتی له سەدەی (حەڤدە)دا گرنگییەکی زۆری لەلایەن موزیکناسەکانی ئەو سەردەمه پێدراوه ، وەك چۆن موزیکناسی فەرەنسی (لوللی) له ئۆپێرای (تیزیۆس - Theseues) بەشێوەیەکی موزیکی گونجاو کاری پێکردووه . یان له موزیکه تایبەتیەکان بەئنسترومێنتی موزیکی (کلاڤیسان) له شاکارەکانی (رامۆ)و (کۆپران) دا بەشێوەیەکی فراوان کاری پێکراوه. خۆ ئەگەر بڕوانینه شاکارەکانی موزیکناسی ئەڵمانی (یۆهان سباستیان باخ)، ئەوه لەوێدا سەرجەم خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی بۆتەی (ڕۆندۆ) بەڕوونی دەبیستین . لەسەردەمی (کلاسیك)یشدا هەردوو موزیکناس(هایدن)و(مۆتزارت)گرنگی تەواویان به بەرجەسته بوونی ئەم بۆتەیه دەدا له موزیکەکانیاندا ، وه ئەوان هەوڵیان دەدا ، که بۆتەی (ڕۆندۆ) ، ئەرکی بەستنەوەی بەش و ئاوازه موزیکیەکانیان بۆ ببینێت ، ڕەنگه گونجاوترین نموونەی ئەمەش دوا جووڵەی سۆناتەی ژماره (7) له پەیژەی (ڕێی گەورهRe.M )ی موزیکناس (هایدن) بێت .

لێرەدا گرنگه ئاماژه بەوەش بدەین ، که بۆتەی (ڕۆندۆ) له داڕشتنی بۆتەی (سۆناته)شدا . گرنگییەکی بەرچاوی هەیه ، بەتایبەت لەدوا جووڵەیدا . بۆتەی موزیکی ئنسترومێنتی پەرتکراوی (ڕۆندۆ) له ڕووی ناوەڕۆك‌و پێکهاتنەوه بریتییه له دووپات بوونەوەی یان نمایشکردنەوەی ئاوازی یەکەم له پاش پیشاندانی هەموو ئاوازێکی نوێ ، به ڕادەیەك سەرەنجام ئاوازی یەکەم دەبێته سەرەکیترین ئاوازی نێو موزیکەکه ، که دەکرێت موزیکەکه لەسێ تا چوار بەش پێك بێت ، لەهەر بەشێکیدا ئەم بۆته بازنەییه ڕەچاو دەکرێت .

ئەگەر ئاوازەکان بە پیتی ئینگلیزی هێما بکەین پێکهاتەی بۆتەی (رۆندۆ) بەم شێوەیە دەبێت:

A…..B.....A…..C…..A…
1 2 1 3 1

بۆ زیاتر ئاشنابوون بە بۆتەی (ڕۆندۆ) بڕوانە ئەم نموونەیە .

نـمـوونـە ( 90 )

رۆندۆ – k.485 مۆتزارت .



## 4) گۆڕانکاری (Variatons)

یەکێك لە بۆتە موزیکییە ئنسترومێنتییە پەرترکراوە بەر بلاٌوەکانی تر بۆتەی (گۆڕانگاری)یە ، لە ناوەندی چاخی(بارۆك)ی موزیکدا موزیکناس بەمەبەستی درێژکردنەوەو فراوانبوونی موزیکەکانیان ئەم بۆتەیەی داڕشتنی موزیکییان بەکار ئەهێنا . دواتر هەر ئەم بۆتەیە گرنگییەکی زیاتری پێدرا لەلای موزیکناسەکانیاندا پشتیان بەم بۆتەیە دەبەست(باخ، برسل هاندل، مۆتزارت)و چەندانی تریش بوون .

ئەو جۆرانەی گۆڕانکاری ، کە موزیکناسەکانی سەردەمەکان پەیڕەویان کردووە، لە موزیککەکانیان دا بریتین لە:-

أ) گۆڕانکاری میلۆدی .

ب) گۆڕانکاری هارمۆنی (هاودەنگی).

ج) گۆڕانکاری ڕیتمی.

د) گۆڕانکاری بە پشت بەستن بە شێوەی (کۆنتراپۆینت).

هەندێ جار لە لێکدانی ئەم جۆرانەی سەرەوە و تێکەڵکردنیان جۆرێکی چڕتر یان لە بۆتەی (گۆڕانکاری) بنیاد نانەوە کاریان پێکردووە . بە گشتی ناوەڕۆك‌و پێکهاتەی بۆتەی (گۆڕانکاری) بریتییە لە جۆراوجۆر کردنی ئاوازی سەرەکی لەکارێکی موزیکیدا ، کە سەرەنجام ئەو ئاوازە تا ڕادەیەك گۆڕانێکی ڕوونی بەسەردا دێت ، ئەویش بە دوو شێوە دەبێت .

### یەکەم/ گۆڕانکاری یەك گرتوو لێکنەپچڕاو .

ئەو جۆرە گۆڕانکارییە لە ناوەڕۆکیدا هەست بە پچڕان و دابڕانی ئاوازەکان لەیکدی ناکرێت ، بە ڕادەیەك ئەگەر گوێبیستی ئاوازەکان لە چینی (باس)دا بین ، هەست بە بوونی هێڵێکی ئاوازی بەردەوام و تاڕادەیەك نەگۆڕ

دەکەین ، کە زیاتر لە بۆتە موزیکییەکانی وەك (پاساکالیا)و(شاکۆن)دا ئەمە بەدەر دەکەوێت .

## دووەم/ گۆڕانکاری لێکپچڕاو سەربەخۆ .

ئەم جۆرەی گۆڕانکاری زیاتر بەشێوەی (ئاوازێك و چەند گۆڕانکارییەك) واتا (Theme and vraiatons) ناسراوە، کە لە ناوەڕۆکدا بریتییە لە نمایشکردنی ئاوازێکی سەرەکی و دواتر جۆراوجۆر کردنی هەمان ئاواز لە بەشی موزیکی سەربەخۆی تردا ، دەکرێ بەشەکان بە گۆڕانکاری یەکەم و دووەم و بەو شێوەیە بناسرێن . بڕوانە نموونەیەك لە بۆتەی (گۆڕانکاری).

نـمـوونـە ( 91 )

گۆڕانکارییەك لەسەر ئاوازی (ئۆغستینی خۆشەویست) .






## 5) سىٚ بەشى (Three parts)

ئەم بۆتەیە وەك بۆتەیەكى دارِشتنى موزیكى گرنگییەكى فراوانترو بەرچاوترى لە بۆتەكانى پێشووتر هەبووە ، لە موزیكى سەردەمە موزیكییەكانداو، بەتايبەتى لەچاخى (كلاسیك)دا ، و لاى موزیكناسەكانى وەك (هایدن، مۆتزارت ،بیتهۆڤن). ئەمیش لەناوەرِۆكى كارە موزیكییە فراوانەكانى وەك (سۆناتەو سیمفۆنى)دا . لێرەدا دەكرێ ئاماژە بەوەش بدەین ،كە سەردەمەكانى پێشوو تریش بۆتەى (سىٚ بەشى) بووەتە پێكهاتەیەكى سەرەكى لە دارِشتنى زۆر بۆتە موزیكییە سەمايىو ئنسترومێنتییەكانى وەك (بالاد، ڤالس، كابریسۆ، مازوركا، پۆلۆنیز) و چەندینى تریش .

بەگشتى بۆتەى (سىٚ بەشى) بریتییە: لە موزیكێك بەشێوەى ئەم پێكهاتنەى لاى خوارەوە .

بەشى یەكەم : ئەم بەشە ئاوازەكانى لە مەقام یا پەیژەى موزیكى سەرەكى و دەستپێك دا دەبێت.

بەشى دووەم : – دەبێتە بەشى ناوەندو لە پەیژەیەكى موزیكى نوێدا دەبێت، بەڵام ئاشنا بە پەیژەى موزیكى بەشى یەكەم .

بەشى سىٚ یەم : ئەم بەشە دووپاتبوونەوەى هەمان ئاوازى بەشى یەكەم دەبێت، وە دەبێتە بەشى كۆتايى .

رِیزبەندى بەشەكان بەم شێوەیە دەبێت.

**A.....B.....A**
**1 2 1**

بڕوانە ئەم نموونەیەی خوارەوە :.   نـمـوونـە ( 92 )

مەنەوێت لە (کوارتێت) ی ژمارە (5) – جۆزیف هایدن




هەندێ جار لە بەشی سێیەمدا ئاوازی نوێ نمایش دەکرێت ، بەڵام ئەمەش لەپاش دووپاتبوونەوەی ئاوازی سەرەکی بەشی یەکەم دێت ، واتا بەشی یەکەم دێت پاشان بەشی دووەم ، ئینجا بەشی سێیەم ، کە دووپات بوونەوەی ئاوازی بەشی یەکەمە . دواتر هەر لەناوەڕۆکی بەشی سێیەمدا ئاوازێکی نوێ دێت ، بەو پێیە ڕیزبەندی بەشەکان بەم شێوەیەی لێ دێت .

**A....B....A....C**
**1 2 3**

بۆ زیاتر ئاشنابوون بڕوانە نموونەی (93)

سۆناتەی (پیانۆ) ژمارە 2 – بیتهۆڤن



**دەكرێ باس لە یەكێك لە بەر بلاَو ترین نموونە بۆتەی (سێ بەشی) بكەین كە زۆرجار وەك موزیكێكی سەربەخۆ نمایش دەكرێت ، وە لەهەمان كاتیشدا دەبێتە پێكهاتیەكی گرنگ بۆ زۆر لە بۆتە و موزیكی تر ، كە ئەویش بۆتەی موزیكی سەما ئامێز (مەنەوێت . Minuets)ە .**

## 6) مەنەوێت (Minuets):

**موزیكی (مەنەوێت)ی سەمایی بە دیارترین و فراوانترین بۆتەی موزیكی (سێ بەشی) ناسراوە ، جگە لەوەی ، كە وەك بۆتەیەكی موزیكیی سەربەخۆ نمایش دەكرێت ، لە هەمان كاتدا زۆرجار دەبێتە جووڵەیەكی سەربەخۆ لە زۆر لە بۆتە موزیكییەكانی وەك (سۆناتە، سویت، سیمفۆنی)دا . ئەمەش بەزۆری لە شاكارە موزیكییەكانی چاخی كلاسیك ڕەنگی داوەتەوە ، بەتایبەتی لای هەردوو موزیكناسی كلاسیك (هایدن و مۆتزارت) . دەكرێت بۆتەی موزیكی مەنەوێت سیمایەكی ڕوونی ناوەڕۆك و پێكهاتنی بۆتەی سێ بەشی مان پیشان بدات ، كە ڕیزبەندیی بەش و ئاوازە موزیكییەكانی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت .**

**بەشی یەكەم : ئەم بەشە بە (مەنەوێت) دەناسرێت ، كە ئاوازی سەرەكی تیادا لەسەر بنەمای پەیژەیەكی موزیكی دیاریكراو نمایش دەكرێت. سەرەنجام ئەم پەیژەیە دەبێتە پەیژەو مەقامی سەرەكی بابەتە موزیكییەكە .**

**بەشی دووەم : بەم بەشە دەووترێت (تریۆ. Trio) هەڵگری تیمپۆیەكی چالاَك و خێراترە لە تیمپۆی بەشی یەكەم (مەنەوێت). ئاوازەكانی ئەم بەشە زیاتر لەسەر پەیژەو مەقامێكی نوێ دادەڕێژرێت . ئەم پەیژە موزیكییە نوێیە نزیكایەتی لەگەڵ پەیژەی موزیكی سەرەكیدا دەبێت .**

بەشی سێیەم : ئەم بەشە ڕاستەوخۆ دووپاتکردنەوەی ئاوازی بەشی یەکەم دەبێت بە هەمان پەیژەی موزیکی و هەمان تیمپپۆ و خێرایی .
واتە شێوەی ڕیزبەندی بەشەکانی بۆتەی موزیکی مەنەوێت بەم شێوەی خوارەوە دەبێت .

**بەشی یەکەم............ بەشی دووەم.......... بەشی سێیەم**
**(دووبارەی بەشی یەکەم)**

**Minuetto……….Trio………...Minuetto**
**A…………….B……………..A**
**3………………2………………..1**

بڕوانە نموونەیەك لە (مەنەوێت) و (تریۆ) .

**نـمـوونـە ( 94 )**

**مەنەوێت و تریۆ (سۆلی گەورە So1.M) بیتهۆڤن.**



## 7) بۆتە سەربەستەکان(Free Form):

مەبەست لە بۆتەی سەربەست ئەوەیە ، موزیکدانەر بە تێڕوانینی سەربەستی خۆی یەکێك لە بۆتەکانی دارشتن بۆ نووسینی موزیکێکی سەربەست هەڵ ئەبژێرێت  کە تیایدا فانتازیا و خەیاڵی موزیکییانەی خۆی لە کارە موزیکییەکەدا بەرجەستە دەکات . ڕوونتر لەم بۆتەیە موزیکییەدا نۆتەیەکی جێگیرو بەردەوام نابیستین ، بە جیاوازی لەگەڵ بۆتە موزیکییەکانی تردا . کاتێك بە کارێکی موزیك دەووترێت (مەنەوێت) ، لە سنووری ئەو بۆتە دارشتنەدا بێت ، کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد ، ئەمە وەك نموونەیەك . بەلاّم لە بۆتە سەربەستەکاندا موزیکدانەر دەتوانێت لە ڕێگەی ڕەگەزێکی ئاسانی وەك بۆتەی (یەك بەشی)یەوە ، بۆ نموونە کار لەتەك بیرۆکە موزیکییەکەیدا بکات ، تا دەگاتە بۆتەیەکی دارشتنی چڕی وەك (بۆتەی سۆناتا) . زۆر نموونە هەن لە شێوازو بۆتە سەرەبەستەکان ، کە دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان بکەین لەوانە :.

(پێشەکی_ Prelude)(هۆنراوە سیمفۆنی . Poem Symphonic)، (فانتازیا . Fantasy) و بۆتەی موزیکی ئنسترومێنتی (کابریشۆ . Capriccio) و زۆر نموونەی تریش ، کە لێرەدا باس لەچەند نموونەیەك لەم بۆتانە و ناوەڕۆك پێکهاتنیان دە کەین .

## • پێشەکی (Prelude):

بەگشتی ئەو پێشەکییانەی ، کە بۆ بۆتەی موزیکی سەمایی (سویت) نووسراوە لەم بۆتە سەربەستەدا داڕێژراوە . لەلایەکی دییەوە ئەم بۆتە موزیکییە تایبەت بۆ ئنسترومێنتی (پیانۆ)ش نووسراوە ، هەر بە بۆتەی (Prelude) ناسراوە . ئەم بۆتە موزیکییە هەندێك جار هەڵگری تیمپۆیەکی هێمن و خاوە ، بە تایبەت بۆ ژەنینی ئنسترومێنتێکی تەنیا دەنووسرێت ، وە هەندێ جار بۆ کۆمەڵە ئنسترومێنتییێك بە پشت بەستن بە یەکێك لە بۆتەکانی داڕشتنی موزیکی دەنووسرێت ، کە موزیکدانەر هەڵیدەبژێرێت بۆ داڕشتنی بابەتە موزیکییەکە . لەنێو ئەزموونی موزیکناسە جیهانیەکاندا سەبارەت بەم بۆتە موزیکییە سەربەستە دەکرێت ئامارژە بە کارەکانی موزیکناسی ئەلمانی باخ بدەین ، کە لە بەناوبانگترین بۆتەی (پێشەکی) ئەم موزیکناسە (پێشەکی – سی بیمۆڵی گەورە Sib.M) یە لە (کتێبی کلاڤیکۆر) دا . وە لەسەدەی ( نۆزدەیەم)دا، زۆر موزیکناسی تر گرنگییان بەم بۆتە موزیکییە سەربەستە داوە . وەك موزیکناس (ریتشارد شتراوس) ، کە ناسراوە بەدانانی بۆتەی (پێشەکی) (دیبووسی) نزیکەی (24)پارچەی لەم بۆتەیە بۆ (پیانۆ) نووسیوە ، بڕوانە نموونەیەك لەوانە نـمـوونـە ( 95 ).

پێشەکی (چەند هەنگاوێك لەسەر بەفر) دیبووسی .



## • هۆنراوەی سیمفۆنی (Symphonice Poem):

ئەمە جگە لەوەی ، کە بۆتەیەکی موزیکی سەربەستە ، لەهەمان کاتدا دەکرێ وەك نموونەیەکی تر لە بۆتە موزییکەکان بناسرێت ، ئەویش (بۆتەی موزیکی پرۆگرامی)یە . لە ناوەڕۆکدا بریتییە: لە بۆتەیەکی موزیکی پابەند بەبابەتێکی ترەوە ، کە ڕەنگە ئەو بابەتە گێڕانەوەی ئەفسانەیەك یا داستانێکی کۆن بێت یا نمایشکردنی ئەو خاڵە بێت ، کە موزیکدانەر بۆ خۆی لە کارە موزیکییەکەدا بەرجەستەی دەکات . دەکرێ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی (هۆنراوەی سیمفۆنیای) بۆ کۆتایی چاخی (کلاسیك) و سەرەتای چاخی ڕۆمانتیك بگێڕینەوە. ئەمەش سەرەتایەك بوو بۆ نمایشکردنی موزیك لەبەرگێکی نوێدا ، بە ڕادەیەك لەڕێی موزیکەوە گوزارشت لەسەرجەم بابەتە زیندووەکانی ژیان بکرێت. ئەمەش ئەرکی موزیکناسەکانی گرانتر کردووە لەو سەردەمانەدا . لەم ڕووەوە خوێندنەوەیەکی نوێیان بۆ ئەرك و وەزیفەی موزیك لا دروست بووە ، کە لە شاکارە موزیکییەکانیاندا بە ڕوونی دەبینرێت . زۆرن ئەو موزیکناسانەی ، کە لە ناوەڕۆکی کارە موزیکییەکانیاندا گرنگیان بەم شێوە کارکردنە نوێیەی موزیك داوە . ڕەنگە تەنیا لە چوار چێوەی بۆتەی (هۆنراوەی سیمفۆنی)دا نەبووبێت ، بەڵکو لە بۆتە موزیکییە هەمە چەشنەکانیاندا کاریان پێکردووە ، لە موزیکناسەکانیش وەك (مۆتزارت ، بیتهۆڤن، شۆبەرت، برلیوز، فرانز لیست، شتراوس) و زۆری تریش .

لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بدەین ، بۆ یەکەم جار موزیکناسی بلیمەت (فرانز لیست) بوو ، کە بۆتەی موزیکی سەربەستی (هۆنراوەی سیمفۆنی) ناساند ، بەپێی تێڕوانینی ئەو لە ناوەڕۆکدا (هۆنراوەی سیمفۆنی) لەتەنیا

جووڵەیەکی موزیکی پێك دێت ، کە وەك بۆتەیەکی موزیکیی سەربەست کاری لەگەڵ دەکرێت لە ڕووی داڕشتنەوە .
بڕوانە نموونەیەك لە (هۆنراوەی سیمفۆنی).

نـمـوونـە ( 96 )

ئاوازێك لە هۆنراوە سیمفۆنی (دۆنکیشۆت) – شتراوس .




## ب–بۆتەی بەیەکگەیشتوو .

### 1) ئۆڤەرتیور (Ouverture):

ئۆڤەرتیور بە یەکێك لە بۆتە موزیکییە ئنسترومێنتییە بەیەکگەیشتووە فراوانەکان دادەنرێت . ئەگەر بە وردی بڕوانینە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئەم بۆتە موزیکییە ، ئەوەمان لائاشکرا دەبێت ، کە لە سەرەتادا بریتی بووە لە ئاوازێکی موزیکی ئاسان و ساکار ،کە لە پێش نمایشێکی شانۆییدا پێش لادانی پەردەی شانۆ نمایشکراوە . وە هەر لەم سەرتا ساکارەشەوە بوو ، دواتر بووە موزیکی پێشەکی تایبەت بە کارە (ئۆپێراییەکان) ، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ناوەڕۆکی کارە ئۆپێراییەکانەوە هەبوو . سەرەنجام هەر لەوەشەوە بووە بۆتەیەکی موزیکی سەربەخۆ و نمایش دەکرا ، هەر لەگەڵ فراوانبوون و گەشەسەندنی هەر دوو موزیکناس (لوللی) فەرەنسی و

**(سكارلاتی) ئیتالی ، بنەماو پێكهاتەیەكی گونجاوی تایبەتیان بەم بۆتە مۆزیكییە دارِشت . لێرەوە بوو هەردوو جۆری (ئۆڤەرتیوری ئیتالی) و (ئۆڤەرتیوری فەرەنسی) سەریهەڵدا ،كە بەشێوەیەكی گشتی بەپێی ئەو پێكهاتەیەی موزیكناسی (سكارلاتی)، بۆ ئۆڤەرتیوری ئیتالی دانابوو ڕیزبەندی جووڵە موزیكییەكانی بەم شێوەیە بوو:.**

**جووڵەی یەكەم : خێرا ڕەوت و چالاك .**

**جووڵەی دووەم : خاو ڕەوت و هێمن .**

**جووڵەی سێیەم : خێرا ڕەوت .**

**وە شێوەی پێكهاتەی موزیكناس (لوللی) بۆ ئۆڤەرتیوری فەرەنسی بەم شێوەیە بوو:.**

**جووڵەی یەكەم : خاو ڕەوت و هێمن .**

**جووڵەی دووەم : خێرا ڕەوت و چالاك .**

**جووڵەی سێیەم : خاو ڕەوت .**

**دەكرێت بڵێین ئەم دوو شێوەیەی (ئۆڤەرتیور) بەئاشكرا ڕەوتی تیمپۆی جووڵە موزیكییەكانی بەپێچەوانەی یەكدییەوە بوون .**

**زۆرجار ئەو (ئۆڤەر تیور)انەی ، كە وەك بۆتەیەكی موزیكی سەربەخۆ دادەنرێن ڕاستەوخۆ هەڵگری بابەتێكی دیاریكراون ، موزیكناس هەڵیدەبژێرێت، واتا مەرج نییە ببێتە پێشەكی ئۆپێرایەك و دواتر ناوی ئەو ئۆپێرایە هەڵگرێت . بڕوانە نموونەكەی خوارەوە .نـمـوونـە ( 97 )**

**ئۆڤەرتیوری (ڕۆمیۆ جۆلێت) چایكۆفسكی .**



جگە لە تێڕوانینی موزیکناس (لوللی)و (سکارلاتی) موزیکناسەکانی تریش شێوەی تێڕوانین و کارکردنیان لە داڕشتنی ئەم بۆتە موزیکییەدا هەبووە . بۆ نموونە موزیکناس (فلیب رامۆ) بە گونجاوتری زانیووە بەردەوام دوا جووڵەی ئۆڤەرتیورەکان تیمپۆیەکی تیژ ڕەو خێرایان هەبێت.وە موزیکناسی نەمساوی (موتزارت) گونجاوترین شێوازی داڕشتن بۆ ئۆڤەرتیور بەلایەوە شێوەی (بۆتەی سۆناتا) بووە، کە بەو پێیە پێکهاتنی (ئۆڤەرتیور)ە کە بریتی بووە لە :

1 . سەرەتایەکی کورت و خاو ڕەوت لە ناوەڕۆکی چەند ئاوازێکدا .

2 . جووڵەیەکی چالاك و خێرا ڕەوت لە دوو بیرۆکەی موزیکی پێکهاتبێت .

کە یەکەمیان زیاتر شێوەیەکی ڕیتمی وە دووەمیان شێوەیەکی میلۆدی هەبێت. ئەمیش بەپەیڕەوکردنی بۆتەی داڕشتنی (بۆتەی سۆناتا) واتا پیشاندنی ڕەگەزو بەشە موزیکییە گرنگەکانی ، کە (بۆتەی سۆناتای) وەك نۆتەیەکی داڕشتنی موزیکی فراوان پێ ناسراوە ، ئەوانیش (نمایشکردن ـ exposition) و (هەڵچوون و فراوانبوونی ئاوازەکان ـ Develop ment) و دواتر (دووپات کردنەوەی نمایشکردن) دەگرێتەوە . گونجاوترین نموونە ،کە بەپشت بەستن بەم شێوە داڕشتنەی (موتزارت) بنیادنراوە ئۆڤەرتیوری بەناوبانگی (سەرتاشی ئشبیلیە)ی ،موزیکناسی ئیتالی (ڕۆسینی)یە . بەهەمان شێوە موزیکناسی ئەڵمانی (بیتهۆڤن) بەپێی هەمان شێوە داڕشتنی (موتزارت) کاری لە داڕشتنی بۆتەی (ئۆڤەرتیور) دا دەکرد . ئەویش بەزیادکردنی تێڕوانینێکی نوێ ،کە بریتبووە لە گونجاندنی دوو بیرۆکە موزیکییە سەرەکیەکەی ناو (ئۆڤەرتیور)ەکە ،بەدوو کارەکتەری دیاری ناو ئۆپێراکە ئەمیش ئەو کاتەی(ئۆڤەرتیور)ەکە ، وەك پێشەکی (ئۆپێرا)یەك نمایش دەکرا . ئەمەش لە ئۆپێرای (ڤیدلیۆ)ی موزیکناسی ناوبراودا بە ڕوونی پەیرەو کراوە ، هەر لەمەشەوە موزیکناسی ناسراو بەکارە ئۆپێراییەکانی (ڕیتشارد ڤاگنەر) ، ڕەگەزی (لایت موتیڤ)ی لەنێو کارە ئۆپێراییەکاندا بەرجەستەکرد . لێرەدا با

بڕوانینە هەندێك لە ئاوازەکانی ئۆڤەرتیوری (ئیگمونت)ی موزیکناس (بیتهۆڤن) .

نـمـوونـە ( 98 )

ئیگمونت (ئاوازی سەرەتا) بیتهۆڤن.




نـمـوونـە ( 99 )

ئیگمونت (ئاوازی سەرەکی یەکەم) بیتهۆڤن.




نـمـوونـە ( 100 )

ئیگمونت (کۆتایی ئاواز) بیتهۆڤن.



## 2) موزیکی ژوور (Chamber Music):

دەستپێکی ئەم بۆتە موزیکییە دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو چاخی (باروك)و (کلاسیك)ی موزیك ، کە لەو سەردەمەدا لە هەریەك لە کۆشك و تەلاری میرو شاکاندا گروپێکی موزیکی تایبەت هەبووە لەبۆنەو ئاهەنگە تایبەتیەکاندا نمایشی موزیکییان سازداوە . لە بەناوباگترین ئەو گروپانەی ئەو سەردەمە (گروپی موزیکی کۆشکی لیۆپۆڵد)ی میر بووە لە ساڵی (1717 )کە موزیکناسی ئەڵمانی (یۆهان سباستیان باخ) سەرپەرشتی کردووە . ژمارەی موزیکژەنەکانی ئەم گروپە (18) موزیکژەنی ئنسترومێنتە جیاوازەکان بووە. لە سەرەتاکاندا شوێنی تایبەتی نمایشە موزیکییەکانی ئەم گروپانە زیاتر ژوور و ساڵۆنی کۆشکەکان بووە . دواتر ساڵی (1831) گروپێکی موزیکی پێکهاتوو لە چوار ئنسترومێنتی موزیکیی سەریانهەڵدا  بە گروپی چوارینەی (برایانی مولەر) ناسرابوون ، ڕاستەوخۆ نمایشە موزیکیەکانیان لەچوارچێوەی هۆڵی کۆشکەکان دەرهێناو گواستیانەوە بۆ سەر شانۆکان و تا ئەو ئاستەی ،کە بۆتەی موزیکی ژوور بووە یەکێك لە بۆتە موزیکییە بەربڵاو و جەماوەرییەکان .

بەناوبانگترین ئەو موزیکناسانەی لەو قۆناغەدا ڕۆڵێکی بەرچاویان لە فراوانبوون و گەشەکردنی بۆتەی (موزیکی ژوور)دا هەبووە ، هەردوو موزیکناس (برامز)و (سیزار فرانك) بوون . دیارە پێش ئەمانیش موزیکناس (باخ، هایدن، موتزارت، بیتهۆڤن) و زۆری تریش ڕۆڵێکی بەرچاوییان لە فراوانبوونی ئەم شێوە موزیکەدا هەبووە . لە سەرەتاکاندا گروپی موزیکییە ژوورەکان چەندین جۆری هەمە چەشنیان لە بۆتە موزیکییەکان ژەنیووە یان نمایشکردووە ، لەوانەش (سۆناتە، سویت، موزیکە سەماییەکان، کۆنسەرتۆ) تا دوایی . دواتر پێکهاتەی گروپەکانی (موزیکی ژوور) تا ڕادەیەك سنووردار

کراوه ، ئەویش بەپێی بەشدار بوونی ئنسترومێنتیتە موزیکییە هەمەچەشنەکان کە ژمارەیان لەنێوان (1 تا 8) ئنسترومێنت بووە . بەپێی ژمارەیان بۆتەی موزیکی نوێ سەریهەڵداوە ، بەناوبانگترینیان بۆتەی موزیکی تایبەت بە(چوارینەی ئنسترومێنتە ژێدارەکان)بووە. بەگشتی لەشێوەی داڕشتن و پێکهاتنیدا گرنگیەکی زۆر بە بۆتەی داڕشتنی (بۆتەی سۆناتە)دەدرا . لە ناوەڕۆکی سێ تا چوار جووڵەی موزیکی دەنووسرا ، کە تیمپۆو خێرایی ئاوازەکانی جووڵە موزیکییەکان بەم شێوەیە بووە .

جووڵەی یەکەم : خێرا و چالاك .

جووڵەی دووەم : خاو ڕەوت .

جووڵەی سێیەم : ڕیتمێکی سەمایی و خێرایییەکی مامناوەند .

جووڵەی چوارەم : خێرا ڕەوت .

لێرەدا بڕوانە جۆرو پێکهاتنی گروپەکانی (موزیکی ژوور).

أ/دووانی (Dute) لەکۆی دوو موزیکژەن یان دوو گۆرانیبێژ پێك دێت بۆ نموونە دوو ئنسترومێنتی موزیکی وەك (ڤیۆلین) و (پیانۆ) یان ئنسترومێنتێکی هەوایی و (پیانۆ)وە بەو شێوەیە .

بڕوانە نموونەیەك لە موزیکی (دووانی) . نموونە ( 101 )

سۆناتای (ڤیۆلین و پیانۆ)K.306 . موتزارت .



ب/ سیانی (Trio) سێ ئنسترومێنتی موزیکی پێکی ئەهێنێت ، گونجاوترین پێکهاتنی ئەم جۆرە ئەو گروپە سیانییە ، لە ئنسترومێنتە موزیکییەکانی وەك (ڤیۆلین، چەلۆ، پیانۆ) پێکدێت ، یان بەشداربوونی ئنسترومێنتە هەواییەکان . بڕوانە نموونەیەك لەم جۆرە .

نـمـوونـە ( 102 )

ئارشیدوق – جووڵەی دووەم . بیتهۆڤن.




ج/چوارینە (Quarteit): دیاریترین پێکهاتەی ئەم جۆرە (چوارینەی ئنسترومێنتە ژێدارەکان)ە. کە بەسەر (ڤیۆلینی یەکەم) و (ڤیۆلینی دووەم) و (ڤیۆلا) و (چەلۆ)دا دابەش دەبن . بڕوانە نموونەیەك لەم جۆرە .

نـمـوونـە ( 103 )

کوارتێت – ژمارە 16 – جووڵەی سێیەم بیتهۆڤن .



د/**پێنجینه** (Quantteit): **لەکۆی چوار ئنسترومێنته موزیکییه ژدێداره سەرەکیەکان و هاوبەشبوونی (پیانۆ) یان یەکێك لەئنسترومێنته موزیکیه هەواییەکان پێکدێت .**

**بڕوانە نموونەیەك لەم جۆرە:.**

**نـمـوونـه** ( 104 )

**پێنجینەی (دیڤۆریل – ) فرانز شۆبەرت.**




## 8) **مارش** (March):

**به سانترین جۆری بۆته موزیکییه ئنسترومێنته بەیەکگەیشتووەکان دادەنرێت که بەگشتی لە ناوەڕۆکدا هەڵگری چەند ئاواز و میلۆدییەکی بچووك و کورته ، وەك ئاشکرابووە گونجاوترین بۆته بۆ دڕاشتنی ئەم جۆرە موزیکه بۆتەی (ڕۆندۆ. Rondo) یه ، که دەبێته هۆی زیاتر ناساندنی ئاوازە موزیکییه سەرەکییەکه لە بۆتەی (مارش)دا .ئەو ئاوازە سەرەکییه لەم بۆتەیەدا بە(Section)دەناسرێت لە نووسینی میلۆدی وئاوازەکانی موزیکی (مارش)دا . یەکێك لەو نۆته موزیکییانەی ،که زۆرکاری پێدەکرێت (نۆته خاڵدارەکان - Dotted Notes)ە .**

**گرنگترین و بەربلاوترین جۆرەکانی بۆتەی موزیکی (مارش) بریتییه لە:.**

أ- **مارشی سەربازی :.** لەم جۆرەدا ئاوازو میلۆدییەکان لەسەر ڕیتمی (دووانی) دادەڕژێن‌و زیاتر شێوەی موزیکەکەش وێنەیەك لە تیمپۆی ڕێ ڕۆیشتنی سەربازی دەبەخشێتە گوێگر .

بڕوانە نموونەیەك .

نـمـونـە ( 105 )

نموونەیەك لە (مارشی سەربازی) لەدانانی (لوللی)




ب- **ڕیکویم (Requem):** ئەم جۆرە لە بۆتەی (مارش)دا ، هەڵگری تیمپۆیەکی خاو ڕەوت و خەماوییە و بە (مارشی جەنازەیی) ناسراوە، کە تایبەتە بە مەراسیمەکانی ناشتن .

بڕوانە نموونەیەك

نـمـونـە ( 106 )

ڕیکویم (جووڵەی دووەم) لە سیمفۆنیای ژمارە 3 – بیتهۆڤن.



## 9) سۆناتە (Sonata):

کاتێ باس لە(سۆناتە) دەکەین ، پێویستە ئاگاداری ئەوەش بین کە (سۆناتە) وەك بۆتەیەکی موزیك جیاوازە لەگەڵ (بۆتەی سۆناتە) . چونکە ئەمەیان یەکێکە لە بنەماو ڕێسا گرینگەکانی داڕشتنی موزیکی ، کە زۆر لە بۆتە موزیکییەکان لە داڕشتن و بنیادنانیدا بە شێوەیەکی بەرچاو پشت بە (بۆتەی سۆناتە) دەبەستن . لێرەوە دێینە سەرباس و شرۆڤەکردنی (سۆناتە) بەیەکێك لە بۆتە موزیکییە ئنسترومێنتییە فراوانەکان دادەنرێت و گرنگییەکی زۆری لەلای موزیکناسە جیهانییەکان سەردەمە جیاجیاکانەوە پێدراوە ، بە تایبەتی لە سەدەی (هەژدە)دا یان لەچاخی (کلاسیك)دا .

سەرەتای سەرهەڵدانی بۆتەی موزیکی (سۆناتە) دەگەڕێـەوە بۆ چاخی (باروك)ی موزیك ، یەکەم موزیکناس کە لەم بۆتە موزیکییەی نووسی ، (کارل فیلب ئیمانوئیل باخ) ئەڵمانی بوو ، یەکێك بووە لە بنەماڵەی موزیکناس (یۆهان سباستیان باخ)، دواتر هەردوو موزیکناسی بلیمەت (جۆزیف هایدن) و (موتزارت) گرنگیەکی زۆریان بە فراوانبوونی ئەم بۆتە موزیکییە دا . ئەوان پێیان وابوو ،کە بۆتەی (سۆناتە) ڕاستەوخۆ بریتییە لە فراوانبوونی بۆتەی موزیکی (سێ بەشی). بۆتەی (سۆناتە) زیاتر ئەو مویزکانە بوو کە تایبەت بۆ ژەنینی دوو ئنسترومێنتی موزیکیی جیاواز دەنووسرا ، کە یەکێکیان ئنسترومێنتێکی موزیکی (میلۆدی) بووە، واتا ئەو ئنسترومێنتانەی کە توانای ژەنینی تەنیا هێڵێکی میلۆدییان هەبووە، وە ئنسترومێنتی دووەمیان توانای ژەنینی چینە دەنگییە هارمۆنییەکان و زیاتر لە هێڵێکی میلۆدی هەبووە . نموونە ئنسترومێنتی موزیکی یەکەمیان وەك (ڤیۆلین، چەلۆ، فلوت، کلارنێت،

تادوایی) . وه نموونەی ئنسترومێنتی موزیکی دووەمیش وەك (پیانۆ، کلاڤیکۆرد، هاریسیکۆرد، ئۆرگ، تادوایی) بووە . لێرەدا دەکرێ ئاماژە بەوەش بدەین زۆر موزیکدانەر هەبووە بۆتە موزیکییەکانی تایبەت بە ژەنینی (پیانۆ)ی بەتەنیا و بێ ئنسترومێنتییێکی میلۆدی نووسیوە . زۆرجار موزیکدانەرەکان نموونەی بۆتەی (سۆناتە)یان نووسیوە بە بەشدارکردنی کۆمەڵی ئنسترومێنتیە موزیکییە ئۆرکستراییەکان .

لە ڕووی ناوەڕۆك و پێکهاتنەوە بەگشتی بۆتەی موزیکی (سۆناتە) ، بریتییە لە بۆتەیەکی موزیکی فراوان لە ناوەڕۆکی چوار جووڵەی موزیکیدا ، کە دارشتنێکی موزیکیی چڕ لەپشتیەوە دەبێت ، وە ئاوازو میلۆدییەکان شێوەیەکی بەگژاچوویان دەبێ و بەردەوام شۆڕ دەبنەوە نێو مەقام و پەیژە موزیکییە هەمەچەشنەکان . سەرەنجام ئەو چوار جووڵە موزیکییە دروست دەکەن . هەر یەك لەو جوولانە ناوەڕۆك‌و شێوەی داڕشتنی موزیکی تایبەتیان دەبێت بەم شێوەی خوارەوە:-

**1/جووڵەی یەکەم :.** لێرەدا کە باس لەو جووڵەیەی بۆتەی موزیکی (سۆناتە) دەکەین، دەکرێ لەهەمان کاتدا ئاماژە بەوەش بدەین ، کە پێکهاتەی ئەم جووڵەیە بە (بۆتەی سۆناتە) دەناسرێت و بووەتە یەکێك لە بۆتە گرنگ‌و فراوانەکانی داڕشتنی موزیکی .

جووڵەی یەکەم لە بۆتەی موزیکی (سۆناتە)دا بەردەوام هەڵگری تیمپۆیەکی چالاك و خێرا ڕەوتە ، وە لە سێ بەشی فراوان پێکدێت کە ئەمانەن:.

أ- بەشی نمایشکردن .

ب- بەشی هەڵچوونی ئاوازەکان .

ج- بەشی دووپات کردنەوەی نمایشکردنەوەی نمایش .

ئەمە جگە لەدوو بەشی موزیکی کورت ، کە ئەوانیش (بەشی پێشەکی)و (بەشی کۆتایی) دەبێت. لێرەدا ڕوونتر باس لە هەر یەك لەم بەشانە دەکەین :.

**أ) بەشی پێشەکی :**

یەکێکە لەبەشە بچووك و یاریدەدەرەکان لە جووڵەی یەکەمی (سۆناتە)دا کە لە ناوەڕۆکدا لە چەند موزیکێکی کورت پێکدێت ، کە ڕستەیەکی موزیکی دروست دەکەن و وەك پێشەکی و دەستپێکی جووڵەی یەکەم پیشان دەدرێت . لێرەدا دەکرێ ئاماژە بەوەش بکەین ،کە بوونی بەشی پێشەکی لە جووڵەی یەکەمدا مەرجێکی سەرەکی نییە بەڵکو پەیوەستە بە ویستی موزکدانەرەوە . بۆ نموونە وەك چۆن موزیکناسی ئەڵمانی بیتهۆن لە سۆناتەی ژمارە ( 5 ) کە تایبەت بۆ (پیانۆ) ی نووسیوە لە پەیژەی (دۆی گەورە . Do.M) یە ، بەشی (پێشەکی) دانەناوە .

**ب) نمایشکردن (exposition):**

یەکێکە لە بەشە سەرەکییەکان لە جووڵەی یەکەمی (سۆناتە)دا بەگشتی ئەم بەشە لەناوەڕۆکدا لەدوو کۆمەڵە ئاواز پێکدێت ،کە هەریەك لەو دوو کۆمەڵە ئاوازە لەسەر بنەمای بیرێکی موزیکی دادەڕێژرێت. بەردەوام کۆمەڵە ئاوازی یەکەم ، کە بابەت و بیرۆکەی موزیکی یەکەمی بەشی (نمایشکردن)ە، لە مەقام و پەیژەی موزیکی سەرەکیدا دەنووسرێت . وە لە کۆمەڵە ئاوازی دووەمدا بەردەوام ئاوازەکان لە مەقام و پەیژەیەکی موزیکی نوێدا دادەڕێژرێن ،کە ئەو پەیژە موزیکییە نوێیە هاوسێ و ئاشنای پەیژەی موزیکی کۆمەڵە ئاوازی یەکەم دەبێت . هەروەها لە ناوەڕۆکی بەشی (نمایشکردن)دا ڕەچاوی بەشێکی دی دەکەین ئەویش(بەشی گواستنەوە)یە دەکەوێتە نێوان هەردوو کۆمەڵە ئاوازی یەکەم و دووەم . ئەم بەشە ڕۆڵی ئەڵقەیەکی پەیوەست دەبینێت لەنێوان هەردوو

کۆمەڵە ئاوازەکەدا ، بەبێ دابڕان لە کۆمەڵە ئاوازی یەکەمەوە دەمانگوێزێتەوە بۆ کۆمەڵە ئاوازی دووەم و پەیژەی موزیکی نوێ وە ئەم بەشە بەردەوام لەئاوازێکی کورت و کەم خایەن پێکدێت .

## ح- هەڵچوونی ئاوازەکان (Development):

بریتییە لە هەڵچوون و داچوونی ئاوازەکان بەشێوەیەکی فراوان لە بنیادنانو داڕشتنی ئەم بەشەدا . ئەوەی ڕۆڵێکی بەرچاوی دەبێت سەلیقە و توانای موزیکدانەرە لە ڕووی کارکردنیەوە لەتەك کۆمەڵی ئاواز و مەقام و پەیژەی موزیکی نوێ ،کە بەڕادەیەکی زۆر لەو پەیژە موزیکییە دوور دەکەوێتەوە ،کە ئاوازەکانی سەرەتای جووڵەی یەکەمی لەسەر دادەرێژرێت .

بە گشتی بەشی (هەڵچوون) بریتییە: لە کۆمەڵە وروژاندنێکی موزیکی و پیشاندانی چەند مەقام و پەیژەیەکی موزیکی نوێ ، ئەو مەرجە گرنگانەی کە پێویستە لەم بەشەدا پەیڕەو بکرێت بریتین لە:-

1) ڕاگەیاندنی بەشێکی موزیکی نوێ ،کە بەشی (هەڵچوونی ئاوازەکان)ە ئەمیش بەسوود وەرگرتنێکی کەم لە ئاوازەکانی بەشی (نمایشکردن) .
2) هەنگاونان بۆ نێو کۆمەڵێ مەقام و پەیژەی موزیکی نوێ ، کارکردنێکی ورد لەگەڵیاندا .
3) بەستنەوەیەکی گونجاوی مەقام و پەیژە موزیکییە نوێیەکان بەیەکدییەوە وەگەڕانەوە بۆ مەقام و پەیژەی موزیکی سەرەکی پاش هەموو هەڵچوون و داچوونێکی ئاوازەکان .

### د) بەشی دووپات بوونەوەی نمایشکردن .

یاخود (بەشی کورتکردنەوە) ئەم بەشە گرنگییەکی تایبەتی لە جووڵەی یەکەمی (سۆناتە)دا دەبێت . ئەویش بەهۆی ئەوەوە ،کە ئەم بەشە گەڕانەوەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ ئاوازە سەرەکییەکانی جووڵەی یەکەم پاش هەڵچوون و داچوونێکی فراوانی ئاوازو مەقامەکان ، کە دەبێتە هۆی تا ڕادەیەك بزربوونی ئاوازە سەرەکییەکانی سەرەتا بەڵام لە ڕێگەی ئەم بەشەوە جارێکی دی ئاوازە سەرەکییەکان بە گوێگر ئاشنا دەکرێتەوە .

بەگشتی پێکهاتەی موزیکی ئەم بەشە هەمان پێکهاتەو ناوەڕۆکی بەشی (نمایشکردن) دەبێت ، بەتایبەتی کاتێك ئەم بەشە ڕاستەوخۆ دووپات کردنەوەی بەشی (نمایشکردن) بێت بەبێ گۆڕین . دەبێ ئەوەش بزانین کە لای هەندێك لە موزیکناسەکان ئەم بەشە کورتکردنەوەی بەشی (نمایشکردن) بووە بە سوود وەرگرتن لە جووڵەی ئاوازەکان و پەیژەی موزیکییان ، هەر بۆیە هەندێك جار ئەم بەشە بە (بەشی کورتکردنەوە) دەناسرێت .

### ه) کۆتایی ( Coda):

ئەم بەشە لە جووڵەی یەکەمی (سۆناتە)دا ، بەشێکی بچووك و یاریدەدەرەو لە ناوەڕۆکدا لە چەند خانەیەکی موزیکی کەم پێکدێت ، کە بە مەبەستی پیشاندانی کۆتایی جووڵەی یەکەم دادەنرێت . زۆرجار بوونی ئەم بەشە مەرجێکی سەرەکی نییە بەڵکو موزیکدانەر بەپێی پێویست کاری لەگەڵ دەکات .

لێرەدا بڕوانە نموونەیەك لە جووڵەی یەکەمی (سۆناتە) یەك، وە بیرۆکە و موتیڤی هەندێك لە ئاوازەکانی جووڵە موزیکییەکە .

## نـمـونـه ( 107 )

**سۆناتەیەك لە پەیژەی (ڕێی گەورە . Re.M) . K.119 سکارلاتی**









**2/ جووڵەی دووەم** :. بەردەوام ئەم جووڵەیە لە بۆتەی موزیکیی (سۆناتە)دا هەڵگری تیمپۆیەکی هێمنو خاو ڕەوتە ، لە ڕووی بنیادنان و داڕشتنەوە ، شێوەیەکی جێگیرو دیاریکراوی نییە . خۆ گەر بڕوانینە نموونەی (سۆناتە) نووسراوەکانی موزیکناسەکان ، دەبینین پێکهاتەکانی ئەم جووڵەیە لە موزیکناسێکەوە بۆ یەکێکی دی گۆڕاوە . بۆیە بۆتەی داڕشتن لەم جووڵەیەدا دەکرێت بەیەکێك لە بۆتەکانی وەك (ڕۆندۆ، سیٚ بەشی، گۆڕانکاری...تادوایی) بێت . بڕوانە نموونەیەك لە جووڵەی دووەمی سۆناتە.

نـمـونـه ( 108 )

نمونەیەك لە جووڵەی دووەم لە سۆناتەی ژمارە 1 ڤیۆلین – باخ.




**3/جووڵەی سێیەم:** ئەم جووڵەیەی بۆتەی موزیکی (سۆناتە) بەردەوام خێراییەکی مامناوەندی و شێوەیەکی سەمایی دەبێت ، وە بە پشت بەستن بە بۆتەی داڕشتنی (مەنوێت) دادەرێژرێت ،کە لە ناوەڕۆکدا یەکێکە لە جووڵەی سێیەم لە سۆناتە .

نـمـونـه ( 109 )

سۆناتەی (ڤیۆلین و پیانۆ) – هاندل – نموونەیەك لە جووڵەی سێیەم



**4/جووڵەی چوارەم :** ئەم جووڵەیە بەردەوام هەڵگری تیمپۆیەکی فرە خێرا و تیژ ڕەوە ، وە دوا بەش و جووڵەی سۆناتەکە دەبێت (Final Moovment) وە زیاتر بە بۆتەی موزیکی (ڕۆندۆی)ی درێژ دادەڕێژرێت .

بڕوانە نموونەیەك

نـمـونـە ( 110 )

سۆناتای ژمارە 1 – ڤیۆلین – نموونەیەك لە جووڵەی چوارەم – باخ




لێرەدا بە پێویستمان زانی کورتە باسێك سەبارەت بە یەکێ لەجۆرەکانی بۆتەی موزیکی ئنسترومێنتیی (سۆناتە) بخەینە ڕوو ، کە ئەویش بۆتەی (سۆناتینە) یان (سۆناتەی بچووك)ە .

## • سۆناتینا (Sonatina):

جۆرێکە لە بۆتەی (سۆناتە)کە لە ناوەڕۆکدا قەبارەیەکی بچووکتر و کورتری هەیە و لەڕێی چەند بەش و جووڵەیەکی موزیکی کورت خایانەوە لەسنوری چەند پەیژەیەکی موزکی هاوسێ و ئاشنا بە یەکتری دێتە نمایشکردن . لە پێکهاتن و داڕشتنی بۆتەی موزیکی (سۆناتینە)دا هەمان شێوە داڕشتنی (بۆتە سۆناتە) پەیڕەو دەکرێت . بەڵام بەو شێوە فروانە نابێت ، کە لە بۆتەی موزیکی (سۆناتا) دا دەبینرێت بە ڕادەیەك لە شێوەی داڕشتنی (سۆناتینە)دا ، بەشی هەڵچوونی ئاوازەکان زۆر بە دەگمەن کاری پێدەکرێت . بۆیە زۆرجار بە بۆتەیەکی موزیکی (سۆناتینە) دەووترێت (سۆناتەی بێ هەڵچوون) یان وەك پێشتر ئامارژەمان بۆ کرد پێی دەووترێت (سۆناتەی کورتکراوە . Abridged Sonata Form) بڕوانە نموونەکانی لای خوارەوە کەنموونەی (سۆناتینە)یەکی پێکهاتووە لە سێ جووڵەی موزیکی .

نـمـونـه (111)

سۆناتینە (Op.137) فرانز شۆبەرت – نموونەیەك لە جووڵەی یەکەم



## نـمـونـه (112)

**هەمان نموونەی پێشوو (بەشێك لە جووڵەی دووەم)**




## نـمـونـه (113)

**هەمان نموونەی پێشوو (بەشێك لە جووڵەی سێیەم).**



## بەشــی شەشەم

# بۆتە موزیکییە ئنسترومێنتییە پوختەکان

# بۆتە مۆزیکییە ئنسترومێنتییە پوختەکان

بۆتە مۆزیکییە ئنسترومێنتییە پوختەکان ، سەرجەم ئەو بۆتە مۆزیکییە فراوانانە دەگرێتەوە ،کە لە ناوەڕۆکدا هەڵگری پێکهاتەیەکی داڕشتنی مۆزیکی پوخت و چڕن . لە داڕشتن و بنیادنانی ئەم بۆتە مۆزیکییەدا ، مۆزیکدانەر ڕاستەوخۆ پەیوەست دەبێت بە سەرجەم ڕیساو ڕێزمانە قوڵەکان داڕشتنی مۆزیکیەوە بە شێوەیەکی ورد ، بۆیە دەکرێ ئەم بۆتە مۆزیکییانە بە فراوانترین بۆتە مۆزیکییە ئنسترومێنتییەکان دابنرێت ، کە لە ناوەڕۆکی داڕشتنیاندا سەرجەم ڕەگەز و یەکە گرنگەکانی بنیادنان و داڕشتنی مۆزیکی لە(مۆتیڤ)ێکی کورتەوە تا دەگاتە بەشە مۆزیکییە فراوانەکان ڕۆڵێکی فراوانیان دەبێت .

فراوانترین جۆرەکانی ئەم بۆتە مۆزیکییە (کۆنسەرتۆ) و (سیمفۆنی)یە ، کە لێرەوە دێینە سەرباس و شرۆڤەکردنی هەریەك لەم دووجۆرە فراوانەی بۆتەی مۆزیکی ئنسترومێنتی پوخت .

## • کۆنسەرتۆ(Concerto):

بنچینەی (کۆنسەرتۆ) لە وشەی (کۆنسەرتار)ی لاتینیەوە هاتووە ، کە بەواتای (پێشبڕکێ)دێت . لە ناوەڕۆکی ئەم بۆتە مۆزیکییەدا پێشبڕکێیەکی بەردەوام لە نێوان ئنسترومێنتێکی مۆزیکی تەنیاو ، تیپێکی مۆزیکی ئۆرکسترای گەورەو جۆراوجۆر لە ئنسترومێنتە مۆزیکییەکان دەبینین. ئەم پێشبڕکێ و بەرەنگاربوونەوەیە لە نێوان ئنسترومێنتە مۆزیکییە تەنیاکە و تیپە ئۆرکسترا گەورەکەدا لە ئاوازەکانی سەرەتاوە بەردەوامی دەکێشێ تا ئاوازەکانی کۆتایی .

سەرەتای سەرهەڵدانی بۆتەی مۆزیکی ئنسترومێنتیی (کۆنسەرتۆ) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1686)ی زاینی لە کاتێکا ،کە مۆزیکناس (تۆریللی) یەکەم بۆتەی کۆنسەرتۆی نووسی بەناوی (کۆنسەرتۆی هۆڵ) . تایبەت بۆ ژەنینی هەردوو ئنسترومێنتیی مۆزیکی (ڤیۆلین و چەلۆ) نووسرا بوو ، پاش ئەمەش هەر بە پشت بەستن بەو بنەما سەرەتاییەی (تۆریللی) چەند مۆزیکناسێکی تر وەك (کوریللی، جیمینانی، ڤیڤالدی)، لە چاخی(باروك)ی مۆزیکدا ، چەند نموونەیەکیان لە بۆتەی مۆزیکی (کۆنسەرتۆ) نووسی . تایبەت بە ژەنینی ئنسترومێنتە مۆزیکییە ژێدارەکان، کە بە (ریپینۆ . Ripieno) ناسرابوو . لە ناوەڕۆکی ئەم کۆنسەرتۆیانەدا ئنسترومێنتێکی مۆزیکیی تەنیا ڕۆڵێکی فراوان و بەرچاوی دەگێڕا ، کە پێیان دەوت (Soli) . زۆر جاریش بۆ نمایشکردنی ئاوازە تەنیاکان دوو ئنسترومێنتی مۆزیکییان بەکار دەهێنا . دواتر هەر لەسەر بنەمای ئەم سەرەتاییەوە بوو ،کە بۆتەی (کۆنسەرتۆی گەورە . Concerto grossoo) سەری هەڵدا .

پاش ئەم سەرەتایانە لە بۆتەی موزیکیی (کۆنسەرتۆ) موزیکناسی ئەڵمانی (یۆهان سباستیان باخ) بە هەمان شێوە داڕشتنی موزیکیی موزیکناسەکانی پێش خۆی چەند شاکارێکی لە بۆتەی (کۆنسەرتۆ) نووسی بەناوی (کۆنسەرتۆکانی براندبۆرگ) . یەکەم موزیکناس ،کە بۆتەی کۆنسەرتۆی تایبەت بەتەنیا ئنسترومێنتێکی موزیکی و ئۆرکسرا نووسی، (هاندل) بوو ، لە هەمان کاتدا بەشێکی نوێی بۆ (کۆنسەرتۆ) زیاد کرد ، ئەویش بەشی (کادانزا) بوو ، بریتی بوو لە پارچە ئاوازێکی سەربەخۆ و خاڵی لە ڕیتم  کە تایبەت بۆ ژەنینی موزیکژەنە تەنیاکە دەنووسرا .

پاشان موزیکناسی نەمساوی (مۆتزارت) گرنگیەکی فراوانتری بەم بەشە نوێیەی کۆنسەرتۆدا . بە زیاد کردنی جۆرێکی نوێ بۆی بەناوی (کادانزای بچووك) .واتا لە پاڵ بەشە کادانزا سەرەکیەکەدا ،کە بە (کادانزای گەورە) ناوی دەبرد ئەم بەشە بچووکەشی بۆ زیاد کرد . لە ناوەڕۆکی ئاوازەکاندا بە شێوەیەکی کورت نمایش دەکران . دواتر موزیکناسی بەناوبانگ بیهۆڤن بە پێچەوانەی هەموو موزیکناسەکانی پێش خۆیەوە ، گرنگیەکی زیاتری بە ئاوازەکانی ئۆرکستراکە دەدا زیاتر لە ئنسترومێنتە موزیکییە تەنیاکە .

لە سەدەی (نۆزدیەم)دا جۆری (کۆنسەرتۆی نوێ) سەریهەڵدا ، کە لە ڕێی موزیکناس (فرانز لیست)ەوە بوو ، ئەم جۆرەی کۆنسەرتۆ لە ناوەڕۆکدا بریتی بوو لە کۆکردنەوەو چڕبوونەوەی سەرجەم ئاوازو بەشە موزیکییەکان لە تەنیا جووڵەیەکی موزیکی چڕدا .

(کۆنسەرتۆ) بە شێوەیەکی گشتی لە ڕووی ناوەڕۆكو پێکهاتنەوە بریتییە لە سێ جووڵەی موزیکی بەم شێوەیە .

جووڵەی یەکەم : چالاك و خێرا ڕەوت .

جووڵەی دووەم : خاو ڕەوتو هێمن .

جووڵەی سێیەم : خێرا ڕەوت .

وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا بەشی (کادنزا)ش بەشێوەیەکی سەربەخۆ زیاتر لەپاش جووڵەی یەکەمەوە نمایش دەکرێت . لە داڕشتنی بۆتەی مۆزیکیی کۆنسەرتۆدا تواناو سەلیقەی مۆزیکدانەر ڕۆڵێکی گەورەی دەبێت لە ڕووی کارکردنی لەگەڵ دوو رەگەزی مۆزیکی جیادا .

1- ئنسترومێنتێکی مۆزیکی تەنیا ، دەبێت لە داڕشتنی ئاوازەکانیدا ڕاستەوخۆ توانای ژەنینی مۆزیکژەنەکە لە ئاستێکی مۆزیکی بەرزدا پیشان بدرێت .

2- تیپێکی مۆزیکی ئۆرکسترای هەمە چەشن لە ئنسترومێنتە مۆزیکییەکان، کە دەبێ ئاوازەکانی ڕۆڵی پاشینەیەکی مۆزیکی گونجاو بۆ ئنسترومێنتە تەنیا کە ببینن .

ئەگەر بە وردی بڕوانینە شێوەی بنیادنان و داڕشتن لە کۆنسەرتۆ دانراوەکانی سەردەمە مۆزیکییە جیاجیاکان ، دەبینین لە چاخی (باروك) دا شێوەی داڕشتنی کۆسنەرتۆ بە بۆتەی (ریتور نیللو) بووە ، کە ناوەڕۆکی داڕشتنی ئەم جۆرەی کۆنسەرتۆ بریتی بووە لە دووپات کردنەوەی ئاوازی سەرەکی تیپە ئۆرکستراکە ،کە پێی دەوترێت (ریتورنیللور) پاش نمایشکردنی هەموو ئاوازێکی مۆزیکژەنە تەنیاکە .

وە لەچاخی (کلاسیك)دا شێوەی داڕشتنی کۆنسەرتۆ بریتی بووە لە بۆتەی داڕشتنی مۆزیکی (بۆتەی سۆناتە) ئەمەش بە ڕوونی لە جووڵەی یەکەم دا دیار بووە گونجاوترین نموونەش کۆسنەرتۆکانی مۆزیکناسی کلاسیك (موتزارت)ە .

بەگشتی شێوەی پێکهاتن و داڕشتنی مۆزیکیی لە (کۆنسەرتۆی کلاسیکی)دا بەم شێوەی لای خوارەوە بووە : .

### أ. جووڵەی یەکەم :-

ئەم جووڵەیە لە بۆتەی موزیکی کۆنسەرتۆدا ، تیمپۆیەکی خێرا ڕەوتی هەبووە . لە ناوەڕۆکی ئاوازەکانیدا بە گژاچوون و بەرەنگار بوونەوەیەکی بەردەوامی لە نێوان ئنسترومێنتە موزیکییە تەنیاکە و ئۆرکستراکەدا بینیووە ، کە سەرەنجام بووەتە هۆی هەمە جۆربوونی مەقام و پەیژە موزیکییەکان .

بەگشتی لە داڕشتنی ئەم جووڵەیەدا پێکهاتەی ئاوازەکان بەم شێوەیە بووە: .

1) ژەنینی ئاوازێك لە شێوەی (ڕیتورنیللو)دا ، لەلایەن هەموو ئۆرکستراوە لەسەر بنەمای مەقام و پەیژەی موزیکی سەرەکی و پیشاندانی هەندێك لەو بیرۆکە موزیکییە سەرەکیانەی ، کە بەشی (نمایشکردن)ی لەسەر دادەرێژرێت .
2) بەشداربوونی موزیکژەنە تەنیاکە بە بابەتێکی موزیکی چڕ ، کە لە ناوەڕۆکدا پێکهاتووە لەو ئاوازانەی ،کە دواتر بوونەتە هۆی دروستبوونی بەشی نمایشکردن . ئەم ئاوازانە لە ڕووی پێکهاتنەوە کاریگەری ئاوازەکانی پێش خۆیان لەسەر بووە . لەم بەشەدا تیپە ئۆرکستراکە بوونەتە پاشینەیەکی گونجاو بۆ ئنسترومێنتە موزیکییە تەنیاکە و دواتر لە کۆتایی بەشی (نمایشکردن)دا بە ئاوازێکی چڕ لەکۆتایی ئەم بەشەدا بە هاوبەشی لەگەڵ ئنسترومێنتە موزیکییە تەنیاکە کۆتاییان بە بەشی (نمایشکردن) هێناوەو سەرەتایەك بۆ چوونە ناو مەقام و پەیژەی موزیکی نوێ پیشان دراوە .
3) بەشی هەڵچوونی ئاوازەکان بووە ، ئەمیش بە شۆڕبوونەوە بۆ ناو مەقام و پەیژەی موزیکی نوێ .

4) بەشی دووپاتکردنەوەی نمایشکردن بووە ،کە لە تێکەڵبوونی ئاوازەکانی ئۆرکستراکە(tutti)وئاوازەکانی ئنسترومێنتە موزیکییە تەنیاکە(Solo) پێکهاتووە ، لەگەڵ هەندێك گۆڕانکاری لە فراوانبووندا .

5) بەشی (کادانزا)، تایبەت بووە بە ژەنینی موزیکژەنە تەنیاکە .

6) کلکە بەش (Coda) بە بەشداربوونی موزیکژەنە تەنیاکە و ئۆرکستراکە لەناوەڕۆکی دەستەواژەیەکی موزیکی کورتدا نمایشکراوە .

بڕوانە نموونەکانی لای خوارەوە ، کە دوو نموونە لە ئاوازی ئۆرکستراو ئنسترومێنتی مویزیکی تەنیایە لە جووڵەی یەکەمی کۆنسەرتۆیەك .

نـمـونـە (114)

کۆنسەرتۆی (سۆلی بچووك sol.m) ڤیۆلین – باخ

نموونەیەك لەئاوازەکانی ئۆرکسترا – جووڵەی یەکەم)




نـمـونـە (115)

هەمان نموونەی پێشوو (نموونەیەك لە ئاوازەکانی . Solo ) جووڵەی یەکەم



## ب. جووڵەی دووەم :

بەردەوام ئەم جووڵەیە لە بۆتەی موزیکی (کۆنسەرتۆ)دا تیمپۆیەکی خاو ڕەوت و تا ڕادەیەك گۆرانی ئامێزی (لیرکی) هەیە ، بۆتەی داڕشتنی موزیکیی لەم جووڵەیەدا پەیوەستە بە موزیکدانەرەوە ،کە بۆ خۆی بۆتەیەکی گونجاو بۆ داڕشتنی ئاوازەکانی ئەم بەشە دەدۆزێتەوە ، کە لەگەڵ بیرۆکە موزیکییەکانیدا گونجاو بێت. وە هەمان شێوەی جووڵەی یەکەم لەم جووڵەیەشدا ئنسترومێنتە موزیکییە تەنیاکە ڕۆڵی سەرەکی دەبێت، وە ئۆرکستراکە دەبنە پاشینەی ئاوازەکان .

بڕوانە نموونەیەك لە جووڵەی دووەم:

نـمـونـە (116)

کۆنسەرتۆی (سۆلی بچووك . sol.m) ڤیۆلین – باخ

نموونەیەك لە ئاوازەکانی جووڵەی دووەم



## ب. جووڵەی سێیەم :

ئەم جووڵەیە دوا جووڵەی کۆنسەرتۆ دەبێت ، کە بەردەوام تیمپۆیەکی خێراو تیژ ڕەوتی هەیە . زۆرجار لە داڕشتنی ئەم جووڵەیەدا موزیکدانەر سوود لە بۆتەی داڕشتنی جووڵەی یەکەم وەردەگرێت . وە هەندێ جاریش بە بۆتەی داڕشتنی موزیکیی (ڕۆندۆ) کار لەگەڵ ئاوازەکانی ئەم بەشەدا دەکرێت .

بڕوانە نموونەیەك لە جووڵەی سێیەم .

نـمـونـه (117)

هەمان کۆنسەرتۆی پێشوو – نموونەیەك لە ئاوازەکانی (جووڵەی سێیەم) .




بەگشتی بۆتەی موزیکی ئنسترومێنتیی (کۆنسەرتۆ) ، بەپێی ڕەوتی سەردەمە موزیکییەکان دوو جۆری تری لێ پەیدابووە ، ئەوانیش بریتین لە (کۆنسەرتێنۆ) و (کۆنسەرتۆ گرۆسۆ)، لێرەدا بە کورتی باسیان لێوە دەکەین .

## • کۆنسەرتێنۆ (Concertino):

بە (کۆنسەرتۆی بچووك) ناسراوە ، بریتییە: لە کۆنسەرتۆیەکی بچووك و کورت خایان ، بە هەمان شێوەی داڕشتنی موزیکی (کۆنسەرتۆ) بە شێوەیەکی کورتکراوە لە سنوری کۆمەڵە ئاواز و بەشێکی موزیکی کەمتردا دادەڕێژرێت . زۆرجار ئەو ئۆرکسترایەی ،کە لە ژەنینی ئەم جۆرەی کۆنسەرتۆدا بەشدار دەبێت لە گرووپی ئنسترومێنتە موزیکییەکانییەوە قەبارەیەکی بچووکتری دەبێت . بڕوانە نموونەکانی خوارەوە (جووڵەی موزیکییەکانی کۆنسەرتێنۆ) یەك .

نـمـونـه (118)

کۆنسەرتێنۆ لە پەیژەی (ڕێی گەورە . Re.M) نموونەیەك لە جووڵەی یەکەم – کوهلەر




نـمـونـه (119)

هەمان کۆنسەرتێنۆی پێشوو (نموونەیەك لە جووڵەی دووەم).



نـمـونـه (120)

**هەمان نموونەی پێشوو (نموونەیەك لە جووڵەی سێیەم)**



## • کۆنسەرتۆی گەورە (Concerto grossoo):

دەکرێت وەك فراوانترین جۆری بۆتەی (کۆنسەرتۆ) بناسرێت . لەم بۆتەیەدا ژەنینی ئاوازە تەنیاکانی (Solo) لە ڕێگەی چەند ئنسترومێنتکی موزیکیی و بە هاوبەشی تیپێکی ئۆرکسترای گەورە نمایش دەکرێت .

بۆتەی (کۆنسەرتۆ گرۆسۆ) شێوەیەکی فراوانتر و بەربڵاوتری هەیە لە بۆتەی (کۆنسەرتۆ) لە ڕووی کارکردنی موزیکدانەرەوە لەگەڵ داڕشتنی ئاوازەکاندا، دیارە لە بۆتەی (کۆنسەرتۆ گرۆسۆ)دا ئنسترومێنتە موەزیکییە تەنیاکە پانتاییەکی فراوانتری دەبێت وە ئاوازەکانی ،کە بۆی دەنووسرێت تایبەت دەبێت بە زیاتر لە ئنسترومێنتێکی موزیکیی ، سەرەنجام ئەمە دەبێتە هۆی زیاتر فراوانبوونی بۆتەی داڕشتنە موزیکییەکە .

بڕوانە نموونەیەك لەم جۆرەی کۆنسەرتۆ.

نموونە (121)

نموونەیەك لە کۆنسەرتۆکانی (براندبۆرگ) جووڵەی یەکەم – یۆهان سباستیان باخ



## • سیمفۆنی (Symphony):

یەکێکە لە بەرفراوانترین بۆتە موزیکییەکان ،کە زۆرجار لە موزیکناسەکانی سەردەم و چاخە موزیکییەکان بەگرنگییەوە کاریان بۆ فراوانبوون و گەشەسەندنی کردووە .

وشەی (Symphony) لە بنچینەدا لە وشەی (Syn)ی لاتینی بەواتای ( لەگەڵ )وە وشەی (Phone) بە واتای (دەنگ یان نەغمە) دێن ، کە هەردوو وشەکە واتا (لەگەڵ دەنگ) هاتووە . یان بە واتایەکی تر وشەی (سیمفۆنی) بە دوو دەنگی موزیکی یان زیاتر وتراوە ، کە لەیەك ساتەوەختدا بیستراوە .

مێژووی سەرهەڵدانی سەرەتاییترین نموونە لە بۆتەی موزیکی (سیمفۆنی) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1710)ی زاینی ، هەردوو موزیکناس (کارل فیلب ئیمانۆئیل باخ)ی ئەڵمانی و (سمارتینی) ئیتالی ، لەوساتەدا بنەمایەکی سەرتایی گونجاویان بۆ بۆتەی موزیکی ئنسترومێنتیی (سیمفۆنی) داڕشت . دیارە لە نمایشکردنی سیمفۆنیەکانیان دا تیپی موزیکی ئۆرکسترای بەناو بانگی (مانهایم) ڕۆڵێکی بەرچاو و گەورەیان هەبووە ، بەتایبەت لە وڵاتی ئیتالیا و زۆر جار بەو بۆتە موزیکییە ئنسترومێنتییانە دەوترا (سیمفۆنی) ، کە لە نمایشە شانۆیی و ئۆپێراکاندا وەك پێشەکیەکی موزیکی نمایش دەکرا . وەك بۆتەی (ئۆڤەرتیور) یان (پێشەکی ئۆراتۆریۆ) بۆیە لێرەدا دەکرێت ئاماژە بەوە بدەین ،کە دواتر (سیمفۆنیای کلاسیکی) فراوانبوونی هەمان بۆتەی (ئۆڤەرتیوری ئیتالی) بووە ، کە ڕاستەوخۆ لە شێوەی داڕشتنی موزیکییدا بە شێوەی داڕشتنی (بۆتەی سۆناتا) پەیوەست بووە .

لە سەرەتاکاندا موزیکناسی چیکوسلۆفاکی (یۆهان ستامتز) ، کە یەکێك بووە لە موزیکژەنەکانی ئۆرکسترای (مانهایم) ، زۆر هەوڵیداوە ئەم شێوە

داڕشتنە موزیکییە لە بۆتەی موزیکی (سیمفۆنی)دا بەرجەستە بکات ، بۆیە دواتر سەرجەم موزیکزانەکانی سەردەمە موزیکییە جیاوازەکان بەهەمان شێوەی داڕشتن چەندین شاکاری سیمفۆنیان داڕشتووە .

بەگشی بۆتەی موزیکی سیمفۆنی لە ناوەڕۆکدا لەچوار جوولەی موزیکی جیاواز پێکهاتووە . یەکەم جار ساڵی( 1740 ) ، هەردوو موزیکناس (جۆرج ماتیاس مون)و (سکارلاتی)کاریان بۆ ئەوە کرد ،کە ناوەڕۆکی بۆتەی موزیکی سیمفۆنی لەچوار جوولەی موزیکیدا نمایش بکرێت ، بەڵام لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوەش بدەین کە موزیکناسی بەناوبانگ (جۆزێف هایدن) ، نزیکەی (103) سیمفۆنیای نووسیوە زۆر لە سیمفۆنیەکانی لە (سێ) جوولەی موزیکی پێکهاتوون . دواتر لەکۆتایی سەدەی (نۆزدەیەم)دا جۆرێکی تر لە بۆتەی موزیکی (سیمفۆنی) سەریهەڵدا ، کە ئەویش (سیمفۆنیەی نوێ) بوو ، کە سەرجەم ئاواز و بەشە موزیکییەکانی لە ناوەڕۆکی تەنیا یەك جوولەی موزیکدا پیشان دەدرا . وەك نموونەی شاکارەکانی موزیکناس (سیبیلیوس) .

بەگشتی ناوەڕۆكو پێکهاتەی سیمفۆنیەی کلاسیك بەم جۆرەی لای خوارەوە دەبێت .

## جوولەی یەکەم:

بەردەوام تیمپۆیەکی خێرا ڕەوت و چالاکی هەیە ، ئاوازو بیرۆکەی موزیکی سەرەکی (موتیڤ)ی تیا نمایش دەکرێت . لە ناوەڕۆکی داڕشتنی ئاوازەکانی ئەم جوولەیەدا موزیکدانەر کاربە (بۆتەی سۆناتە) دەکات ، واتا پیشاندانی بەشەکانی (پێشەکی ، نمایشکردن ، هەڵچوونی ئاوازەکان ، دووپات کردنەوەی بەشی نمایشکردن، کلکە بەش یا کۆدا) .

بڕوانە نموونەیەك لە جووڵەی یەکەم بۆتە موزیکی (سیمفۆنی) .

نـمـونـە (122)

بەشێك لە ئاوازەکانی جووڵەی یەکەم لە سیمفۆنیەی ژمارە 1

لە (op.68) – یوهانز برامس –



## جووڵەی دووەم:

ئەم جووڵەیە لە بۆتەی موزیکیی (سیمفۆنی)دا ، بەردەوام هەڵگری تیمپۆیەکی خاو ڕەوت و تا ڕادەیەك (لیرکی)یە ، لە ناوەڕۆکی چەند ئاوازێکدا کە موزیکدانەر بۆ دارشتنیان یەکێك لە ڕێبازەکانی دارشتنی موزیکیی هەڵدەبژێرێت بۆ دڕاشتن و پیشاندانی ئاوازەکان .

بڕوانە نموونەیەك لە جووڵەی دووەم .

نـمـونـه (123)

سیمفۆنیەی ژمارە (5) نموونەیەك لە جووڵەی دووەم – بیتهۆڤن.




## جووڵەی سێیەم:

بەردەوام ڕەوتی خێرایی ئەم جووڵە مامناوەندییە دەبێت بە شێوەیەکی سەمایی بێت ، یەکێك لەو بۆتە سەماییانەی ،کە لە دارشتنی موزیکی پەیرەو کراوە ، بۆتەی (مەنەوێت)ە . لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بدەین ، موزیکناسی ئەڵمانی (بیتهۆڤن) لە زۆربەی سیمفۆنییەکانیدا بۆ دڕاشتنی ئاوازەکانی جووڵەی سێیەم بۆتەی (سکریتزۆ)ی بەکارهێناوە ، ئەویش بۆتەی (مەنەوێت)ە سەرەنجام دارشتنی موزیکی (سێ بەش)ە .

بڕوانە نموونەکانی لای خوارەوە ،کە نموونەی جووڵەی سێیەمی سیمفۆنییەك پیشان دەدات ،کە بە بۆتەی (مەنەوێت) دارێژراوە .

نـمـونـه (124)

سیمفۆنیای ژماره 40 بەشی مەنەویت لە جوولەی سێیەم – مۆتزارت .




نـمـونـه (125)

هەمان نموونەی پێشوو ، بەشی (تریۆ) لە جوولەی سێیەم




## جوولەی چوارەم:

ئەم جوولەیە ، یاخود دوا جوولەی بۆتەی موزیکی ئنسترومێنتیی (سیمفۆنی) زیاتر هەلگری تیمپۆیەکی فرە خێرایە . داڕشتنی ئاوازەکانی ئەم جوولەیە موزیکدانەر زۆرجار هەمان ئەو بنەمایانە بەکار دەهێنێتەوە ،کە لە داڕشتنی جوولەی یەکەمدا کاری پێکردووە ، واتا لە پەیڕەوکردنی بۆتەی داڕشتنی (بۆتەی سۆناتە)وە . دەکرێ ئاماژە بەوەش بدەین ، زۆر موزیکدانەر لە داڕشتنی ئەم جوولەیەدا پشتیان بە بۆتەی داڕشتنی موزیکیی (ڕۆندۆ) بەستووە .

بڕوانە نموونەیەك لە جووڵەی چوارەم لە (سیمفۆنی).

نـمـونـە (126)

سیمفۆنیەی ژمارە (1) بەشێك لە جووڵەی چوارەم – بیتهۆڤن.



# فەرهەنگۆکی وشەو زاراوە موزیکییەکان

# فەرهەنگۆکی وشەو زاراوە موزیکییەکان

## تێبینی

:........

1. ئەم وشەو زاراوە موزیکییانەی ، کە لە ناوەڕۆکی ئەم فەرهەنگۆکەدا هاتوون  هەمە ڕەنگن ، لە زۆربەی زمانە جیهانییەکانی وەك ( ئیتاڵی ، فەرەنسی ، ئینگلیزی ، ئەڵمانی ، لاتینی )یەوە ، بە پێی ڕێزبەندی پیتەکانی زمانی ئینگلیزی یاداشت کراون ، بەرامبەریان واتاکانیان بە زمانی کوردی دەبینن .
2. لە ناوەڕۆکی ئەم فەرهەنگۆکەدا ، زیاتر هەوڵمانداوە ئەو وشەو زاراوانە یاداشت بکەین ،کە تا ڕادەیەك نزیکن لە ناوەڕۆکی بابەتی کتێبەکەوە .

## A

................

| | |
|---|---|
| Accelerando | خێرا بوون لەگەڵ ڕەوتی نۆتە موزیکییەکاندا پلە بەپلە |
| Accelerato | ئەو پەڕی خێرایی |
| Accent | گوشار |
| Accidental | گۆڕانی لەناکاو وتێپەڕ |
| Accolade | کەوانی بەستنەوەی چەند نۆتەیەك پێکەوە |
| Accord | دەنگە چینبووەکان لەسەر یەکتری . ئاوێز |
| Accordion | ئنسترومێنتێکی موزیکییە |

| | |
|---|---|
| Adagio | به لەسەرخۆیی |
| Adagissimo | زۆر به لەسەرخۆیی |
| Addolorato | بەشێوەیەکی خەماوی |
| Adlibitun | بەوخێراییەی ،کە موزیکژەنەکە دیخوازێت |
| Affectuoso | بەسۆزو خۆشەوستیەوە |
| Affrettando | پەلەکردن |
| Agilmente | بەشێوەیەکی سووکەڵە |
| Agitato | بەشێوەیەکی بزوێنەر و دڵخۆشکەر |
| Airdecour | گۆرانی ژوور |
| Alla March | بەشێوەی ڕیتم و تیمپۆی مارش |
| Allargando | بەبڵاوی |
| Allgretto | تاڕادەیەك خێرا |
| Allegro | خێرا |
| Allegro animato | به خێرایی و چالاکانه |
| Allegro assai | تا بکرێت خێرا |
| Allegro moderato | خێراییەکی مامناوەندی |
| Allegro molto | زۆر خێرا |
| Allegro vivace | زۆر خێراو تیژڕەو |
| Alle mande | سەمایەکی میللی ئەڵمانی |
| Alteration | گۆڕان |
| Alto | چینی دەنگیی گڕی ئافرەت |
| Alto clef | کلیلی ئاڵتۆ |
| Amabile | بەخۆشەویستییەوە |
| Amoroso | به نەرم و نیانی |

| | |
|---|---|
| Analysis | شیرۆڤە کردن |
| Ancora | دووبارەکردنەوە |
| Andante | بە هێواشی و بە شێنەیی |
| Andantino | بە شێنەیی ترو هێواش تر |
| Anglaise | سەمایەکی ئینگلیزییە |
| Anglicanchant | جۆرێکە لە گۆرانی کلێسای ئینگلیز |
| Animato | بە زیندوویيەوە |
| Answer | ڕستەی وەڵامدانەوە لە ( فۆگە)دا |
| Anthem | جۆرە سروودێکی ئاینییە |
| Antiphony | وەڵامدانەوەیەکی بەردەوام |
| Aperto | |
| Appassionato | بە ورەبەرزییەوە |
| Appoggiatura | نۆتە وردیلەکان |
| Arabesque | یەکێکە لە جووڵە سەماییەکان لە هونەری ( باڵێ )دا . |
| Arco | ژەنین بە کەوان ( تایبەت بە ئنسترومێنتە ژێدەرەکان )ە . |
| Aria | جۆرە گۆرانییەکی دوو بەشییە لە هونەری ( ئۆپێرا )دا . |
| Arietta | واتا گۆرانی ( ئاریا ) بە شێوەیەکی بچووکتر |
| Arioso | جۆرە گۆرانییەکی ڕیستاتیڤییە |
| Armature | پێناسی پەیژەی موزیکیی و ڕیتم و کلیلی موزیکیی |
| Arpeggio | یەك بە دوای یەك هاتنی دەنگ و نۆتەکانی ئاوازێك بە ئاسۆیی |
| Artsong | گۆرانی هونەری |
| Augmentation | پرۆسێسی زیادکردن لە ( کۆنتراپۆنیت )دا |

# B

.................

| | |
|---|---|
| Bagatelle | پارچە موزیکێکی ئنسترومێنتیی بچووکە |
| Ballade | پارچە موزیکێکی داڕێژراو لەسەر تێکستێکی وێژەیی |
| Ballad Opera | جۆرێکی شانۆی ئینگلیزی نمونەی گۆرانی میللی نمایشکراوە |
| Balle | گۆرانیەکی پۆڵۆنی و ئینگلیزی بووە لەسەدەی (16)دا |
| Ballet | هونەرێکی سەمایییە |
| Balle Music | موزیکی تایبەت بە هونەری سەمایی (باڵێ)یە |
| Bambula | جۆرە سەمایەکی ئەفریقیە |
| Band | تیپ یا گروپ |
| Banjo | ئنسترۆمێنتێکی موزیکییە |
| Bar | خانە یا مازۆر |
| Barcarole | گۆرانی کەشتیەوان |
| Barline | هێلی خانە |
| Baroqe | باروك (چاخێکی موزیکی)یە |
| Baroqe Music | موزیکی چاخی باروك |
| Baruton | یەکەم چینی دەنگی گڕی پیاو |
| Bass | چینی دەنگی گڕی پیاو |
| Bass Clef | کلیلی باس |
| Bassom | ئنسترۆمێنتێکی موزیکی فوییە |
| Bato | داری دەستی ڕابەری ئۆکسترا |
| Beat | زڕمەکانی ڕیتم |

| | |
|---|---|
| Beggaris Opera | جۆرێکە لە هونەری ئۆپێرا |
| Bellcantoo | جۆرە گۆرانییەکە  بە (گۆرانییە جوانەکان) ناسراوە |
| Bemol | نزمۆك یا نەویکەر |
| Berceuse | جۆرە گۆرانییەکە ، بە گۆرانی لانك ناسراوە |
| Binary | بۆتەی داڕشتنی موزیکی دوو بەشی |
| Bis | دووبارە کردنەوە |
| Blanche | جۆرێکە لەکاتی نۆتە موزیکییەکان  (بەبلانش )ناسراوە |
| Blues | جۆرێکە لە موزیك و گۆرانی جاز |
| Bolero | سەمایەکی ئیسپانییە |
| Bop | جۆرێکە لە گۆرانی و موزیکی جاز |
| Bourree | سەمایەکی کۆنی سەدەی (17 ـ 18)یە |
| Bow | کەوان |
| Breve | جۆری نۆتە موزیکییەکانە دوو هێندەی کاتی نۆتەی (ڕۆند) درێژترە |
| Breve best | پشووی بڕێڤ |
| Bridag Passage | بەشی گواستنەوە لە بۆتەی موزیکی ئنسترۆمێنتی سوناتادا |
| Burlesca | پارچە موزیکێکی چالاك و خێرایە |

# C

................

| | |
|---|---|
| Cadence | کۆتایی هاتن |
| Cadenze | ژەنینێکی موزیکیی سەربەخۆ و خاڵی لە ڕیتم و تیمپۆ |
| Calando | خاوترو هێمنتر |

| | |
|---|---|
| Calinda | جۆرە سەمایەکە لەگەڵ موزیکی جازدا نمایش دەکرێت |
| Canona | بۆتەو شێوەیەکی داڕشتنی موزیکییە |
| Cantabile | موزیکێکی گۆرانی ئامێز (لیرکی)یە |
| Cantata | جۆرە ئاوازێکی ئاینییە |
| Canticle | جۆرە لاواندنەوەیەکە ،کە لە کڵێسان دا دەووترێت |
| Cantion ssacrae | سروودە پیرۆزەکان |
| Canto | گۆرانی یا ئاواز |
| Cantofermo | ئاوازە سەقامگیرەکان ، کە بەچەن نۆتەیەك دەووترێت |
| Canzonet | جۆرێکە لە (ماردیگال) ،کە بە (ماردیگاڵی سووکەڵە) ناسراوە |
| Capriccio | پارچە موزیکێکی تەکنیکی تایبەت بە ئنسترۆمێنتە موزیکییەکان |
| Cappella | گۆرانییەکی کڵێسایە ،کە بەبێ موزیك دەووترێت |
| Carol | گۆرانییەکی میللی ئاینییە |
| Castanets | ئنسترۆمێنتێکی ڕیتمیی بچووکە سەماکەرەکان بەکاری دەهێنن |
| Cavatina | گۆرانی ئاریایی بچووکە موزیکناس (موزارت) بۆ یەکەم جار دایهێنا |
| Chaconne | سەمایەکی کۆنە ڕیتمێکی سیانی هەیە |
| Chanber Music | موزیکی ژوور |
| Chanson | جۆرێکە لە گۆرانی (ماردیگال)ی فەرەنسی کۆن |
| Chorale | کۆڕاڵ |
| Chorale Prelude | بەشی سەرەتای کۆڕاڵ |
| Chord | ئاوێز |
| Chours | کۆڕس |
| Chromatic Scalm | پەیژەی ڕەنگین |
| Clarinette | کلارنێت |
| Clavecim | ئنسترۆمێنتی موزیکیی کلاڤیسان |

| | |
|---|---|
| Clefs Music | کلیله موزیکییەکان |
| Closing Notes | هێمای داخستنی نۆتەی میلۆدییەك بە(جووتە هێڵ)دەناسرێت |
| Cada | کلکە بەش |
| Codetta | کلکە بەشێکی بچووك |
| Colorcolorature | هێماو نۆتەکانی نەخشاندن و ڕازاندنەوە |
| Comic Opera | ئۆپێرای کۆمیدی |
| Conposition | پرۆسێسی دانانی موزیك |
| Compound Times | کێشە موزیکییە لێکدراوەکان |
| Concentoos | جۆرە گۆرانییەکی کڵێسایە |
| Conductors | ڕابەری ئۆکسترا |
| Concert | نمایشێکی موزیکیی یا گۆرانیی |
| Conertino | کۆنسەرتۆیەکی بچووك |
| Concerto | کۆنسەرتۆ(بۆتەیەکی موزیکیی ئنسترۆمێنتی)یە |
| Concerto Grosso | کۆنسەرتۆیەکی گەورەوفراوان |
| Concert Stuck | پارچە موزیکە وەك(کۆنسەرتۆ)یە ناوەڕۆکی یەك جووڵەیموزیکی |
| Consonant | ڕێکەوتن و گونجاندنی دەنگەکان پێکەوە |
| Contertalto | چینی دەنگیی گڕی ئافرەت |
| Conter Bass | کۆنتەر باس |
| Conterpoint | زانستی موزیکیی کۆنتراپۆنیت |
| Contra Basson | کۆنترا باسون . ئنسترۆمێنتێکی موزیکیی فوییە |
| Cornet | کۆرنێت . ئنسترۆمێنتێکی موزیکیی فوییە |
| Couplet | ڕستەی موزیکیی یەکەم لە (ڕۆندۆ)دا |
| Courante | سەمایەکی ئیتاڵییە |
| Crescendo | هەڵچوونی دەنگەکان لە نزمەوە بۆ بەرز پلە بە پلە |

| | |
|---|---|
| Croche | جۆرێکە لەکاتی نۆتەکان  بە (کرۆش) دەناسرێت |
| Cyclie Form | بۆتەو فۆرمە موزیکییە بازنەییەکان |
| Cymbol | سەنج ـ ئنسترۆمێنتێکی موزیکیی ڕیتمییە |
| Czardas | سەمایەکی هەنگارییە تیایدا چەند ڕیتمێکی هەمەچەشن دەبیسترێت |

# D

................

| | |
|---|---|
| Dacapo | دووبارە لە سەرەتاوە |
| Dance Music | موزیکی تایبەت بە سەما |
| Dessin Melodigue | شێوەو سیمای هێڵێکی میلۆدی |
| Diapason | دیابازۆن ـ دەنگ پێوەر |
| Diatonic Scale | پەیژەی موزیکیی حەوت دەنگی یا ڕێکخراو |
| Diminuendo | دامرکاندنەوەی ئاستی دەنگ پلە بەپلە |
| Dissonant | دەنگە ڕێکنەکەوتووەکان |
| Divertimento | بەشی (هەڵچوونی ئاوازەکان) لە فۆرمی (سۆناتە)دا |
| Divsions | گۆڕانکاری لە ژەنینێکی سەرەبەخۆدا یا لە (کادانزا)دا |
| Dolce | بەشیرینی |
| Dolore | بەخەماوی |
| Dominant | دەسەڵاتدارو زاڵ |
| Dopo | میانەی موزیکی |
| Doppiotimpo | کێش و ڕەزمی تێکەڵ |
| Dotted Notes | نۆتەی خاڵدار |

| | |
|---|---|
| Double | جۆرێکە لە شێوازی موزیکیی گۆڕانکاری |
| Double Bass | بە ئینسترۆمێنتی موزیکیی (کۆنتراباس) دەووترێت |
| Double bemole | جووتە نزمۆك یا جووتە نەوی کەر |
| Double croche | جۆری کاتی نۆتە موزیکییە بە (دەبڵ کرۆش) دەناسرێت |
| Double sharp | جووتە بڵندکەر یا جووتە بەرزۆك |
| Drammape Music | شانۆگەرییەکی موزیك ئامێز |
| Drammatico | شێوەیەکی دراماییی و هێمن |
| Drum | ئنسترۆمێنتێکی موزیکی ڕیتمییە |
| Duetto | دوانی یا دوو موزیکژەن ، دوو گۆرانیبێژ پێکەوە |

# E

................

| | |
|---|---|
| Ecossaise | پارچە موزیکێکی گۆرانی ئامێزی (لیرکی) سکۆتلەندییە |
| Eguale | پارچە موزیکێکی خەماوی تایبەت بەئینسترۆمێنتی موزیکیی(ترومبۆن)ە |
| Energico | بە چالاکی و هێزەوە |
| Electronic Music | موزیکی ئێلیکترۆنی |
| Elegy | پارچە موزیکێکی خەماوییە |
| Enharmonic Scale | پەیژە موزیکییە دژوارەکان |
| Enunciation | بەشی (نمایشکردن) لە فۆرمی (سۆناتە)دا |
| Episode | بەشی گواستنەوە لە شێوازی (فۆگەدا) |
| Espressivo | بە گوزارشت و دەربڕینەوە |
| Esquisse | پارچە موزیکێکی وێنەیی |

| | |
|---|---|
| Etatfondomental | باری بنکەو بنەڕەتیی ئاوێز |
| Etude | ڕاهێنان |
| Execution | ژەنینێکی موزیکیی |

# F

................

| | |
|---|---|
| Fandango | سەمایەکی ئیسپانییە |
| Fantasia | پارچە موزیکێکە ئاوازەکانی هێمن و خەیاڵین |
| Fermata | هێمای وچان |
| Fertozoo | یەکەم ڤیۆلین ژەن لە گروپی ڤیۆلینەکانی ئۆرکسترادا |
| Finale | بەشی کۆتایی |
| Fine | کۆتایی |
| Folk Song | گۆرانی فلکلۆر |
| Forms | بۆتە |
| Forms Music | بۆتە موزیکییەکان |
| Forte(F.) | توند |
| Fortissomo(F.F) | زۆر توند |
| Forza | بەهێز |
| Forzando | بەهێزکردنی کتوپڕی دەنگ |
| Four Times | کێشە چوارییەکان |
| Free Fantasia | فانتازیایەکی سەربەست |
| Froritura | هێماو نۆتەکانی نەخشاندن و ڕازاندنەوە |

| | |
|---|---|
| Frottola | موزیکێکی گۆرانی ئامێزی ئیتاڵییە |
| Flat | نزمۆك یا نەویکەر |
| Flageolet | دەنگێکی فیکە ئاسا ، تایبەتە بە ژەنینی ئنسترۆمێنتە ژێدەرەکان |
| Flamenco | سەمایەکی کۆنی ئیسپانییە |
| Flautone | فلوتە ئاڵتۆ ـ ئنسترۆمێنتێکی موزیکیی فوییە |
| Flute | فلوت ـ ئنسترۆمێنتێکی موزیکیی فوییە |
| Fuga | بۆتەیەکی موزیکییە ، وە یەکێکە لە شێوەکانی داڕشتنی موزیکیی |
| Fundemental Chord | ئاوێزە بنچینەییەکان |
| Fundemental Note | نۆتە بنچینەییەکان |
| Furioso | بە توندو تیژی و بە ڕقەوە |

# G

................

| | |
|---|---|
| Galanteres | جۆرە سەمایەکە هەندێجار لەبۆتە موزیکیە سەمایی‌سویت هەیە |
| Galliard | سەمایەکی کۆنی چالاکی ئینگلیزییە |
| Gavotte | سەمایەکی فەرەنسییە |
| Gigue | سەمایەکی ئیتاڵییە |
| Glee | جۆرە گۆرانییەکی ئینگلیزییە |
| Glissando | خلیسکاندنی دەنگە لە ژەنیندا |
| Grand Opera | جۆرێکە لە هونەری (ئۆپێرا) ناوەرۆکێکی فراوانی هەیە |
| Grave | زۆر بە خاوی |
| Gregorian Song | گۆرانی گریگۆری |

Grelot ئینسترۆمێنتێکی موزیکیی ڕیتمییه
Gruppetto کۆمەڵە ووردە نۆتەیەکی نەخشین و جوانکار
Guitar گیتار ـ ئینسترۆمێنتێکی موزیکییه

## H

................

Harmonica هارمۆنیکا . ئنسترۆمێنتێکی موزیکیی فوییه
Harmonic Scales پەیژه موزیکییه گونجاو و هاودەنگەکان
Harmony هاودەنگی
Harpe هارپ . ئنسترۆمێنتێکی موزیکییه
Harpsichord هاربسیکۆد . ئنسترۆمێنتێکی موزیکییه
Homophony یەکگرتن و گونجانی دەنگەکان پێکەوه
Horm هۆرن . ئنسترۆمێنتێکی موزیکیی مسی فوییه

## I

................

Idee Fixe بابەتی موزیکیی سەرەکییه لە میلۆدیەکدا
Idylidyll پارچه موزیکێکی ڕۆمانسییه
Imitation بەشی دوو پات کردنەوه لە بۆتەی موزیکیی (فۆگە)دا
Imperfect Cadence کۆتایی هاتنێکی ناتەواو

| | |
|---|---|
| Imporomptu | پارچە موزیکێکی ئنسترۆمێنتیی بچووکە |
| Improvisation | ژەنینی موزیکێکی سەربەخۆ و خاڵی لە ڕیتم و تیمپۆ |
| Incidental Music | موزیکی وێنەیی |
| Instrumental Music | موزیکی ئنسترومێنتیی |
| Instrumentetion | دابەشکردنی موزیکیی بۆ ئنسترومێنتە موزیکییەکان |
| Interiude | مەودای موزیکی کورتە لە نێوان دوو بەشی موزیکییدا پیشان دەدرێت |
| Intermizzo | پارچە موزیکێکی کورتە لە ناوەندی کاری ئۆپێرایی پیشان دەدرێت |
| Intervals | مـیـانـە |
| Interrupted Cadence | کۆتایی هاتنێکی کتوپڕ |
| Invention | جۆرە داهێنانێکە لە ژەنینی سەربەخۆدا بۆ یەکەم جار باخ گرنگی پێداوە |
| Inveresion | هەڵگێرانەوەی ئاواز لە زانستی ( کۆنتراپۆنیت ) دا |
| Inveresion Chords | هەڵگێرانەوەی کۆرد یا ئاوێز |

## J

................

| | |
|---|---|
| Jazz Band | تیپ یا گروپی موزیکیی جاز |
| Jazz Music | موزیکی جاز |
| Jota | جۆرە سەمایەکی کۆنە |
| Just Note | نۆتەی بنکە یا ڕەگە نۆتە |

# K

................

| | |
|---|---|
| Kazoo | ئنسترۆمێنتێکی موزیکیی فوییه  له موزیکی (بلوز)دا بەکار دێت |
| Key | کـلـیل |
| Key bourd | کلیلـگه |
| Key Note | بـــنــکه |
| Klavier | کلاڤیر . ئنسترۆمێنتێکی موزیکییه |

# L

................

| | |
|---|---|
| Large | به فراوانیی و به بڵاویی |
| Larghetto | تاڕادەیەك به فراوانیی |
| Leading Note | نۆتەی هەستیار یا نەسرەوت |
| Ledier | یەکەم موزیکژەنی کۆمەڵە ژەنیارێکی یەك جۆر ئنسترۆمێنتی موزیکیی |
| Leit Motive | لایت مۆتیڤ . له هونەری ئۆپێرادا دەبیسترێت |
| Legato | بەستنەوە |
| Leggiero | بەسادەیی |
| Lento | بـەخـــاوی |
| Lesto | بەهێز و بەزیندوویی |
| Liaison | کەوانی بەستنەوەی نۆته به یەکدییەوە |

| | |
|---|---|
| Libretto | پارچە تێکستێکی بە میلۆدی کراو لە ( ئۆپێرا ) یا ( ئۆراتۆریۆ) |
| Lied | گۆرانییەکی میللی بەناوبانگی ئەڵمانییە |
| Light Opera | ئۆپێرایەکی سووکەڵەو سادە |
| Loure | سەمایەکی کۆنە کە لەسەر ڕیتمی سیانی دەڕوات |
| Lute | ئنسترومێنتێکی موزیکییە کە بە ( لیوت ) یا ( عود ) ناسراوە |

# M

................

| | |
|---|---|
| Madrigal | بۆتەیەکی گۆرانی ئامێزە ، هەڵگری بابەتێکی دنیاییە |
| Maggior | پەیژەی گەورە |
| March | مارش ـ جۆرە موزیکێکە |
| Marzial | یەکێکە لە خەسڵەتەکانی موزیکی مارش |
| Mass | ماس ـ گۆرانییە پیرۆزەکان |
| Mazurka | سەمایەکی پۆڵۆنییە |
| Mediant | نـــاوەنــد |
| Melody | ئـــــــاواز |
| Melodrama | نمایشێکی شانۆییە بە هاوبەشی موزیك |
| Membre Music | بەشی موزیکـــیی |
| Mesto | خــەمــــــاوی |
| Meronome | میترۆنۆم ـ پیشاندەری ڕیتم و تیمپۆی ڕیتم |
| Mezzo Forte(m.f) | تا ڕادەیەك بە هیچز و توند |
| Mezzo Piano(m.p) | تا ڕادەیەك لاواز و هێمن |

| | |
|---|---|
| Mezz.Soprano | چینی دەنگی تیژی ئافرەت و منالٚ |
| Minore Scale | پەیژەی بچووك |
| Minuet | مەنەوێت ـ موزیکێکی سەماییە |
| Moderato | خێراییەکی مامناوەندی |
| Modulstion | گۆڕانکاری مەقامی |
| Mondy | یەك دەنگ |
| Monophony | یەك هێڵی موزیکیی |
| Mosso | کەمتر |
| Motit | جۆرێکە لە گۆرانی ئاینیی کلێسا |
| Motive | بیرۆکە |
| Movement Music | جووڵەی موزیکیی |
| Musette | جۆرە سەمایەکی کۆنە |
| Music | موزیك |

## N

................

| | |
|---|---|
| Natural | ڕاستۆك |
| Notation | بە نۆتە کردن |
| Note Music | نۆتی موزیك |
| Notesensible | نۆتەی هەستیار یا نەسرەوت |
| Notes Tonales | نۆتە مەقامییەکان |
| Notturno | جۆرە گۆرانییەکە به ( گۆرانی ئێواران ) ناسراوه |

# O

................

| | |
|---|---|
| Oboi | ئۆبۆ . ئنسترومێنتییێكی موزیكیی فوییپه |
| Octet | هەشتینه ـ گروپێكی موزیكیی پێكهاتوو له هەشت موزیكژەن |
| Octave | دەنگی لوتكه |
| Opera | ئۆپێرا |
| OpeComique | جۆرێكه له ئۆپێرا لەناوەڕۆكدا جگه له میلۆدی گۆرانی دیالۆگی تیایه |
| Opus | كۆمەڵه یا گروپ . كەتایبەتەبه ڕیزبەندكردنی بەرهەمه موزیكیەكانیدانەر |
| Oratorio | ئۆپێرای ئاینیی |
| Orchestra | ئۆركسترا |
| Orchestration | دابەشكردنی ئۆركسترایی |
| Orchestrala Score | كۆرێچكەی ئۆركسترا |
| Orgue | ئۆرگ . ئنسترومێنتێكی موزیكییه |
| Overture | ئۆڤەرتیور ـ بۆتەیەكی موزیكییه |

# P

................

| | |
|---|---|
| Prarlleimotion | جووڵەیەكی یەك بەدوای یەكداهاتوو |
| Partition | كۆرێچكه |
| Partita | موزیكێكه وه بۆتەی موزیكیی (سویت)ی سەمایی |

| | |
|---|---|
| Part Song | جۆرە گۆرانییەکی کۆڕاڵییە |
| Passaca Glia | سەمایەکی ئیتاڵییە |
| Passege | ڕستـــــــە |
| Passe Pied | سەمایەکی فەرەنسییە لەسەر ڕیتمی سیانییە |
| Passion Music | نمونەیەکیی موزیکییە لە ( ئۆراتۆریۆ )دا |
| Pastorals | موزیکی دێهاتی |
| Patriotic Song | گۆرانی نیشتیمانی |
| Pause | وچان |
| Pavane | سەمایەکی ئینگلیزی خاو ڕەوتە |
| Periode | دەستە واژە |
| Precussion Band | تیپێکی موزیکیی ڕیتمیی |
| Perfect Cadence | کوتایی هاتنێکی تەواو |
| Phrase | ڕستە |
| Piano | پیانۆ . ئنسترومێنتێکی موزیکییە |
| Piano(P.) | هێمن |
| Pianissimo(P.P) | زۆر بە هێمنی |
| Piccolo | پیکلۆ . ئنسترومێنتێکی موزیکیی فوییە |
| Pitch | چین |
| Piecely rigue | جۆرە گۆرانییەکی کورت و بچووکە |
| Pizzicato(Pizz.) | بە پەنجە |
| Plagal Cadence | کۆتایی هاتنی ئاینیی |
| Polanaise | سەمایەکی پۆلۆنییە |
| Popular Song | گۆرانی جەماوەری |
| Postlude | کۆتایی هاتنی پارچە موزیکێك |

Potpourri — گۆڕانکاری

Prelude — جۆرە موزیکێکە بە (پپەکی) ناسراوە

Presto — چەند بکرێ خێرا

Programme Music — موزیکی پرۆگرامیی

Prologo — دەروازە یان دەسپێك ـ لە هونەری ئۆپێرادا هەیە زیاتر

## Q

................

Quardriplecroche — جۆرێکە لەکاتی نۆتەکان بە( کوارترێبڵ کرۆش )دەناسرێ

Quarte — میانەی چواری

Quartet — چوارینە

Quiet — هێمن و خاو

Quinte — میانەی پێنجەم

Quintet — پێنجینە

Quodlibet — جۆرە موزیکێکی کۆمیدییە

## R

................

Ragtlme — موزیکی سەمایی

Recitative — ڕیستاتیڤ ـ شێوەیەکە لە وتنی گۆرانی

Refrain دیارترین بەشە یا میلۆدی لە گۆرانیدا ،کە لە گۆرانی کوردییدا بە(سەبەند)دەناسرێت
Relative Chords ئاوێزە نزیك و ئاشناکان بە یەکدی
Rinvoi جۆرێکە لە هێماکانی گەڕانەوە یا دووپاتکردنەوە
Redublement میانە موزیکییەکان
Rest وچان
Requime مارشی جەنازەیی
Rhapsody گۆرانییەکی میللی هەنگاری بووە کە دواتر وەك موزیکێکی سەربەخۆ ناسراوە
Rhytm ڕیتم
Ripieno بەشێکی موزیکیی نا سەرەکییە لە بۆتەی ( کۆنسەرتۆ ) دا
Ritardando خاوکردنەوە پلە بە پلە
Ritorenello بەشێکی موزیکیی کورت بووە پێش و پاش گۆرانی وتراوە
Romance موزیکێکی ئنسترومێنتییەو شێوەیەکی گۆرانی ئامێزی هەیە
Rubato سەرەبەستی و نەرم و نیانی بە لەبەر چاوگرتنی ڕیتمی سەرەکیی

# S

................

Saraband سەمایەکی ئیسپانییە
Saxofone سەکسیفۆن ـ ئنسترۆمێنتێکی موزیکیی فوییە
Scale پەیژە
Schrezo بۆتەیەکی موزیکیی سەمایییە
Scherzando بەخۆشی و گاڵتە بازییەوە
Secco موزیکێکی وشك

| | |
|---|---|
| Serenade | جۆرو موزیکێکی سووکەڵەیە |
| Serenata | کانتایەکی ئاینییە |
| Serioso | بەشێوەیەکی ڕێك و ڕاست |
| Service | جۆرە ئاوازێکی کلێسای ئینگلیزییە |
| Septuor | موزیکێکی تایبەتە بە ژەنینی حەوت ئنسترومێنتی موزیکیی |
| Shrap | بڵندکەر یا بەرزۆك |
| Sicilando | سەمایەکی کۆنی سەدەی هەژدەیەمە |
| Simitone | نیوە دەنگ |
| Siur | کەوانی بە یەکەوە بەستنەوە |
| Solo | تەنیا |
| Solveggio | ڕاهێنانی تایبەت بە دەنگی مرۆیی |
| Sonata | بۆتەیەکی موزیکیی ئنسترومێنتیی فراوانە |
| Sonatadecamera | سۆناتەی ژوور |
| Sonatadeohiesa | سۆناتەی کلێسا |
| Sonatina | سۆناتەیەکی بچووك |
| Song | گۆرانی |
| Song Cycle | کۆمەڵێك لە جۆری گۆرانی ( لید ) پێکەوە |
| Songsform | بۆتە گۆرانی ئامێزەکان |
| Sono meter | دەنگ پێوەر |
| Sostenuto | بەهێمنی و لە سەرخۆیی |
| Spicato | بەپچڕپچڕو هەڵبڕینی کەوان لەسەر ژێکان |
| Spirito | بەدڵ و گیان |
| Stabat mater | چەند تێکستێکی(کاسۆلیکی)بە میلۆدی کراوە کەتایبەتە بەکاتی دیاری کراو لە کلێسادا |
| Staccato | پـــچـــڕ |

| | |
|---|---|
| Stave Music | پلیكانە یان پەیژەی موزیك |
| String | ژێ |
| Stringendo | بە لەسەرخۆیی |
| Suite | بۆتەی موزیكیی سەمایی سویت |
| Susdominante | دەنگی سەرووی دەنگی زاڵ و دەسەڵاتدار |
| Suspend Cadence | كۆتایی هاتنێكی هەڵواسراو |
| Sustonique | دەنگی سەرووی دەنگی بنكە |
| Symphony | بۆتەیەكی موزیكیی ئنسترومێنتی فراوانە |
| Symphony Poem | هۆنراوەی سیمفۆنی ـ بۆتەیەكی موزیكیی سەرەبەستە |

# T

................

| | |
|---|---|
| Tambour | ئنسترومێنتێكی موزیكیی ڕیتمییە |
| Tarantella | سەمایەكی ئیتاڵی‌یە و لەسەر ڕیتمی سیانییە |
| Tempo | خێرایی یا تیژڕەوی ڕیتم |
| Teneramente | بە نەرم و نیانی |
| Tenor | چینی دەنگیی تیژی پیاو |
| Terzetto | جۆرە گۆرانییەكە ،كە بۆ سێ گۆرانیبێژ دەنوسرێت |
| Thema | تێما ـ بیرێكی سەرەكیی |
| Tree Times | كێشەی سێ زرمەییەكان |
| Timpani | تیمپانی . ئنسترومێنتێكی موزیكیی ڕیتمییە |
| Toccata | موزیكێكی تایبەتە بە هەردوو ئنسترومێنتی موزیكیی پیانۆ و ئۆرگ |

| | |
|---|---|
| Tonality | ڕەگەزی مەقام یا پەیژەی موزیکیی |
| Tone | دەنگ |
| Tonique | دەنگی بنکە |
| Tremolo | ووردکردنەوەو لەراندنەوەی دەنگ |
| Triangle | سێگۆشە ـ ئنسترومێنتێکی موزیکیی ڕیتمییە |
| Triad Cords | ئاوێزی سیانی |
| Tribl croche | جۆرێکە لە کاتی نۆتەکان کە بە ( ترێبڵ کرۆش ) دەناسرێت |
| Trill | لەرزاندنی دەنگ |
| Trio | تریۆ ـ بەشی دووەم لە موزیکی سەمایی ( مەنوێت ) دا |
| Tuba | توبا ـ ئنسترومێنتێکی موزیکیی فویی مسییە |
| Tutti | هەموو |

# U

................

| | |
|---|---|
| Unisono | هاوچین |

# V

................

| | |
|---|---|
| Variation | بۆتەی موزیکیی گۆڕانکاری |
| Veloce | بە خێرایی و گورجوگۆڵیی |

Vibrato لەرینەوەی دەنگ

Vigoroso بە زیندوویی

Viola ڤیۆلا ـ ئنسترومێنتێکی موزیکیی ژێدارە

Violin ڤیۆلین ـ ئنسترومێنتێکی موزیکیی ژێدارە

Violincello ڤیۆلینسێللۆ یا چەلۆ ـ ئنسترومێنتێکی موزیکیی ژێدارە

Virtouoso بەسەلیقەترین موزیکژەنی گروپێکی موزیکی لە یەك ئنسترومێنت

Vivo بە چالاکی

Vocal Composition دانانی موزیکی مرۆیی

Vocal Music موزیکی مرۆیی

Voluntary پارچە موزیکێکی (ئۆرگ)ی کلێسایە لە پاش نوێژی کلێسا دەژەنرێت

# W

.................

Wagne Tubas جۆرێکە لە ئینسترومێنتی موزیکیی فویی (توبا) کە بە (واگنەر توبا) دەناسرێت

Walts سەمای ڤالس

Whistel فیکە

Work Song گۆرانی کار

# X

.................

Xylophone ئەکسلیفۆن ـ ئنسترومێنتێکی موزیکییە

# Z

................

Zingara Music — موزیکی زەنجییەکان

# سەرچاوەکان


## بە زمانی کوردی

:...........................

1. تیۆرەکانی مۆسیقا ـ سەلاح ڕەئوف
2. بنەماکانی مۆزیك

دانانی : ولیەم مۆزیك

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی : ع . ج . سەگرمە

## بە زمانی عەرەبی

:....................

1. التأليف الموسيقى : تأليف: س . ث . ديظى

ترجمة : د . سمحة الخولي

2. قواعد موسيقى الغربية وتذويقها:

تأليف : محمد محمود سامي

3. كيف تتذوق الموسقى : تأليف : أرنولد كثلاند

ترجمة : محمد رشاد بدران

4. تأريخ موسيقى العالمية: تأليف: ثيودم فيني

ترجمة : د . سمحة الخولي

5. الثقافة الموسيقية :

تأليف: صالح عبدون

6. تراث الموسيقى العالمية: تأليف: كورت زاكس

ترجمة : د . سمحة الخولي

7. الموسيقى والحضارة : تأليف: هوطو لانجنتريت

ترجمة : د . أحمد حمدي محمود

8. الموسيقى السيمفونية :

تأليف : د . حسين فوزي

9. دعوة الى الموسيقى:

تأليف مايسترو : يوسف السيسي

10.مع الموسيقى العالمية :

تأليف : د . طارق حسون فريد

11.فن الموسيقى :

ترجمة و أعداد : فاضل جاسم الصفار

12.الموسيقى في عصر الرومانتيكي : تأليف: ألفرد أنشتين

ترجمة : د . أحمد حمدي محمود

13.تمهيد فن الموسيقى : تأليف: ماكس بنشار

ترجمة : محمد رشاد بدران

14.من خلال منظار الاوثرا: تأليف: أيرين جاس

هربرت ظانشتوك

ترجمة : محمد رشاد بدران

15.حول نشؤ الاوثرا و تطورها : غانم محمود

16.منهج مادة (علم الفورم): للأستاذ . د خالد أبراهيم

كلية فنون الجميلة ـ قسم الموسيقى ـ جامعة بغداد
17.مجموعة أعداد من مجلتي (القيثارة)و(الثقافة الأجنبية)

## به زمانى ئينگليزى

...........................

1.Acompantion To The Orchestra
By. Norman Delmar
2. Harvard Dictionary of music
By . Willia Pel
3. The Pana B ook of opera
By. Arthur Jacobs
Stanley Sadie
4. Music for Analysis
By. Thomas Benjawin
Michael Horvit
Robert Nelson
5. AHISTORY OF WESTERN MUSIC
By. Donald J. Grout
Claude V . Palisca

## زنجیره کتێبی ئینستوتی کەلەپوری کوردستان

| زنجیره | ناوی کتێب | ناوی نوسەر | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| 1) | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی | سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر | 2005 |
| 2) | دەروازەیەك بۆ بۆتەکانی موزیك | غەمگین فەرەج | 2005 |